چارەنوسی زیاتر
لە ٥٠٠ خوێندکار نادیارە
2

ماستۆربەیشن
خووە یان نەخۆشی؟
7

دوورگەو
بەسەرهاتەکانی
12





نم نم
سەرنووسەر: شوان ئادەم ئەیڤەس
لە خەڵکەوە بۆ خەڵک
18 www.Nnmnm.com رۆژنامەیەکی کولتوریی گشتییە
یەکشەممە 2010/4/4
نرخ: 750دینار


# پیاوێک چوار ئەندامی خێزانەکەی دەسوتێنێت

2

## ٨٢٪ی گەنجان پشکنینی خوێن لەهاوسەرگیریی پاشگەزیان ناکاتەوە



لەهەرێمی کوردستاندا هەزارو نەوەدو شەش منداڵ نەخۆشی سالاسیمایان هەیەو باجی گرێبەستی هاوسەری دایکو باوکیان دەدەن، بەپێی ئامارەکانیش لەسلێمانی ٧٨٦، لەدهۆک ٦٢٠، لەهەولێر ٥٠٠هاووڵاتی نەخۆشی سالاسیمایان هەیەو رۆژانەو مانگانەو ساڵانە بەدووی خوێندا دەگەڕێن.
ژیان کەریمی تەمەن ٣٤ساڵ منداڵە چوار ساڵەکەی لەباوەشی نابوو، لەبەر دەرگای نەخۆشانەیەکدا دانیشتبوو، ئاماژەی بەوە دەدا کە لەو رۆژەوەی ئەو منداڵەیان بووە، بەڕێگای نەخۆشخانەوە بوون، «پەشیمانم لەو هاوسەرگیریەش کردم لەگەڵ، کەمالی خۆشەویستمدا، چونکە هیچ خۆشیەکمان نەدی تەنها خەم نەبێت بۆ منداڵەکەمان».

5

## نەوەی نوێ

### بەمۆدێل ناو دەگۆڕن

بەپێی ئامارێکی خانەی دادی هەڵەبجە، تەنها لەماوەی سێ مانگی ئەمساڵدا، ٧٢کەس ناوو تەمەنیان گۆڕیوەو رێژەکەش بەردەوام ڕوو لەزیادبوونە، هاوکات چەندین سکاڵاش لەلایەن گەنجانەوە لەسەر بەخێوکەرەکانیان تۆمارکراون.
هەر یەکێک لەو گەنجانەی ناوی خۆیان دەگۆڕن، بەهانەیەک دەکەنە هۆکاری گۆڕینی ناوەکانیان. هەندێکیان پێیانوایە هەر لەسەرەتاوە باوکو دایکیان ناوێکی ناخۆش و هەڵەیان بەسەردا بڕیونو هەندێکی تریشیان باس لەوە دەکەن کە ئەو ناوانەی پێشتر هەیانبووە لەگەڵ کەسایەتی خۆیاندا نەگونجاوە، ئەوە جگەلەو گەنجانەی، کە بە وتەی خۆیان لەبەر گونجاندنی ناوی خۆی لەگەڵ ناوی خۆشەویستەکەیدا ناوەکانیان دەگۆڕن.

3

## کچێک

### لەئاوی خاپوردا دەدۆزرێتەوە

دوای ئەوەی لەگەڵ خێزانەکەیدا بەمەبەستی سەیران کردن دەچێتە دەرەوە، سارای تەمەن چوار ساڵ دەکەوێتە ئاوی خابورەوەو تەرمەکەشی دوای سێ رۆژ دەدۆزرێتەوە، هاوکات لایەنە پەیوەندیدارەکانیش جەخت لەوە دەکەنەوە کە ئەو ڕووداوە قەزاوقەدەر بووە.
«لەگەڵ دوو خێزانی دیکەدا رۆیشتبووین بۆ گوندی دۆلا بۆبەسەربردنی کاتێکی خۆشو سەیرانکردن، بەڵام خۆشیەکەمان بووە گریانو ناخۆشی، تا دوای نیوەرۆش سارا لەگەڵماندابوو هیچ کێشەیەک نەبوو، دواتر لەپڕ دیارنەماو ژیانی لێ تاریک کردین»، باوکی سارا بەو جۆرە بەسەرهاتی ئەو رۆژەی دەگێڕایەوە، کە کچەکەی تیا لەدەستچوو.
مەلا غیاس دولی، باوکی ساراو پێشنوێژو وتارخوێن، لەکاتی قسەکردنیدا بۆ مەرگی ناوادەی کچەکەی تەواو غەمبار بوو، هەربۆیە بەچاوانێکی پڕ لەفرمێسکەوە باسی لەوە کرد کە هەرگیز ئەو رۆژەی بیرناچێتەوە، «ئەگەر لەخەونیشمدا ئەو ڕووداوەم بینیبا باوەڕم نەدەکرد».

3

## چۆن بەسەر دڵەڕاوکێی تاقیکردنەوەکاندا زاڵ دەبن

8

## نهێنی

### سەرکەوتنی ژیانی هاوسەریی

هاوارد مارکمەن، پزیشکی دەروونناس لەزانکۆی دینۆر لەو بڕوایەدایە کە خۆشەویستی دروستو پابەندبوون بەپەیوەندیی ژنو مێردایەتی بۆ سەرکەوتن لەهاوسەرگیریدا پێویست نییە، هۆکارێک کە لەسەرووی هەموو ئەو شتانە پێویستە، شارەزایی لەگفتوگۆ کاریگەرەکانو کۆنترۆڵکردنی مشتومڕەکانە.
د.مارکمەن بەهاوکاری د.کلیفۆرد نۆتاریس لەزانکۆی کاتۆلیکی ئەمریکا، ١٣٥ ژنو مێردیان لەم بوارەدا خستە بەر لێکۆڵینەوەو دۆخی ئەوانیان تاوتوێ کرد.

6

## کوشتنی دوعا

### کۆتایی بە خۆشەویستی هێنا؟

سێ ساڵ بەر لەئێستا لەیەکێک لەناوچەکانی هەرێمی کوردستان چیرۆکی کوشتنی دوعا نووسرایەوە، چیرۆکێکی تراژیدی کە نەک بەتەنها کورد بەڵکو کۆمەڵگەی مرۆیی هەژاندو خرایە نێو لیستی خاڵبەندی ئەو چیرۆکە تراژیدیانەی کە پڕن لەتاوانی کوشتنو هەتککردنو سووکایەتیکردن بەژن، بەڵێ دوعا ئەو کچە ئاشقە تەمەن حەڤدەساڵانە بوو کە لەلایەن قەومو خوێشەوە نزیکو دوور، کەم تازۆر لەژێر ئاڵای «نا بۆ ئەشق، بەڵی بۆ مەرگ»دا.

7

## دوو ژن

### دەنێردرێنە بۆشایی ئاسمان

وڵاتی چین بەمدواییانەو بۆ یەکەمینجار دوو ژنی وەک گەشتیاری بۆشایی ئاسمان هەڵبژاردووەو ئەو دوانەی بۆ بەشداری لەتاقیگەی داهاتووی بۆشایی ئاسمانی ئەو وڵاتە کە بەشێکە لەبەرنامەکانی بۆشایی ئاسمانی چین، بانگهێشت کردووە.
بەپێی راپۆرتی زی نیوز وڵاتی چین بەهیوایە سێیەمن مانگی دەستکردی ئۆتۆماتیکی خۆی لەساڵی 2013دا بنێرێتە سەر مانگ. سێیەمین مانگی دەستکردی ئۆتۆماتیکی (چانگ ئی 3) لەساڵی 2013دا سەفەری خۆی بۆ مانگ دەستپێدەکاتو چاوەڕوان دەکرێت تا کۆتایی ساڵی 2017 ئەرکەکانی خۆی لەسێ قۆناغدا تەواو بکات.

16

## رێژەی گەنجانی ئالودەبوو بەمادە هۆشبەرەکان لەزیادبووندایە

پ، سلێمانی:

لەماوەی مانگێکدا نزیکەی ٣٠کیلۆ لەمادده هۆشبەرەکان دێتە ناو هەرێمی کوردستانەوەو بەشێکی کەمی ئەو ماددانەش دەستی بەسەردا دەگیرێت، هاوکات زیاتر لە ٧٢بازرگان کە بازرگانی بەو ماددانەوە دەکەن دەستگیرکراونو پتر لە ٧٢٠هاووڵاتی هەرێمی کوردستانیش ئالودەی بەکارهێنانی ئەو ماددەیە بوون کە زۆرینەیان گەنجن.
ئامانج عەبدوڵلا، وتەبێژی رەسمی کۆمەڵەی قەڵاچۆکۆدنی ماددە هۆشبەرەکان لەهەرێمی کوردستان، لەلێدوانێکی تایبەت بەنم نم ڕایگەیاند کە تەنها لەماوەی مانگێکدا ٢٠ تا ٣٠ کیلۆ لەمادده هۆشبەرەکان لەسنورەکانی ئێرانەوە دەهێنرێنە ناو هەرێمی کوردستانەوەو بەشێکی کەمی ئەو ماددانەش دەستی بەسەردا دەگیرێت، «تائێستا زیاتر لە ٧٢ بازرگانی ئەو ماددانە دەستگیرکراونو بەپێی یاسا حوکمدراون، بەپێی پێوەرێکی جیهانیش، بۆ هەر بازرگانێک ١٠بەکارهێنەر پێویستە، بۆیە ژمارەی بەکارهێنەرانی ئەو ماددانەش بەپێی ژمارەی بازرگانە دەستگیرکراوەکان، زیاتر لە ٧٢٠کەسە».
وتەبێژی کۆمەڵەی قەڵاچۆکردنی ماددە هۆشبەرەکان، جەخت لەوە دەکاتەوە کە بەکارهێنانی ماددە هۆشبەرەکان هێشتا نەبووەتە دیاردە، بەڵام ئاشکرایکرد کە رێژەی بەکارهێنەرانی ئەو ماددانەو بەتایبەت لەناو گەنجاندا لەزۆربووندایە، «زۆری هاتنی ئەو ماددەیە لەئێرانەوە بۆ هەرێمی کوردستانو کردنەوەی ئەو هەموو کافتریایانەی نێرگەلەی تێدایەو گەنجان سەردانی دەکەن، هۆکاری زیادبوونی بەکارهێنەرانی ئەو ماددانەن».
بەپێیی زانیارییەکانی بەڕێوبەرایەتی هۆبەی نەهێشتنی ماددە هۆشبەرەکان لەئاسایشی سلێمانی، لەماوەی پێنج ساڵدا زیاتر لە ٤٠کیلۆ لەماددە هۆشبەرەکان دەستی بەسەردا گیراوەو لەو ماوەیەشدا زیاتر لە ٣٠٠ بەکارهێنەری ئەو ماددانە دەستگیرکراون.

بۆ زانینی هەواڵو زانیاریی زیاتر سەردانی ماڵپەڕی نم نم www.Nnmnm.com بکەن

# نەوەی نوێ دەبنە قۆچی قوربانی هەڵەی باوانیان

## "ئەو ڕۆژەم لەیاد ناچێت، کە مامۆستایەکم پێیوتم لەجێی تۆ بوومایە، هەرگیز نەدەهاتمەدەرەوە"

**منداڵان بەو تاوانانەی باوکو دایکەکانیان ئەنجامی دەدەن، تۆمەتبار دەکرێنو هەمیشە لەکۆمەڵگادا بەچاوێکی سووکەوە سەیردەکرێن، هاوکات توێژەرە کۆمەڵایەتییەکانیش ئاماژە بەپێویستیی دەستگرۆیی‌و یارمەتیدانی ڕێکخراوەکان دەکەن بۆدروستکردنی ژینگەیەکی شیاوتر لەدەرەوەی خێزان، بۆ ئەو هەرزەکارو لاوانەی کە باوانیان بەهۆی تاوانە جۆربەجۆرەکانەوە کەوتونەتە بەر ڕقو نەفرەتی کۆمەڵگا.**

پێشەوا محەمەد لەسلێمانی

کـــردەوەی دزیو پیاوکـــوژیو لەشفرۆشـــیو کۆمەڵێکـــی تر لەو جۆرە کردەوانـــە، کارێکی ناحەزو بێزارکـــەرنو دوور لەدابونەریتو کولتووری کـــوردەواری پێناســـە دەکرێن.

ئەنجامدەرانـــی ئەو جـــۆرە کارانە، لەلایەن کۆمەڵگاوە بەچاوێکی سووک و نەفرەت ئامێزەوە ســـەیر دەکرێنو لەگەڵ ئەنجامدانی ئەو جۆرە کارانەش لەلایەن دایـــکانو باوکانەوە، منداڵە بێتاوانەکانیشیان تێوە دەگلێنرێنو لەناو کۆمەڵگادا بەهەمان ئەو چاوەوە ســـەیردەکرێن کە باوکـــو دایکیانی پێدەبینرێت.

**ژوان لەبەردەم هاوڕێکانی دا شەرمەزارە!!**

ژوان، کچێکی تەمەن ١٨ساڵەو لەکاتی قسەکردنیدا، فرمێسک بەچاوەکانیدا دەهاتە ســـەر کولمەکانی و زۆر بە پچرپچری دەدوا.

ئەو، لەبەر کرداری لەشفرۆشی دایکی دوچاری حاڵەتێکی دەروونی بوەتەوە، بەجۆرێک کاتێک لەدەرگای ماڵەوە دێتەدەرەوە، بەهیچ شێوەیەک ناتوانێ ســـەر هەڵبڕێت، چونکە "ئەوەی لەو کۆڵانەدایە هەمووی بەچاوێکی سووک لێم دەڕوانـــن، وادەزانن ئەو کارەی دایکـــم کردوویەتی، منیش دوبارەی دەکەمەوە".

گریانـــی ژوان بەجۆرێک بەردەوام بوو، بۆماوەیەک نەیتوانی قسە بکات. ئەو ڕووداوێکی ناخۆشـــی بەسەردا هاتـــووەو وای لێهاتووە بڕیاری ئەوە بدات کە ئەوەنـــدەی بۆی بکرێت نەچێتە نـــاو پاســـەوەو تەنها بەپێ هاتوچۆ بکات، "ناتوانم بەپاســـیش هاتوچۆ بکەم، چونکـــە جارێکیان چومە ناو پاسەوە، دوو کچی هاوڕێی خۆمی تێدابوو، بەسەرکەوتنم بۆ ناو پاسەکە، هاوڕێکانم دابەزینو وتیان، کچی دایک ..... سەرکەوت، با ئێمە دابەزین، نەوەک خەڵک لەگەڵ ئەودا ئێمەش بەسووک بزانن"، ئەوەش بۆ ژوان دەبێتە یەکێک لەناخۆشـــترین ڕۆژەکانـــی ژیانـــی، "ئاخر دایکم ئەو کارە دزێوەی کردووە، گوناهی کچێکـــی وەکو من چییە، تا خەڵکی بەچاوێکی سووک لێم بڕوانن".

لەکۆمەڵگەی ئێمەدا فەردانییەت نییە

توانـــا خەســـرەو، توێژەرێکـــی کۆمەڵایەتییـــەو باس لەوە دەکات کە لەنێو خێزانە کوردەکاندا، فەردانییەت نییەو زەمینەسازی بۆ ئەوە ناکرێت تاکەکان وەک کەسایەتییەکی سەربەخۆ گەشـــە بکەن، هەربۆیە هەر تاکێک لەئەندامانی خێزان کە کارێکی نەشیاو ئەنجـــام دەدات، ئەنجامی کارەکەی، ڕووبـــەڕووی تـــەواوی ئەندامانی خێزانەکەی دەبێتەوە، "ئەگەر بێـتو ئەو پلارو توانجانە لەســـەر منداڵان بەردەوام بێـتو بەو چاوە ببینرێن کە دایـــکو باوکیانی پێدەبینرێن، ئەوا ئەو منداڵانە بـــەرەو هەڵدێر دەچن، هیچ ئینتیمایەکیشـــیان بۆ کۆمەڵگە نامێنێتو ئامادەشـــن بەئاسانترین شـــێوەی هاندان، گەورەترین تاوان ئەنجام بدەن".

ناوبراو، باشـــترین چارەســـەر بۆ دورخســـتنەوەی ئەو توانجو پلارانە لەسەر منداڵانو نەوەی نوێ لەبوونی ڕێکخراوێکدا دەبینێتەوە کە وابکات ئەو منداڵو هەرزەکارانە لەدەرەوەی خێزان لەخۆیان بگرێتو سەرلەنوێ هەلی ژیانەوەیان پێبدات.

مامۆستاکەم پێیوتم لەجێی تۆ بوومایە هەرگیز نەدەهاتمە دەرەوە

سۆزانی تەمەن ٢٨ساڵ، کە قوربانییەکی تـــری تێڕوانینەکانـــی کۆمەڵگایـــەو ماوەی دووســـاڵە چووەتە نـــاو ژیانی هاوســـەرییەوە،هەروەک خۆی باســـی دەکات، لەگـــەڵ ڕوودانـــی بچوکترین کێشە لەگەڵ هاوســـەرەکەیدا، یەکسەر هاوسەرەکەی ئەوەی بەچاودا دەداتەوە، کـــە ئەو کچی پیاوێکـــی دزەو باوکی لەســـەر ئـــەو کارە لەزینداندایە، "ئەو تێڕوانینە وای لەهاوسەرەکەم کردووە، تائێســـتاش پارە لەماڵەوە جێنەهێڵێت، چونکە وادەزانێت مـــن پارەکە دەدەم بەماڵە باوانمو هیچ متمانەیەکم پێناکات".

هەندێکی تر لەو هەرزەکارانەو بەهۆی ئەو تێڕوانیـــنو توانجانـــەی، لەلایەن دەوروبەریانەوە ئاڕاســـتەیان دەکرێت، کۆتایی بەخوێندن دەهێننو بڕیار دەدەن لەماڵەوە نەچنەدەرەوە.

چاوانی تەمەن ١٩ســـاڵ، خوێندکاری ئامادەیـــی بـــووە، دوای ئـــەوەی تـــەواوی مامۆســـتاو خوێندکارەکانی خوێندنگەکەیو تەواوی دەرو دراوسێ بەو کێشـــەیەیان زانیوە، کە دوچاری باوکی بۆتـــەوە ـ یەکێک لەو کارانەی ئەنجامـــداوە، کە کۆمەڵـــگا بەکارێکی دزێوو قێزەونی لەقەڵـــەم دەدەن ـ ئیتر ئەو لەکۆڵانو خوێندنگە، بووەتە جێگەی تێڕامانو پلاری هاوڕێو مامۆســـتاو کەســـانی تر، ئەوەش بووەتە هۆکاری ئەوەی، چـــاوان واز لەخوێندن بێنێت، "هەرگیز ئەو ڕۆژەم لەیاد ناچێت، کە مامۆستایەکم پێیوتم، ئەگەر لەجیاتی تۆ بوومایە، هەرگیز نەدەهاتمە دەرەوە"، ئیتر چاوانیش دوای ئەو قسەیەی مامۆستاکەی، کۆتایی بەخوێندنەکەی دەهێنێتو سەر ناکاتەوەبەخوێندنگەکەیدا.

مەرج نییە نەوەی نوێ درێژەپێدەری باوانیان بن

عوســـمان عەبدوڵـــڵا، پێشـــنوێژو وتارخوێنی مزگەوتی زەرگەتەی کۆن ئاماژە بـــەوە دەدات کـــە مەرج نییە منداڵان هەمان کردەوەکانی دایکـــو باوکیان یان هەر کەسێکی گەورەتر لەخۆیان دووبارە بکەنەوە، چونکە زۆر کەس هەیە زۆر بەسودە بۆ کۆمەڵگاو مرۆڤێکی زۆر باشـــە، بەڵام دایکـــو باوکی کەسانێکی باش نین، "لایەنی پەروەردەیی کاریگـــەری خۆی هەیە، هەر یەک لەخێزان، ژینگە، کۆمەڵگا، ڕەنگدانەوە بەســـەر دروســـتبوونی کەسەکانەوەجێدەهێڵێن".

ئەو مامۆستا ئاینییەی ئیسلام جەخت لەوە دەکاتەوە کە لەئیســـلامدا سزای ئەو کەســـانەی پلارو توانج لەخەڵک دەدەن، دیاریکراو نییە، بەڵام ئەو پلارو توانجانە دەچنە بابی غەیبەتەوە یاخود بابی بوختان هەڵبەســـتنەوە، کە هەر یەکێکیش لەو تاوانانە، بە تاوانی گەورە دەژمێردرێن.

تێبینی:
ناوی بەشێک لەبەشدارانی ئەم ڕاپۆرتە خوازرەوەو ناوی ڕاستەقینەیان لای نم نم پارێزراوە.

# ساڕای چوار ساڵە لەئاوی خاپوردا دەدۆزرێتەوە

جەمال حسێن لەزاخۆ

دوای ئەوەی لەگـــەڵ خێزانەکەیدا بەمەبەستی سەیران کردن دەچێتە دەرەوە، ســـارای تەمەن چوار ساڵ دەکەوێتە ئاوی خابورەوەو تەرمەکەشی دوای سێ ڕۆژ دەدۆزرێتەوە، هاوکات لایەنە پەیوەندیدارەکانیش جەخت لەوە دەکەنـــەوە کە ئـــەو ڕووداوە قەزاوقەدەر بووە.

"لەگـــەڵ دوو خێزانـــی دیکـــەدا ڕۆیشـــتبووین بۆ گونـــدی دۆلا بۆبەســـەربردنی کاتێکی خۆشو ســـەیرانکردن، بەڵام خۆشیەکەمان بووە گریانو ناخۆشـــی، تا دوای نیـــوەڕۆش ســـارا لەگەڵماندابوو هیچ کێشـــەیەک نەبوو، دواتر لەپڕ دیارنەماو ژیانی لێ تاریک کردین"، باوکی سارا بەو جۆرە بەسەرهاتی ئەو ڕۆژەی دەگێڕایەوە، کە کچەکەی تیا لەدەستچوو.

مەلا غیاس دولی، باوکی ســـاراو پێشـــنوێژو وتارخوێـــن، لەکاتی قســـەکردنیدا بۆ مەرگی ناوادەی کچەکەی تەواو غەمبار بوو، هەربۆیە بەچاوانێکی پڕ لەفرمێسکەوە باسی لەوە کرد کـــە هەرگیز ئەو ڕۆژەی بیرناچێتەوە، "ئەگەر لەخەونیشمدا ئەو ڕووداوەم بینیبا باوەڕم نەدەکرد".

دوابەدوای دیارنەمانی سارای تەمەن چوارســـاڵ لەچـــاوی خێزانەکەی، هەندێک پشکنەری ئەمریکی دێنە ناوچەکەو بۆیـــان ڕوون دەبێتەوە کە ســـارا لەو ناوچەیـــەدا نەماوەو خێزانەکەی ســـاراش بەدیارنەمانی کچەکەیان هێنـــدەی تر نائومێدو غەمبار دەبن.

دوای ســـێ ڕۆژ گەڕانو پشکنینی ناوچەکـــە، لەلایـــەن دوو ســـەگی ئەمریکییەوە بەوە دەزانرێت کە تەرمی سارا غیاس لەژێر ئاودایەو دواجار لەئاوی خاپـــوردا دەدۆزرێتەوە. مەلا غیاس دولی، جەخت لەوە دەکاتەوە کە ئـــەوان کێشـــەیان لەگەڵ هیچ کەسێکدا نییە، چونکە "دڵنیام هیچ کەس لەپشت ئەو ڕووداوەوە نییە".

ڕائید خالید شـــەفیف بەرپرسی نووســـینگەی زاخۆی نەهیشـــتی تاوانـــەکان لەلێدوانێکیـــدا بـــۆ نـــم نم ئـــەوەی ڕوونکـــردەوە کە بەپێـــی ئەو ئەنجامانـــەی لەئاکامی لێکۆڵینـــەوە ســـەرەتاییەکانیانەوە پێیانگەیشتون بۆیان ساغ بوەتەوە کە ئەو ڕووداوە "تەنها قەزاوقەدەر بووە"، هـــاوکات د.عەبدولعەزیزم ئیبراهیم، بەڕێوەبەری تەندروستی زاخۆ، وێڕای پشتڕاســـتکردنەوەی زانیارییەکان ئامـــاژەی بەوە دا کە دوای پشکنینی تەواوتی بۆجەستەی سارا، ئاشـــکرابووە کە هیچ برینو شوێنەوارێک لەســـەر لەشی نییە، "بەشێوەیەکی ئاسایی سارا کەوتۆتە ئاوەکەوەو خنکاوە".



سارا غیاس بە مردویی

# گەنجان بەپێی مۆدێل ناو دەگۆڕن

## گەنجێک: ئامادەم لەبەر خاتری خۆشەویستەکەم ناوی خۆم بگۆڕم

**هەندێ لەگەنجانو نەوەی نوێ ناوی خۆیان بەدڵ نییەو بەگلەیین لەو ناوانەی باوانیان لێیان ناون، هەربۆیە لەئێستادا شەپۆلی ناوگۆڕین لەنێو ئەو توێژەدا بەربڵاوەو هەندێ توێژەری کۆمەڵایەتییش بەکارێکی ئاسایی ناودەبەنو جەخت لەوە دەکەنەوە کە زۆرجار ناو کاریگەریی نێگەتیڤی لەسەر کەسایەتی تاکەکان دادەنێت.**

میهرەبان سەلام لەهەڵەبجە

بەپێـــی ئامارێکی خانەی دادی هەڵەبجە، تەنها لەماوەی ســـێ مانگی ڕابردووی ئەمساڵدا، ٧٢کەس ناوو تەمەنیان گۆڕیوەو ڕێژەکەش بـــەردەوام ڕوو لەزیادبوونە، هـــاوکات چەندین ســـکاڵاش لەلایەن گەنجانـــەوە لەســـەر بەخێوکەرەکانیان تۆمارکراون.

هەر یەکێک لەو گەنجانەی ناوی خۆیان دەگۆڕن، بەهانەیـــەک دەکەنە هۆکاری گۆڕینی ناوەکانیان. هەندێکیان پێیانوایە هەر لەسەرەتاوە باوکو دایکیان ناوێکی ناخـــۆش و هەڵەیان بەســـەردا بڕیونو هەندێکی تریشـــیان باس لەوە دەکەن کە ئەو ناوانەی پێشتر هەیانبووە لەگەڵ کەســـایەتی خۆیاندا نەگونجـــاوە، ئەوە جگەلـــەو گەنجانەی، کە بە وتەی خۆیان لەبەر گونجاندنی ناوی خۆی لەگەڵ ناوی خۆشەویستەکەیدا ناوەکانیان دەگۆڕن.

**خۆشەویستەکەی ناوی پێدەگۆڕێت**

خۆشەویســـتیی وا لەمـــرۆڤ دەکات ســـەختترین کار ئەنجام بدات تەنها لەبەرئەوەی بەرامبەرەکەی لێی ڕازی بێت، هەندێکجاریش تەنها بۆئەوەی زیاتر لێک نزیک ببنەوە، خۆشەویستەکان بەرامبەر بەیەکتـــر هەندێک ڕەفتاری ســـەیرو سەمەرە ڕەچاو دەکەن، تەنانەت ئامادەن لەو پێناوەدا ناوی خۆشیان بگۆڕن بەو ناوەی دڵخوازەکەیان ئارەزووی دەکات.

ئیســـماعیل فەتاح، کە یەکێک بوو لەو گەنجانەی بەمەبەستی گۆڕینی ناوەکەی سەردانی دادوەری کردبوو، ئاماژەی بەوە کرد کە لەبەر خاتری خۆشەویستەکەی ئامادەیـــە نـــاوی خـــۆی بگۆڕێـــت، "ناوێکمـــان داناوە کـــە یادگاریمان لەگەڵی هەیە، بەجۆرێکیشـــە کە لەگەڵ ناوی خۆشەویستەکەم دەگونجێت واتە هاوتایە".

ئەو گەنجە ئەوەشی نەشاردەوە کە بەلایەوە زۆر ئاســـاییە لەبەر خۆشەویستەکەی ناوەکەی بگۆڕێـــت، چونکە ئەو ناوەی ئێســـتای لەگـــەڵ تەمەنو شـــێوەیدا ناگونجێت.

**تەمەنی شتێکەو ناوی شتێکی تر!!**

بەشـــێکی تر لەو گەنجانەی ناوەکانیان دەگۆڕن، ئەو کەســـانەن کە پێشـــتر تەمەنییان کەمکردۆتـــەوەو ئەو ناوانەی لەگەڵ تەمەنـــە کۆنەکەیاندا هەیانبووە، لەئێستاداو لەگەڵ ئەو تەمەنە نوێیەدا کە دەســـتکاریان کردووە ناگونجێت، بۆیە بەپێویستی دەزانن ناوەکانیشیان وەک تەمەنیان تازە بکەنەوە.

شیلان جەبار، کە خانمێکی بەتەمەنەو لەگەڵ ئەوەی کە پێشـــتر تەمەنی خۆی گۆڕیبوو، ئێستاش هاتبوو بۆ گۆڕینی ناوەکـــەی، ئاماژەی بەوەکـــرد کە ئەو ناوەی کە هەیبوو لەگـــەڵ تەمەنەکەیدا گونجاو نەبـــووەو پێویســـتبووە وەک تەمەنی بیگۆڕێت، "ئێســـتا ئەو ناوەی هەڵمبژاردووە بۆتەمەنی گەنجیو پیریشیم گونجاوە".

**چاولێکەری، درمی کوشندەی کولتوور**

لەگەڵ ئەو ژمارە زۆرەی کە ناوەکانیان دەگـــۆڕنو بەدڵیان نییـــە، هاوکات ژمارەیەک گەنجیش دژی ئەو دیاردەیە دەوەســـتنەوەو پێیانوایە ئـــەوە تەنها مۆدێلێکەو هیچ پاساوێکی نییە.

شوان شاکر، گەنجێکی تەمەن ٢٨ساڵەو جەخت لەوە دەکاتەوە کە گەنجان شوێن مۆدێلو تەقلید کەوتوون.

ئەو گەنجـــە ئاماژە بـــەوە دەدات، کە ناوگۆڕین وەک مۆدێلی هەر شتێکی تر ماوەیەک لەناو گەنجاندا بڵاودەبێتەوەو دواتـــر نامێنێت، "چاولێکـــەری وای لەکۆمەڵگاکەمـــان کردووە زۆر شـــت لەدەســـت بدەین، یەکێک لەگرنگترین شتەکانیشـــمان کولتوورە، گەنجێک ناوێکی جوانی کوردی هەیە دەیگۆڕێت بەناوێکی بیانی".

بەشێکی تر لەو گەنجانەی دژی ناوگۆڕین دەوەستنەوە، پێیانوایە نەبوونی سانسۆرو ئازادییەکـــی لەڕادەبـــەدەر وایکردووە گەنجان بەوجۆرە ناوی خۆیان بگۆڕن.

پەروانە جەمال، کە کچێکی ٢٠ســـاڵە، جەخت لەوە دەکاتەوە کە بەناو گۆڕین تەمەنی بەسەرچوو ناگەڕێتەوەو کەسەکان نابنـــەوە بەنەوەی سەردەم،"بەشـــێک لەو گەنجانەی نـــاوی خۆیان دەگۆڕن تووشی حاڵەتی دەروونی بوون، چونکە هاوڕێم هەیە تائیستا سێ ناوی گۆڕیوە، ئامادەشـــن ناوی دیکـــەی بۆ بگۆڕنو هاوکاری بکەن".

**ناوگۆڕین نوێگەرییە؟**

توێژەرە کۆمەڵایەتییـــەکان ئاماژە بەوە دەدەن، کە گۆڕینی ناو لەلایەن گەنجانەوە بێهۆ نییە، بەڵکو ئەو ناوانە کاریگەری نێگەتیڤیان لەسەر داناون.

ئازاد موختار، توێژەرێکی کۆمەڵایەتییەو ئامـــاژە بەوە دەدات کە نـــاو، لەڕووی کۆمەڵایەتیو دەرونییـــەوە کاریگەری لەسەر کەسایەتییەکان دادەنێت.

ئەو توێژەرە ئەوەشی ئاشکرا کرد، کە هەرچەندە هەندێ ڕێگر بۆئەو کەسانە دادەنرێت تاکو ئەو دیاردەیە کەم بێتەوە، بەڵام "پێویســـتە هەریەک لەو کەسانە کە ناو یـــان تەمەن دەگۆڕن ســـکاڵا لەســـەر دایک یان باوک (بەخێوکەر) تۆمار بکەن، ئەمـــەش بەلای هەندێک گەنجەوە قورسەو هەندێکیش بەلایانەوە ئاســـاییەو بەردەوام دەبنو کارەکەیان ئەنجـــام دەدەن"، چونکە خواســـتێک لەنێو گەنجاندا هەیە، کە بەردەوام بەرەو شتی نوێ ئاراستەیان دەکات، ئەویش ئەوەیە "گەنجان هەمیشـــە نوێگەرنو بەنوێگەرییش دەمێننەوە".



نەوەی نوێ نیگەرانی ئەو ناوانەن کە باوانیان لێیان ناون

فۆتۆ: شاخەوان مەحمود

# هێشتا گەنجانی کورد لەژێر خێمە دەژین

پ. نم نم لەدهۆک

نزیکەی **٢٠٠**خێزانی کوردی ئاوارەی خۆرئاوای کوردستانی بندەستی سوریا داوا لەحکومەتی هەرێم دەکەن وەک پەنابەر وەریان بگرێو لەژیانی ژێر خێمە دەربازیان بکات، هاوکات بەشێک لەو گەنجانەشیان کە خوێندنیان تەواو کردووە لەزانکۆی دهۆک، بەهۆی نەبوونی رەگەزنامەی عێراقییەوە ناتوانن دابمەزرێن.

مازن حەمیدی تەمەن **٢٣**ساڵو خوێندکاری کۆلێژی ئادابی زانکۆی دهۆک، باس لەوە دەکات کە لەکۆی **٤٥**گەنج کە لەسوریاوە هاتوونو لەدهۆک دەژین، تائێستا هەشتیان بڕوانامەی زانکۆی دهۆکیان بەدەستهێناوە، بەڵام حکومەتی هەرێم گرنگی بەبڕوانامەکانیان نادات‌و دانامەزرێن، ئەویش لەبەر نەبوونی رەگەزنامەی عێراقی، بەو هۆیەشەوە بەشێکی بەرچاوی گەنجەکان خۆیان بەبۆیاخکردنی خانووەوە خەریک دەکەنو لەبواری پسپۆڕی خۆیاندا کاریان دەست ناکەوێت.

زۆرینەی ئەو خێزانە ئاوارانە بەهۆی رووداوێکی سیاسییەوە لەساڵی **٢٠٠٤**وە، لەدهۆک نیشتەجێبوون، بەڵام هێشتا بەشێکیان لەژێر خێمەدا ژیان دەگوزەرێننو لەنەگونجاوی بارودۆخیان بێزارنو باس لەوە دەکەن کە ژیانیان زۆر ئاڵۆزەو ناتوانن وەک هەر خێزانێکی تری ئاسایی، بژین.

کاوە جەلیل، یەکێکە لەدانیشتووانی کۆمەڵگای موقبلێ، کە ئێستا **٧٠**خێزان لەژێر خێمەکانییدا دەژینو ئاماژە بەوە دەدات، کە ژیانیان زۆر ئاڵۆزەو لەهەموو جۆرە خۆشییەک بێبەشن، "ژیانی ژێر خێمە داهاتووی منداڵەکانمان دەشێوێنێت".

لەلایەکی دیکەوە جوان خالیدی تەمەن **٢٦**ساڵ جەخت لەوە دەکاتەوە کە ئەوان **٥٠**خێزانن لەکۆمەڵگای قامیشلۆو لەبارودۆخێکی ناخۆشداو لەژێر خێمەدا ژیان دەگوزەرێنینو ئەوەش وایکردووە نەتوانن منداڵەکانیان بنێرنە قوتابخانە.

بۆبەدواداچوونی زیاتر نم نم پەیوەندی بەقایمقامی قەزای سیمێل ئیسماعیل مستەفا کردو ئاماژەی بەوە دا کە بەشێکی زۆری ئەو خێزانانە لەسوریاوە بەرەو دهۆک هاتوونو دانیشتووی کۆمەڵگاکانی موقبلێو قامشلۆی قەزای سیمێلن، "تائێستابەپشتیوانیحکومەتی هەرێمی کوردستان، **٨٨**خانوو بۆ **٨٨** خێزان دروستکراونو زۆرێکیان لەکۆمەڵگای دومیز لەو خانووانەدا نیشتەجێن".



ژیانی کوردە ئاوارەکانی سوریا

## ئەو پیاوەی لەسلێمانی چوار کەسی خێزانەکەی سوتاند:

# من دەمەویست خۆم بسوتێنم

تایبەت بەنم نم

ئێوارەی **٣/٣٠** لەگەڕەکی تووی مەلیکی شاری سلێمانی، پیاوێک بەنزین دەکات بەژووری دانیشتنی ماڵی باوکی داو چوارکەسی خێزانەکەی دەسوتێنێت.

بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی ناوشاری سلێمانی عەقید نەوزاد عەلی، وێڕای پشتڕاستکردنەوەی رووداوەکە ئاماژە بەوە دەدات کە لەدوای دروستبوونی کێشەیەکی کۆمەڵایەتی نێوان ئەندامانی ئەو خێزانە،تۆمەتبارەکەبەنزین‌دەڕژێنێ بەو ژوورەدا کە خێزانەکەیانی لێ دانیشتووە، هاوکات بەهۆی ئاگری زۆپای ژوورەکەوە ئاگرێکی گەورەتر دروستدەبێت‌و ئەوەش دەبێتە هۆی سوتانی خۆی‌و چوار ئەندامی خێزانەکەی.

عەقید نەوزاد جەخت لەوە دەکاتەوە کە تۆمەتبارەکە بەپێی مادە **٤٠٦**ی یاسای سزادانی عێراقی دەستبەسەرکراوەو ئێستا لەنەخۆشخانە لەژێر چاودێریدایەو رێژەی سوتاوییەکەی **٣٠٪**ە.

ناوبراو، ئاماژە بەوە دەدات کە برای تۆمەتبارەکە تەمەنی **٢٥**ساڵ بووەو بەهۆی زۆریی رێژەی سوتاوییەکەیەوە کە **٨٨٪** بووە، دوای دووڕۆژ مانەوەی لەنەخۆشخانە گیانی لەدەست داوەو هاوسەرو منداڵی براکەشی سوتاون، "هاوسەری براکەی تەمەنی **٢٩**ساڵەو **٣٧٪**ی سوتاوەو تەندروستی‌ناجێگیرە،منداڵەکەشی سێ ساڵەو **١١٪**ی سوتاوە، دایکی تۆمەتبارەکە **٦٤**ساڵەو **٢١٪**ی سوتاوە"، ناوبراو جەخت لەوە دەکاتەوە کە خەریکی کۆکردنەوەی زانیارین‌لەسەر رووداوەکەو تائێستا لێکۆڵینەوەبەردەوامە.

بەپێی زانیاریەکانی نم نم کە لەچەند سەرچاوەیەکی تایبەتیەوە دەستیکەوتوون، دوو بۆچوون لەسەر دروستبوونی ڕوداوەکە هەیە، یەکەمیان باس لەوە دەکات کە ئەو تۆمەتبارە ماوەی **١٣**ساڵە لەئەوروپایەو دووژنی هەبووە، دانەیەکیانی لەئەوروپا تەڵاقداوەو ئەوەی سلێمانیشی پێشتر تەڵاق داوە، بەڵام لەسەر هێنانەوەو نەهێنانەوەی یەکێک لەژنەکانی کێشە دروستبووەو ئەوەش بوەتە هۆی کەوتنەوەی ئەو ڕووداوە.

بەپێی وتەی سەرچاوەیەکی دیکەی نزیک لەو خێزانە، هۆکاری سەرەکی ڕووداوەکە بۆدابەشکردنی میراتی‌و موڵک‌و ماڵ دەگەڕێنێتەوە کە لەئەنجامدا گەشتوەتە ئەوەی تۆمەتبار بەنزین بەماڵەکەدا بڕژێنێت‌و بەهۆی زۆپای ئەو ژوورەی لێی دانیشتوون، بڵێسەی ئاگر ماڵەکەی تەنیوەتەوەو بەهۆیەوە چوار کەس سوتاون.

هەمان سەرچاوە هۆکاری گیانلەدەستدانی برای تۆمەتبارەکەشی بۆئەوە گەڕاندەوە کە دوای ئەوەی لەبەر بەتینی گڕی ئاگرەکە رایکردووەتە دەرەوە، منداڵە سێ ساڵەکەی لەژورەوە بەجێماوەو لەپێناو دەربازکردنی گەڕاوەتەوە ژورەوە، بەڵام دوای رزگارکردنی منداڵەکەی دووجار سوتاوەو ئەوەش بووەتە هۆی گیان لەدەستدانی.

نم نم بۆبەدواداچوونی زیاتر لەوبارەوە، لەرێگەی سەرچاوەی تایبەتی خۆیەوە وتەی تۆمەتبارەکەی وەرگرت‌و جەختی لەوە دەکردەوە کە نەیویستووە بەنزین بەماڵەکەدا بکات، بەڵکو ویستویەتی خۆی بسوتێنێت، بەڵام کاتێک لەبەر دەرگای ژوورەکەدا بەنزینەکەی بەخۆیدا ڕشتووە، زۆپاکەی نەدیوەو بەهۆی زۆپاکەشەوە ئاگر لەماڵەکە بەربووەو بوەتە هۆی کەوتنەوەی ئەو ڕووداوە.

# چارەنووسی زیاتر لە ٥٠٠خوێندکاری پیشەسازیی دیارنییە

## "حکومەت ناهێڵێت بەپارەی خۆشم لەزانکۆکان بخوێنم"

ئالان ساحێبقران لەهەولێر

لەگەڵ ئەوەی ساڵانە زیاتر لە **٥٠٠**خوێندکار، ئامادەیە پیشەسازییەکان تەواودەکەن، بەڵام تائێستا چارەنووسی ئەو خوێندکارانە لەدوای تەواوکردنی ئامادەییەکانیان نادیارەو لەهیچ زانکۆو پەیمانگایەکی حکومی‌و ئەهلی مۆڵەتی خوێندنیان پێنادرێت. خوێندکارانی ئامادەیە پیشەسازییەکان لەئاییندەی خۆیان بێئومێدن، چونکە دوای تەواوکردنی ئامادەیی ناتوانن وەک خوێندکارانی بەشەکانی تری بەشە وێژەیی‌و زانستییەکان، لەزانکۆو پەیمانگاکاندا درێژە بەخوێندن بدەن، ئەوەش بەشێک لەو گەنجانەی پەرتەوازەکردووەو هەندێکیان بۆخوێندن ڕوودەکەنە دەرەوەی وڵات‌و هەندێکی دیکەشیان‌لەزانکۆئەهلییەکانی‌ناوەڕاست‌و باشوری عێراق درێژە بەخوێندن دەدەن.

هەر یەکێک لەو خوێندکارانەی ئامادەییە پیشەسازییەکان بدوێنیت، بەشێوازێکی خۆی تەعبیر لەو نائومێدییە دەکات کە لەئەنجامی وەرنەگیرانیان لەزانکۆو پەیمانگاکانی هەرێمی کوردستان توشیان هاتووە.

هێمن شاکر، دەرچووی ئامادەیی پیشەسازی بەشی ئەلکترۆنو باس لەوە دەکات کە هەرچەندە لەسەرەتادا مامۆستاکانی پێیانوتووە کە ئامادەیی پیشەسازیی هیچ داهاتوویەکی نییە، بەڵام هێمن خۆی حەزی لەبەشەکەی بووەو کۆڵی نەداوە تا تەواوی کردووە، "حەزم لەو بەشە بوو، چونکە خەونی منداڵیم بوو، درێژەم بەخوێندندا تا تەواوم کرد، بەڵام تائێستا بەپارەی خۆشم حکومەت ناهێڵێت لەزانکۆکان‌بخوێنم".

بەشێکی تر لەخوێندکارەکان ئاماژە بەوە دەدەن کە لەگەڵ ئەوەی چارەنووسی خۆیانو خوێندنەکەیان نادیارە، هاوکات مامۆستاکانیشیان توانجی نەشیاویان تێدەگرن.

هێرش نەوزاد، خوێندکاری دواناوەندی کشتوکاڵ، ئەوەی گێڕایەوە کە مامۆستایەکیان پێیوتوون پاسکیلێکی گەورەو مەکینەیەکی باخچەکردن بکڕنو دەست بەکاسبی بکەن، "ئەوەش بۆ ئێمە وەک ئەوەیە پێت بڵێن کەی دەمریت".

هەر سەبارەت بەو گرفتە، نم نم پەیوەندی بەبەشێکی زۆری مامۆستای ئامادەییە پیشەسازییەکانەوە کرد، بەڵام تەنها مامۆستایەکیان، بەمەرجێک ناوی بڵاونەکرێتەوە، ئامادەیی ئەوەی دەربڕی لێدوان لەوبارەیەوە بداتو رایگەیاند کە هەمووساڵێک حکومەتی هەرێم داهاتووی کۆمەڵە گەنجێک دەسووتێنێت، "قسەشم لەگەڵ بەرپرسێکی خوێندنی باڵا کرد کە ئێستا بووەتە ئەندام پەرلەمان، بەڵام ئەو بەرپرسە ئەوپەری ڕقی خۆی بۆئەو دەرچووانە دەربڕی‌و وتی نابێت بەهیچ شێوەیەک زانکۆکان ببینن".

عەبدولا عەزۆ، سەرۆکی یەکێتی تەکنەلۆژیکاران، ئاماژە بەوە دەدات کە کاری یەکێتییەکەیان کۆکردنەوەی تەواوی ئەو خوێندکارانەیە کە ئامادەییە پیشەسازییەکان تەواو دەکەن تا هەوڵ بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانیان بدەن، هاوکات سەرۆکی یەکێتییەکە ڕایدەگەیەنێت، کە نزیکەی پێنج هەزار ئەندامیان هەیە.

سەبارەت بەهۆکاری وەرنەگیرانی ئەو خوێندکارانە لەزانکۆ ئەهلییەکاندا، مامۆستا عەبدولا باس لەوە دەکات کە ئەو زانکۆیانە هیچ پاساوێکی یاساییان بەدەستەوە نییە کە ئەو خوێندکارانە لەزانکۆکانیاندا وەرناگرن، "ڕێنماییەکانی حکومەتی هەرێم‌و خوێندنی باڵا ڕێگەنادەن ئەو دەرچوانە وەربگیرێن، لەراستیشدا ئەوانە مەرجی بەجێ نین‌و ڕێگرییەکە بۆ قوتابییە بۆئەوەی خوێندن تەواونەکەن".

سەرۆکی یەکێتییەکە ئەوەش دەدرکێنێت، کە قسەیان لەگەڵ وەزیری خوێندنی باڵا کردووەو ئەگەری ئەوە هەیە ساڵی داهاتوو خوێندکارانی دەرچووی ئامادەییە پیشەسازییەکان لەزانکۆکاندا وەربگیرێن، "دەبێ خۆمان لەسیستەمی زانکۆیی بکەینەوە، چونکە ئەو سیستەمە وەزارەتی خوێندنی باڵا وا کەپسی کردووە کە ناهێڵێت کەس بچێتە ناوی تەنها خۆیان نەبن یان ئەوەی خۆیان دەیانەوێت، بۆیە پێویستە زانکۆیەکی تەکنەلۆژی بۆدەرچووانی ئامادەییە پیشەسازییەکان بکرێتەوە".

لای خۆشییەوە د.محەمەد سابر، بەڕێوەبەری خوێندنە حکومی‌و ئەهلییەکان لەوەزارەتی خوێندنی باڵا ئاماژەی بەوە دا، کە ئەوان بەرلەوەی ئەو خوێندکارانە لەو ئامادەییانە بخوێنن، بەڵێننامەیەکیان پێ پڕدەکرێتەوە کە دوای تەواوبوونیان داوای وەرگرتن لەخوێندنی باڵا نەکەن، "لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە هەموو ساڵێک هەر خوێندکارێک کۆ نمرەکەی لەسەرو حەفتاوە بێت‌و هەر ئامادەییەک تەواوبکات مۆڵەتی خوێندنمان لەزانکۆو پەیمانگاکاندا پێداوە".



خوێندکارانی ئامادەیە پیشەسازییەکان داوای کردنەوەی زانکۆی تەکنۆلۆژی دەکەن

فۆتۆ: شاخەوان مەحمود

## دوای ئەوەی بەتەقە بڵاوە بەقوتابییە خۆپیشاندەرەکانی ئامادەیی شەمامک کرا

# پۆلیس: خۆپیشاندانەکە دەستی لەپشتەوە بوو

بەرزان عەلی حمە لەهەولێر

بۆنارەزایی دەربڕین لەنەبوونی مامۆستای‌وانەی‌بیرکاری، قوتابیانی ئامادەیی شەمامکی هەولێر، ڕژانە بەردەم بەڕێوبەرایەتی پەروەردەی ئەو شارەو داوای دابینکردنی مامۆستای بیرکاریان کرد، بەڵام هێزەکانی پۆلیس بەتەقە بڵاوەیان بەخۆپیشاندەران کردو بەرێوەبەری پۆلیسی هەولێریش جەخت لەوە دەکاتەوە کە ئەو خۆپیشاندانە دەستی لەپشت بووەو نابێت سزای ئەو پۆلیسانە بدرێت کە تەقەیان کردووە.

سەفین دزەیی، وەزیری پەروەردەی حکومەتی‌هەرێمی‌کوردستان، ئاماژە بەوە دەدات کە بەشی زۆری ئەوانەی چوونەتە بەردەم پەروەردەی هەولێر داواکارییەکیان هەبووەو ویستوویانە بەڕێگایەکی شارستانیانە داوای بکەن، بەڵام "لەناو خۆپیشاندەراندا کۆمەڵێک کەسی ناشارستانی هەبووەو ویستوویانە بەڕێگایەکی تر ڕەفتار بکەن، بۆیە ئەو تەقەیەی لێکەوتووەتەوە، بەدڵنیاییەوە ئەوە لێکۆڵینەوەی‌پێویستە".

دەربارەی تەقە کردن لەقوتابییە خۆپیشاندەرەکان، بەڕێوبەری پۆلیسی هەولێر عەبدولخالق تەڵعەت، جەخت لەوە دەکاتەوە کە ئەو خۆپیشاندانە بەمەست کراوەو دەستی ناحەزی لەپشتەوە بووە، قوتابییەکانیان هانداوە کە پەنجەرە بشکێننو هەڵبکوتنە سەر مامۆستا، بۆیە ناوبراو پێیوایە ئەو پۆلیسانەی تەقەیان کردووە بەرگریان لەپەروەردەی هەولێر کردووەو نابێت ئیجرائاتیان لەگەڵدا بکرێت، لەکاتێکدا کە خەڵکێک نایاسایی دەجوڵێتەوەو هەڵسوکەوت دەکات، "ئەگەر کەسێک هەڵبکوتێتە سەر دامودەزگایەکی حکومەت‌و تێکی بشکێنێت ئەوە کەی یاساییە؟".

بەوتەی بەڕێوەبرەی پۆلیس ئەگەر خۆپیشاندەران وەکو قوتابی داواکارییەکانیان بکردایە ڕەوا بوو، بەڵام مافی ئەوەیان نییە هەڵبکوتنە سەر مامۆستاو لێی بدەن‌و جامی بیناکە بشکێنن، "ئەگەر گەشتە ئەو قۆناغە، ئەو پۆلیسەی بەردەرگاکە پاسەوانی‌کەلوپەل‌وپێداویستییەکانی بیناکە دەکات، پێویستە بەرگری بکات".

خوێندکارانی ئامادەیی شەمامک ئەوە ڕەتدەکەنەوە کە بەردبارانی بیناکەیان کردبێت‌و کاری ئاژاوەگێڕیان کردبێت.

مەریوان کە خوێندکارێکی ئامادەییەکە باس لەوە دەکات، کە بەهیچ شێوەیەک بەردبارانیان نەکردووەو ئەوان دە دوازدە خوێندکار بوونو بەتەمابوون بچنە لای بەڕێوبەر، بەڵام ڕێگەیان نەدراوە، "ئێمە ڕەخنەمان هەیە لەوەی تەقەیان لێکردین".

ناوبراو، هۆکاری خۆپیشاندانەکەی گەڕاندەوە بۆئەوەی کە چەندینجار چوونەتە بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەو مامۆستایان بۆ دابین نەکردوون.

# نەوەی نوێ بیر لەداهاتووی منداڵەکانیان ناکەنەوە

## تەنها ١٨٪ی گەنجان ئامادەن دەستبەرداری خۆشەویستەکانیان بن، ئەگەر لەپشکنینی خوێن دەرنەچوون

**بەهۆی ئەنجامدانی گرێبەستی هاوسەری نەشیاوەوە، نەخۆشی سالاسیما لەهەرێمی کوردستاندا ڕوو لەزیادبوونەوەو پسپۆڕانی بواری تەندوستیش جەخت لەوە دەکەنەوە کە ئەگەر پلانێکی تۆکمە بۆ ئەو نەخۆشییە دابنرێت، لەماوەی سی ساڵی داهاتوودا، نەخۆشییەکە بنەبڕ دەکرێت.**

**بەرزان عەلی حەمە لەهەولێر**

لەهەرێمی کوردستاندا هەزارو نەوەدو شەش منداڵ نەخۆشی سالاسیمایان هەیەو باجی گرێبەستی هاوسەری دایکو باوکیان دەدەن، بەپێی ئامارەکانیش لەسلێمانی ٧٨٦، لەدهۆک ٦٢٠، لەهەولێر ٥٠٠هاووڵاتی نەخۆشی سالاسیمایان هەیەو ڕۆژانەو مانگانەو ساڵانە بەدووی خوێندا دەگەڕێن.

ژیان کەریمی تەمەن ٣٤ساڵ منداڵە چوار ساڵەکەی لەباوەشی نابوو، لەبەر دەرگای نەخۆشخانەیەکدا دانیشتبوو، ئاماژەی بەوە دەدا کە لەو ڕۆژەوەی ئەو منداڵەیان بووە، بەڕێگای نەخۆشخانەوە بوون، "پەشیمانم لەو هاوسەرگیرییەش کردم لەگەڵ، کەمالی خۆشەویستمدا، چونکە هیچ خۆشیەکمان نەدی تەنها خەم نەبێت بۆ منداڵەکەمان".

ناوبراو، پێنج ساڵ لەمەوبەر لەشاری سلێمانی لەگەڵ کوڕێکدا ژیانی هاوسەریی پێکهێناوەو لەکاتی پشکنینی پێش هاوسەرگیریەکەیاندا، لەتاقیگە پێیان وتوون کە نابێت هاوسەرگیری بکەن، "دکتۆرو کارمەندەکان زۆریان پێوتین ئێوە نەخۆشنو ئەو هاوسەرگیرییە مەکەن، چونکە منداڵەکانتان نەخۆش دەبن، بەڵام ئێمە لەبەرئەوەی ماوەی سێ ساڵ لەگەڵ کەمال یەکمان خۆشویستبوو، نەمانتوانی جیاببینەوەو هیچمان ڕازی نەبووین، خۆزگە بەگوێمان بکردنایە".

### ٨٢٪ی گەنجان سالاسیما پەسیمانیان ناکاتەوە

ئەو کوڕو کچانەی پێش هاوسەرگیری دەنێررێن بۆ پشکنین، زۆرینەیان جەخت لەوە دەکەنەوە کە هەر نەخۆشیەکیان هەبێت لەیەک جیانابنەوە، تەنها چەند کەسێکی کەم نەبێت کە "داهاتوویان لەلا گرنگە"و ئامادەن لەپێناو منداڵێکی لەشساغدا خۆشەویستییەکەیان وەلا بنێن.

بەپێی بەدواداچونێکی مەیدانی ڕۆژنامەی نم نم، لەکۆی ٣٦ گەنج کە ١٨کوڕو ١٨کچ بوون بۆ ئەنجامدانی پشکنینی هاوسەری ڕوویان لەتاقیگەی مەرکەزی سلێمانی کردبوو، تەنها دوو کچو سێ کوڕ ئامادەبوون ئەگەر لەپشکنیندا دەرنەچن، ژیانی هاوسەریی پێکنەهێنن، ئەوەش ئەوە دەگەیێنێت کە تەنها ١٨٪ی ئەو گەنجانە هاوسەرگیرییەکەیان هەڵدەوەشێننەوەو نایانەوێت نەوەیەکی نەخۆشو کەمئەندام بخەنەوە، بەتایبەت ئەگەرهاتوو لەپشکنینی خوێنی پێش هاوسەریی دەرنەچوون هاوکات ٨٢٪ی بەشداربوانی بەدواداچونەکە ئامادەنین لەبەر هەر هۆکارێکی تەندروستیو کۆمەڵایەتیو ئایینیش هاوسەرگیرییەکەیان هەڵبوەشێننەوە.

پسپۆڕانی بواری تەندوستی جەخت لەوە دەکەنەوە کە ئەوە زەنگێکی مەترسیدارە بۆ بڵاوبنەوەی زیاتری نەخۆشی سالاسیما.

فەرهاد کامەرانی تەمەن ٢٩ساڵ باس لەوە دەکات کە چەندینجار ڕوبەڕوی ماڵی هاوسەرەکەی بوەتەوە تارازی بوون بیدەنێ، هەربۆیە بەئاسانی ئەو بڕیارانە نادات، "هیچ شتێک لێکمان جیاناکاتەوە، ئەگەر دەرمان هەبێت بۆ نەخۆشییەکە بەهەرچەندێک بێت بەکاری دەهێنین".

لەلایەکی دیکەوە شیلان فاتیحی تەمەن ٢١ساڵ، ئاماژە بەوە دەدات کە ماوەی دووساڵە لەگەڵ کارۆخ دا، یەکتریان خۆشدەوێتو ناتوانێت بەهیچ شێوەیەک لێی جیاببێتەوە، "ئەگەر بزانم منداڵم دەبێتو نەخۆش دەبێت، ئامادەم نەهێڵم منداڵم ببێت، بەڵام ناتوانم واز لەخۆشەویستەکەم بهێنم".

### حکومەت چی پێدەکرێت؟

ئەگەرچی ڕێژەی ئەو کەسانە زۆر کەمن کە نایانەوێت لەگەڵ هاوسەرێکدا بژین کە نەوەیەکی نەخۆشو کەمئەندام دروست بکەن، بەڵام جەخت لەوەش دەکەنەوە کە پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان یاسایەکی تایبەت بەو کێشەیە دابنێتو ڕێگری لەو جۆرە هاوسەرگیریانە بکات.

زانیار ساڵحی تەمەن ٣٤ساڵ، لەگەڵ هاوسەرەکەیدا چاوەڕێی ئەنجامی پشکنینەکەیان دەکردو جەختی لەوە کردەوە، کە ئەگەر لەپشکنین دەرنەچنو هاوسەرگیرییەکەیان ببێتە مایەی نەخۆشی بۆ منداڵەکانیان، ئەوا "هەرئێستا جیادەبمەوە". ئەو، کە بەدرێژایی چوارساڵی زانکۆ تەلاری خۆشویستووە، پێیوابوو سەرەتای هاوسەرگیرییەکەیان گرنگ نییە، "ڕەنگە ئێستا زۆر خەڵک بڵێت ئاساییە هاوسەرگیری بکەینو لەپشکنینیش دەرنەچین، بەڵام کە منداڵێکی کەمئەندامی ببێت زۆر پەشیمان دەبێت لەو کارەی"، هەربۆیە ناوبراو بەپێویستی زانی کە حکومەت یاسایەک دەربکات بۆ ڕوبەڕووبونەوەی ئەو هاوسەرانەی لەپشکنین دەرناچنو سوورن لەسەر ئەوەی ژیانی هاوسەریی پێک بهێنن، چونکە دواجار منداڵێکی دیکەی نەخۆشو کەمئەندام دەخەنەوەو دوورنییە سەرلەبەری ژیانیشیان بشێوێنێت.

### سلێمانی زۆرترین نەخۆشی لێیە

لەهەرێمی کوردستان هەزارو نەوەدو شەش هاووڵاتی بەهۆی نەخۆشی سالاسیماوە دەناڵێننو ڕۆژانەو مانگانە بەشوێن پەیداکردنی خوێنەوەن، پسپۆڕان جەخت لەوە دەکەنەوە کە پێش هاوسەرگیری هاوسەرەکان، هەموو پشکنینێکیان بۆ دەکرێتو دڵنیادەکرێنەوە لەوەی نەوەیەکی نەخۆشیان دەبێت، بەڵام گوێی نادەنێ.

د.لوقمان خالید سەرۆکی بەشی هیمۆفیلیاو سالاسیمای سلێمانی جەخت لەوە دەکاتەوە کە هەڵگری نەخۆشی سالاسیما لەشاری سلێمانیدا لەشارەکانی تری هەرێم بەرزترەو بەپێی خەمڵاندنێکیان ڕێژەکە ٤ ـ ٥٪.

نابراو، پێیوایە کەم کچو کوڕ هەیە دوای پشکنینو دڵنیابوون لەوەی هەردووکیان نەخۆشی سالاسیمایان هەیە، لەو هاوسەرگیرییە پەشیمان ببنەوە کە بڕیارە پێکیبهێنن، "دوای ئەوەی بۆمان دەرکەوت باوکو دایک هەڵگری نەخۆشیەکەن، بانگیان دەکەینو بۆیان ڕوون دەکەینەوە، کە منداڵێکی نەخۆشیان دەبێت تاکۆتایی ژیان، ئامادەن نەوەیەکی وەها بخەنەوە کەچی کەم کەس پەشیمان دەبێتەوە لەو هاوسەرگیرییەو دەڵێن خواکەریمە".

لەلایەکی دیکەوە د.ڕاجی سلێمان بەرپرسی بەشی سالاسیمای دهۆک ئاماژە بەوە دەدات کە نزیکەی ٦٢٠کەس نەخۆشی سالاسیمایانەو هۆکاری ئەوەش بۆ کەمیی هۆشیاری خەڵک دەگەڕێنێتەوە، "هەندێ لەدایکو باوک دەزانن نەوەکانیان نەخۆش دەبن، کەچی هاوسەرگیری دەکەن".

### ٣٠-٤٠ساڵی تر نەخۆشیەکە بنەبڕ دەکرێت

بەرپرسی سەنتەری سالاسیمای هەولێر ئاماژە بەوە دەدات کە ئەگەر پلانێکی تۆکمە دانەنرێت بۆ ڕێگیری لەو نەخۆشیە، ئەوا بەرەو زیادبوون دەچێت.

د.جەمال ئەحمەد زەکی ئاماژە بەوە دەدات کە نەخۆشییەکە بۆماوەییەو لەدایکو باوکەوە دەگوازرێتەوە بۆ نەوەکانیان، ئەگەر کەسێک نەتوانێت بەشێوەیەکی دروست خوێن دروست بکاتو ژنو پیاوێک هەردووکیان هەڵگری ڤایرۆسەکەبن، بۆ دروستبوونی هەر منداڵێک بەرێژەی ٢٥٪چانسی تووشبوونی دەبێت، چونکە "هیمۆگلۆبینەکەی نابێت ١٠کەمتربێت، هەرچەندە ئەو نەخۆشانە بەبێ خوێن ناژین، بەڵام ئەو پرۆسەی خوێن تێکردنەش یەکێکی ترە لەنەهامەتییەکانی نەخۆش، چونکە بەدرێژایی کات کێشەی تر بۆ جەستەی کەسەکان دروست دەکات"و ئەو خوێنەش مادەی ئاسنی تێدایەو ئاسنەکە لەناو لەشدا کۆدەبێتەوە، "ڕەنگە ئەو کۆبوونەوەیە لەناو دڵ یان جگەر یان مێشکیدا کۆببێتەوەو کێشە بۆ نەخۆشەکە دروست دەکات، پێویستە دەرزیی دیسفیراڵ بەکاربهێنێنت".

ناوبراو ئەوە ناشارێتەوە کە تائێستا ٥٠٠کەس لەشاری هەولێر ئەو نەخۆشییەیان هەیە، بەڵام جەخت لەوە دەکاتەوە کە ئەگەر پلانێکی بۆ دابنرێت، ڕەنگە لەسی چل ساڵی داهاتوودا نەخۆشییەکە لەکوردستاندا نەمێنێت، "ماوەی مانگێک نەخۆشەکانی ئێمە نۆسەد بۆ هەزار بوتڵ خوێنیان دەوێت، ٨٠-٨٥٪ی ئێمە دابینی دەکەین، ئەوەی تری نەخۆشەکە خۆی دابینی دەکات".



٨٢٪ی گەنجان ئامادەنین دەستبەرداری خۆشەویستەکانیان بن گەر هاتوو لەپشکنینی خوێن دەرنەچوون

## وەرزشکردنو خواردنی شیاو بۆ ژیانێکی باشتر

کەم کەس دەزانێ لەجەستەو گیانی سکرتێری دایرەکان، بازارییەکان، فەرمانبەرانو ئەو کەسانەی لەسەر کار بەردەوام دادەنیشنو خەریکی کاسپیو کارنو کەم دەجوولێنەوە، چی ڕوو دەدات؟ بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە کە زانیارییەکانو پسپۆڕانی بواری تەندرووستی نیگەرانی کاریگەرییەکانی خراپی کەم جووڵانەوەی ئەو جۆرە کەسانەنو زۆرجار کێشەی بچووکو گەورەیان بۆ پێش دێت.

تیمارکردنی کێشەکانی جەستەیی زۆرجار بەبەکارهێنانی جۆرەکانی دەرمان، فیزیۆتراپیو زۆرجاریش نەشتەرگەر ڕوو دەدات، بەڵام بەتەرخانکردنی کەمێک کات لەرۆژدا دەتوانین جگەلەبوونی جەستەو ڕوحێکی شادو دڵخۆش، ساڵانی زۆر بەبێ کێشەو گرفت چێژ لەژیان وەربگرین.

توێژینەوە پزیشکییەکان دەریان خستووە، مێشکی مرۆڤ ڕێژەیەکی زۆر لەهێزی مرۆڤەکان دەسووتێنێو کاتێ ئەم چالاکیانە دووپات ببنەوە، مێشک ماندوو دەبێو لەشی مرۆڤیش تووشی کزی دەبێ، بەڵام دەتوانین ئەم کێشەیە بەخواردنی گونجاوو جووڵەی ڕێکوپێکی وەرزشی هەتا ڕادەیەکی زۆر چارەسەر بکەین. لەوانەیە سەرنجڕاکێش بێت کە چالاکییەکانی مێشک زیاتر لەچالاکییەکانی لەشی مرۆڤ ماندوو دەکات. پسپۆڕانی بواری تەندرووستی دەڵێن، لەلایەک چالاکی لەشو وەرزشکردنو سوودوەرگرتن لەبەرنامەی خواردنی شیاوو بەسوود دەبێتە هۆی دروستبوونی هۆرمونێک بەناوی "ئاندرۆفین" لەلەشی مرۆڤدا کە دڵخۆشیو سەرزیندوویی دەبەخشێتە مرۆڤەکانو دەبێتە هۆی ئەوە کە کالیۆرەکانی وەرگری لەش، بۆبەهێزبوونی ماسولکەکان بەکار ببرێتو ئەمە ژیانمان شیرینترو خۆشتر دەکات.

پسپۆڕان دەڵێن، پێشگیریکردن لەماندوویەتی، کێشی زیادی، گۆڕانکاری مەترسیدار لەشێوەی ئاناتۆمی لەش، پێکهێنانی ئارامیو لەنێوبردنی ئیسترێسو دڵەڕاوکێ، ڕواڵەتی جوانو ڕازاوەو زۆر خاڵی دیکە، هەموویان لەسوودەکانی وەرزشکردنو بوونی بەرنامەیەکی خواردنی ڕێکوپێکو زانستییە.

## لەرێی ڕۆبۆتەوە نەشتەرگەری دڵ بۆ ژنێک دەکرێت

نەشتەرگەرەکانی بەرازیل بەکەڵکوەرگرتن لەرۆبۆتێک کە چەند باسکێکی هەیە، بۆ یەکەمینجار لەنەشتەرگەرییەکی کەموێنەدا کەموکورتی دڵی ژنێکیان نۆژەنکردەوە.

رابینسۆن پۆفۆ یەکێک لەپزیشکەکانی ئەم نەشتەرگەریە ڕایگەیاند کە ئەو نەشتەرگەرییە لەنەخۆشخانەی سائۆپائۆلۆ لەسەر دڵی ژنێکی ٣٥ساڵە کە کەلێنێک لەنێو بەشی ڕاستو چەپی دڵیدا درووست ببوو، ئەنجامدراو دکتۆرەکان توانیان بەیارمەتیی ئەم ڕۆبۆتە کەموکورتی نێو دڵی ئەو نەخۆشە چارەسەر بکەن. ئەو یاریدەدەرە ڕۆبۆتە بەتێکنۆلۆژی پێشکەوتووانە خاوەن چوار باسکەکە ئەتوانێ بەکردەوەی مایکرسکۆپیو لەرێگای سێ برینی بچووک بچێتە نێو لەشو پزیشکەکان بەکەڵکوەرگرتن لەکامێرایەکی بچووکی ئاندۆسکۆپی کە دەیخەنە نێو لەشی نەخۆشەکە، ئەم ڕۆبۆتە ڕێنوێنیو کونترۆڵ دەکەن.

د.پۆفۆ ڕایگەیاند کە بەیارمەتی ئەو ڕۆبۆتە لەبرینێکی ٢٥سانتیمەتری لەسەر سنگی نەخۆش پێشگیری کراوەو نەخۆش لەجیاتی ١٠ڕۆژ مانەوە لەنەخۆشخانە دەتوانێ دوای سێ یان چوار ڕۆژ لەنەخۆشخانە بێتە دەرێ، "ئەم نەشتەرگەرییە بەیارمەتیی ڕۆبۆت لەدەیەی ڕابردوودا لەئەوروپاو ئەمریکای باکوور ئەنجامدراوە، بەڵام لەئاستی ئەمریکای لاتین هەتا ئێستا کارێکی بێوێنە بووە".

# پێشنیازێک بۆ وەرزی حەجو عومرە

مەریوان نەقشبەندی



سالأنە نزیکەی ١٥هەزارکەس لەهەرێمی کوردستانەوە بەمەبەستی فەریزەی حەجو ئەنجامدانی عومرە سەردانی عەرەبستانی سعودیەو بەتایبەتیش هەردوو شاری مەککەو مەدینەی پیرۆز دەکەن، جگەلەکرێی هاتوچۆی فرۆکەو هاتوچۆی ئۆتومبیلو ئوتێل لەهەردوو وەرزی حەجو عومرەدا نزیکەی ٤٠ملیۆن دۆلار دەبێت، حاجیو عومرەکارانی هەرێمی کوردستان کە بۆماوەیەکی زۆر لەسعودیە دەبن، نزیکەی ١٠ملیۆن دۆلار بۆ خواردنو کڕینی دیاری بۆ کەسوکاریان خەرج دەکەنو سودێکی زۆر بەخاوەن چێشتخانەودوکاندارو کۆمپانیاکانی سعودیەو ئەو وڵاتانە دەگەیەنن کە لەوەرزەکانی حەجو عومرەدا لەم دوو شارەی سعودیە کاردەکەن.

لەپێناو گەڕانەوەی ئەو سودە مادییە زۆرەی حاجیانی کورد بۆهەرێمی کوردستان، پێشنیاز دەکەم بەهەماهەنگی لەگەڵ بەرێوەبەرایەتی گشتی حەجو عومرەی وەزارەتی ئەوقافی حکومەتی هەرێمو خاوەن کۆمپانیاکانی حەجو عومرەی کوردستان، لەهەردوو شاری مەککەو مەدینە لەوەرزی حەجو عومرەدا خاوەن چێشتخانەو سەرمایەدارەکانی کورد ئەرکی دروستکردنی خواردنو گەیاندنی بۆ شوێنی نیشتەجێبوونی حاجیانی کورد لەسعودیە بگرنە ئەستۆ، چونکە یەکێک لەگرفتەکانی حاجی عومرەکارانی کورد لەسعودیە خراپیو ناتەندروستی جۆری ئەو خواردنەیە کە لەسعودیە دروستدەکرێت، دڵنیام کردنەوەی چێشتخانەی کوردی لەهەردوو شاری مەککەو مەدینە ڕەواجێکی زۆری دەبێت نەک هەر بۆ حاجیو عومرەکارانی هەرێمی کوردستان، بەڵکو بۆ حاجیو عومرەکارانی کورد لەهەر چوارپارچەی کوردستانو ئەو کوردانەی لەئەوروپاوە دێن بۆ سعودیە، هەروەها داواش لەحاجیو عومرەکارانی کوردستان دەکەم ئەو دیاریانەی کە لەسعودیە دەیکڕن بۆ خزمو کەسوکاریانو دروستکراوی دەرەوەی سعودیەیەو لەبازارەکانی کوردستان هەیە، لەدوکانو بازارەکانی خۆمان بیکڕنو ئەو سودە بەخەڵکو ئابووری کوردستان بگەیەنن.

# لەپەتپەتێنی حیزبییەوە بۆ ئایین گۆڕین

## لەکوردستان جگە لەموسوڵمان، جولەکەو شیوعیش دەبنە مەسیحی

**هەرچەندە سەدان مسوڵمان لەعێراقو هەرێمی کوردستان بوونەتە مەسیحی، بەڵام ئەم پرۆسەیە تەنها بەموسوڵمانەکانەوە نەوەستاوەو لەڕێگەی کڵێسای کورد زمانەوە لەهەولێر چەندین جوولەکەو شیوعیش بوونەتە مەسیحی.**

هیمن بابان رەحیم لەهەولێر

سالأنێک لەمەوپێش پەتپەتێنی خەڵکی لەحیزبێکەوە بۆیەکێکی دیکەو گەڕان بەدوای کۆکردنەوەی زۆرترین ئیمتیازو بەرژەوەندی لای هەندێ کەس ببوە خوو، بەڵام لەئێستادا جۆرێکی دیکەی پەتپەتێن سەریهەڵداوە کە زۆرتر بەرۆکی بیروباوەڕی ئایینی دەگرێتەوەو هاووڵاتیان ئایینی خۆیان دەگۆڕن؟

ئایین گۆڕین لەهەرێمی کوردستانو عێراقو ناوچەکە روو لەپەرەسەندنەو ماوەی چەند ساڵێکە، کڵێسای کوردزمان هەوڵێکی چڕوپڕی خستوەتەگەڕ بۆ بڵاوکردنەوەی پەیامی مەسیحیەتو ئەوەش نیگەرانی لای هەندێ لەپێڕەوکارانی ئایینەکانی دیکە دروستکردووەو هاوکات هەندێ لەپێڕەوکارانی ئایینی مەسیحیش پشتگیری هەوڵەکانی کڵێسای ناوبراو ناکەن.

### کەس بەزۆر ناکرێت بەمەسیحی

سەعید محەممەد، قەشەی بەشی "راه زندگی"ی کڵێسای کوردزمان لەهەولێر، باس لەوە دەکات کە کاری ئەوان خزمەتکردنو ناساندنی ڕێگەی راستە بەگەلی کوردستان، "کار لەسەر ئەوە دەکەین قوتابییەکانی مەسیح لەکوردستاندا زیاد بکەین، دەمانەوێ کورد بزانێ مەسیح رزگارییە".

راه زندگی، بەشی فارسیی کڵێسای کوردزمانەو لە ٢٠٠٥/٢/١٥ لەهەولێر دامەزراوە.

قەشە سەعید ئاماژە بەرێورەسمو کارەکانی کڵێساکەیان دەکات کە هەفتانەسێ خزمەتگوزاریی بەزمانەکانی کوردی، فارسی، عەرەبی، پێشکەشی میوانەکانیان دەکات، "هەر بەشێک ژمارەیەک باوەڕداری هەیە، ئێمە کار لەسەر ژمارە ناکەین، بەڵام تا دێت ڕێژەکە لەزۆربووندایە".

### ڕێکخراوە تەبشرییەکان کاری ئیستفزازی دەکەن؟

ڕێکخراوو کڵێسا تەبشیرییەکانی ئایینی مەسیحی، بریتین لەوانەی "مزگێنی" دەدەن بەگوێی هەموو مرۆڤێک بەبێ جیاوازی ئایینو مەزهەبو ئەوانەش پێیاندەوترێت ئینجیلییەکان، چونکە مزگێنی ئینجیل دەدەن.

سەرۆکی ئەسقەفەکانی کەرکوک، مەتران لویس ساکۆ، رەخنەی زۆری لەکڵێسای کوردزمان هەیەو جەخت لەوە دەکاتەوە کە ئەو ڕێکخراوە تەبشیرییانەی هاتوونەتە عێراق زیانێکی زۆریان بەمەسیحییەکان گەیاندووە، چونکە زۆرجار کاری ئیستیفزازی دەکەن، "دەبێت سنوورێکیان بۆ دابنرێت، چونکە ئەوان بەشەقامو کۆڵانەکاندا دەچنو ئینجیل دابەش دەکەن، زۆرجار دەیانەوێ مزگێنی بەئێمەش بدەن کە هیچ پێویستمان پێی نییە".

### دووهەزار کەس بوونەتە مەسیحی

بەپێی زانیارییەکانی سەرچاوەیەکی ئاگادار لەکڵێسای کورد زمان کە نەیویست ناوی بنوسرێت، ژمارەی ئەو کوردانەی لەهەرێمی کوردستان، مەسیحیبوونی خۆیان راگەیاندووە لەدووهەزار کەسەوە نزیکە.

مورتەزا محەممەد، کە کوردێکی خۆرهەڵاتی کوردستانەو ئەندامی ئەنجومەنی بەڕێوەبردنی کڵێسای کوردزمانە لەهەولێر، وێڕای پشتڕاستکردنەوەی ئەو ژمارەیە جەخت لەوە دەکاتەوە کە ئەوانەی دەبنە باوەڕداری مەسیحی لەکڵێسای کوردزمان بەزۆری مسوڵمانن، "چەند ئێزدیو کاکەییو چەند جولەکەو کۆمۆنیستێکی ئێرانیش هاتوون لەکلێساکەمان بوون بەمەسیحیو گەڕاونەتەوە ئێرانو ئێستاش باوەڕدارن".

بەوتەی قەشە سەعید، ئەوان هیچ کێشەیەکیان لەگەڵ ئایینی ئیسلامدا نییەو مامۆستایانی ئایینییەکانی مسوڵمانانیشیان خۆشدەوێت، جگەلەوەش " فلسێک لەهیچ وڵاتو ڕێکخراوێکی بیانی وەرناگرین، خوشکو برایانی خۆمان ئەوانەی باوەڕیان هێناوە پارە بۆ کڵێسا کۆدەکەنەوە".

### کڵێسای کوردزمان کێشەی ئایینی دروست دەکات؟

ئەگەرچی کڵێسای کوردزمان لەهەولێر، بەپێی فەرمانی ژمارە ٤٩٦٥ی وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان، لەرۆژی ٢٠٠٤/٥/٣١ مۆڵەتی کارکردنی پێبەخشراوەو بەشێوەیەکی رەسمی کارو چالاکیو ریورەسمەکانی ئەنجام دەدات، بەڵام زۆرجارو بەشێوازی جۆربەجۆر تۆمەتبار دەکرێن.

مەغدید کەریم، وتارخوێنی مزگەوتی حاجی بەکری زەرەنگەر لەهەولێر، جەخت لەوە دەکاتەوە کە کڵێسای کوردزمان کار لەسەر دروستکردنی کێشەی ئایینی دەکات لەکوردستاندا، کە لەبنەڕەتدا بۆخۆی بوونی نییە، "ئەوانە کۆمەڵەیەکن هیچ بەڵگەو شتێکی زانستیو راستییان لانییە، لەلایەن بێگانەو ئەو کەسانە هاندراون کە دەیانەوێ گەلی کوردی مسوڵمان لەرێبازو رێچکەی ئیسلام پەشیمان بکەنەوە، ئەو کەسانەشی دەبنە مەسیحی کەسانی مولتەزیم نین بەئایینی ئیسلام، بەدوای هەندێک شتی دونیایی کەوتوون".

بەوتەی مەلا مەغدید، ئەوانەی مسوڵمانن و ئایینی خۆیان بۆ مەسیحی دەگۆڕن، بە هەڵگەڕاوە( مرتد ) دادەنرێن، بەڵام "لەبەرئەوەی سیستەمێکی ئیسلامی لەئارادا نییە، پێویستە بدرێنە دادگا، ئێمە داواشمانکردووە لەیەکێتی زانایان بۆئەوەی ئیدانە بکرێن".

بەپێچەوانەی ئەو بۆچوونەی سەرەوە، قەشە سەعید کە پێشتر مسوڵمان بووە، نیگەرانە لەوەی بەهەڵگەڕاوە ناویان ببرێت، چونکە"ئەوانە ڕێگەی راستییان دۆزیوەتەوەو باوەڕیان بەمەسیح هێناوە، لەژێر فشاردا کەس ناکەینە باوەڕدارو بەزۆر بەهیچ کەسێک ناڵێین وەرە باوەڕ بەمەسیح بهێنە، راستییەکانیان پێدەڵێینو مرۆڤ ئازادە کە بزانێت چاک چییەو خراپ چییە؟"

هەروەها ئاشکراشیکرد کە داوایان لەپەرلەمانی کوردستان کردووە بۆ ئەوەی لەبری وشەی ( مسلم ) لەپێناسەکانیاندا مەسیحی یان باوەڕدار بنووسرێت، یان بەبۆشی بەجێبهێڵدرێت، "لە ئێستاشدا ئەو داوایەمان لەلایەن پەرلەمانەوە لەژێر لێکۆڵینەوەدایە".

# جەژنی کلدانو ئاشوریو سریان شەقامەکان دەڕازێنێتەوە

**لەیەکی نیسانی ئەمساڵدا، نزیکەی پێنج هەزار مەسیحی ڕژانە سەر جادەکانی دهۆکو ئاهەنگیان گێڕا، بەبۆنەی هاتنی ڕۆژی ئەکید کە جەژنێکی هاوشێوەی جەژنی نەورۆزە.**

جەمال حسێن لە بادینان

لەساڵی ١٩٦٥وە، مەسیحییەکانی کوردستان لەڕۆژی یەکی نیساندا ئاهەنگێکی جەماوەری بەبۆنەی ڕۆژی ئەکید سازدەکەنو زیاتر لە ٦٠هەزار مەسیحی بەشداری لەو ئاهەنگەدا دەکەن.

لەگەڵ ئەوەی چەندین بۆنەو جەژنی جیایان هەیە، بەڵام هەموو ساڵێکو بەبۆنەی هاتنی سەری ساڵی ئاشوریو کلدانو سریان، مەسیحییەکان دێنە سەرشەقامو ئاهەنگ دەگێڕن.

یونادم کەنا، ئەندامی پەرلەمانی عێراقی فیدراڵ لەسەر لیستی ئاشوری، کە بەشداربووی ئاهەنگەکە بوو، ئاماژەی بەوە کرد، کە ساڵانە بەبۆنەی هاتنی سەری ساڵی ئاشوریو کلدانو سریان، "ئێمە دێینە سەر شەقامەکانو ڕێپێوان ساز دەکەین".

هەر لەو جەژنەدا، تەواوی مەسیحییەکان بەگەنجو پیرو منداڵەوە، ماڵەکانی خۆیان جێدەهێڵنو سەرشەقامەکان دادەگرن.

تەمارا دنخا، وەکو کچێکی مەسیحی کە لەناو ڕێپێوانەکەدا بوو کەیفخۆشی خۆی بۆ ئەو ڕۆژە دەربڕیو وتی: "ئەم ڕۆژە یەکێکە لەخۆشترین ڕۆژی مەسیحییەکانو ئێمە هەموومان پێکەوە بەخۆشیو ئازادانە کچو کوڕو پیرو منداڵ دێینە سەرشەقامەکانو کەیفخۆشی خۆمان پیشانی هەموو جیهان دەدەین".

ئەو کچە مەسیحییە ئەوەشی نەشاردەوە کە ئەوان جگەلەوەی چەندین جەژنی تریشیان هەیە، بەڵام "ئەم ڕۆژەش وەکو جەژنێکە بۆ ئێمە، چونکە هەموومان پێکەوە کۆدەبینەوەو هەست بەهەبوونی مەسیحیەت لەناو دهۆکو هەرێمی کوردستاندا دەکەین".

ئەو مەسیحییانەی لەو ئاهەنگەدا بەشداربوون، هەموویان هاووڵاتی ناوخۆی هەرێمی کوردستان نەبوون، بەڵکو بەشێکیشیان لەئەمریکاو ئەوروپاوە بەمەبەستی بەشداریکردنیان لەئاهەنگەکەدا هاتبوون.

مۆشی گۆریال، گورانیبێژیکی مەسیحییەو لەکیشوەری ئۆستورالیاوە هاتبوو بۆئەوەی بەشداری لەو ڕێپێوانەدا بکاتو وتی: "زۆر خۆشحاڵم بەبەشداریکردنم لەم ڕێپێوانەدا".

مەسیحییەکان بەراورد بەناوچەکانی دیکەی عێراق سێ پارێزگاکەی هەرێم بەناوچەی ئارامی خۆیان دەزاننو هەوڵەکانی حکومەتیش بەرز دەنرخێنن، لەوبارەیەوە یونادم کەنا ئاماژە بەوە دەدات کە حکومەتی هەرێمی کوردستان هەموو کاتێک لەخزمەتی مەسیحییەکاندا بووەو ڕێگای بۆ مەسیحییەکان خۆشکردووە ژیانیان بەهێمنیو خۆشی بەڕێوەببەن، "ئەوانەی لەم ئاهەنگەدا بەشداربوون، نەکو تەنها لەدهۆکەوە هاتوون، بەڵکو بەشێکیان لەپارێزگای هەولێرەوە هاتوونەو بەشیکیش لەئەوروپاو ئەمریکاوە، ئەمەش هەمووی بەئاسانکاری حکومەتی هەرێمە".



سالأنە کلدانو ئاشوریو سریانەکان لەیەکی نیساندا جەژنی ئەکید دەگێڕن

فۆتۆ: ئەمیر محەممەد

# ماستۆربەیشن و کاریگەرییەکانی

## ماستۆربەیشن بەنەخۆشی دادەنرێ گەر ببێتە بەدیلی مارەسەی ئاسایی

دڵەفرام حەسەن
پسپۆری نەخۆشییە دەروونییەکان

ماستۆر بەیشن Masturbation بریتییە لەوەی تاک بۆ تێرکردنی ئارەزووی سێکسی خۆی پەنا دەباتە بەر ئاوهێنانەوە بەهەر ڕێگەیەک بێت، بەخەیاڵ یان بەدەستلێدانی کۆئەندامی زاوزێی خۆی یان هەر ڕێگەیەکی تر کە بەهۆیەوە هەست بەخۆشی بکاتو ئاوی بێتەوە.

هێشتا قسەی زۆر هەیە کە ئەمە بەلادان دادەنرێت یان نا؟ بەڵام ئەم حاڵەتە زۆر بڵاوە لەهەردوو ڕەگەزەکەدا هەیە، ئەگەر بەلادان دابنرێت بەپێی زۆربەی زۆری توێژینەوەو سەرژمێرییەکانو واقعی کۆمەڵەکان دەتوانین بڵێین ئەوانەی کە ئەم لادانەیان نییە زۆر کەمن ڕێژەی سەدیان بەپەنجەکانی دەست دەژمێرێت، لەسەرجەم کۆمەڵگاکان بەتایبەتی کۆمەڵگا داخراوەکان. خۆئەگەر سەرژمێری کۆمەڵگە کراوەکان ئاماژە بە٩٥٪ی کوڕانو زیاتر لە٨٥٪ی کچان بدات تاوەکو تەمەنی ١٥ساڵی، ئەوا هەندێ توێژینەوەی تر ئاماژە بەنزیکەی ١٠٠٪ بکات بۆ کوڕانو هەندێک کەمتر بۆ کچان، دەبێ واقعی کۆمەڵگا داخراوەکان چی بێ؟

توێژینەوەیەکی تر لەئەڵمانیا کە سکمیدتو سیگۆش Schmidt and Sigusch لەساڵی ١٩٧٠ پێی هەڵساون باس لەوە دەکات کە ڕێژەی ئاوهێنانەوە بەدەست لەنێوان خوێندکاری کوڕو کچ لەلایەکو کرێکارانی کوڕو کچ لەلایەکی ترەوە بەم جۆرەیە:

| تەمەن | خوێندکاری کوڕ | خوێندکاری کچ |
|---|---|---|
| ١١ساڵی | ٪١١ | ٪٩ |
| ٢٠ ساڵی | ٪٩٠ | ٪٤٠ |
| تەمەن | کرێکاری کوڕ | کرێکاری کچ |
| ١١ساڵی | ٪١٦ | ٪٥ |
| ٢٠ ساڵی | ٪٩٢ | ٪٥٧ |

سەبارەت بەتەمەنی دەستپێکردنی ئاوهێنانەوە بەدەست بەتەواوی دیار نییە. لەلای کۆمەڵگا داخراوەکان باس لەچەند ساڵی پێش هەرزەکاری دەکەن، بەڵام واقعی کۆمەڵگەو توێژنەوەکانی ئەوروپا باس لەتەمەنێکی زۆر پێشتر دەکەن بۆ نموونە:

توێژینەوەیەک لەئەمریکا کە لەباخچەی ساوایاندا کرا لەسەر ٥٨٠منداڵ کە تەمەنیان لەنێوان ٢_٥ساڵیدا بوو، ٣٠٠کچ ٢٨٠ کوڕبوون، باس لەوە دەکات کە لەتوێژینەوەیەکی هاوشێوەدا لەسەر هەزار منداڵ لەئەڵمانیا کە تەمەنیان لەنێوان ٧_٩ساڵی دەبوو ٥٣٪یان، ماستۆربەشین دەکەن.

سەبارەت بەسوودو زیانی ئەم کردارە گەلێک شت وتراوە کە زۆربەی زۆری لەراستی زانستییەوە دوورەو زیاتر لایەنە فکرییەکان بەئارەزووی خۆیان سوودو زیانی ئەم کردارە بەبێ توێژینەوەی زانستی دیاری دەکەن، هەندێ باس لەتێکچوونو کوێریو نەخۆشی دڵو شێرپەنجەو..تد، دەکەن. هەندێکی تر باس لەئارامی دەروونیو خۆشیو کەسایەتی بەهێزوو تەجروبەی ژیانو بەهێزبوونی توانای سێکسی دەکەن.

لەراستی دا هەردوولا زۆر بەهەڵەدا چوون راستی زانستی دژی بۆچوونی هەردووکیان دەوەستێت، بەڵام دەتوانین هەندێ راستی کۆمەڵایەتیو زانستی بڵێین.



ماستۆربەیشنی زۆر دەبێتە هۆی خەمۆکیو پەشیمانی

### زیانەکانی ماستۆربەیشن

١. لە رووی دەروونییەوە تاک زۆرجار هەست بەنائارامی دەکاتو هەمیشە هەست بەوە دەکات کە کارێکی کردووە پێچەوانەی خواستی کۆمەڵو خێزانە بۆیە ترسی پێزانینی هەیە.

٢. لەرووی توانای سێکسییەوە بۆ ئایندە کاریگەرییەکەی بریتیە لەوەی کە:

- ئەگەر بۆماوەیەکی زۆر ئەمە بکات بەرێژەیەکی زۆر رۆژانە یان رۆژی چەند جارێ دەبێتە هۆی کەم بوونەوەی تۆواو.
- رێژەیەکی نادیاری کراو لەمانە لەئاییندەدا تووشی هاویشتنی پێشوەخت دەبن Rapid Ejaculation کە کێشەیەکی گەورەیان لەرووی سێکسییەوە لەگەڵ هاوسەری ئاییندەیاندا تووش دەبێت، چونکە ناتوانن بەردەوام بن لەسەر تێرکردنی هاوسەرەکەیان.

٣. لەرووی فکرییەوە کاریگەری لەسەر ئاستی خوێندن رەنگە هیچ توێژینەوەیەک نەبێ باس لەم کاریگەرییە بکات بەشێوەیەکی باوەرپێکراو، بەڵام ئەوەی ئاشکرایە کاتێکی زۆر لەخوێندکاران دەگرێ بەهۆی خەیاڵکردنەوەیو پیسبوونی پۆشاکو خۆشتن، ئەوەش کاردەکاتە سەر ئاستی خوێندن.

٤. لەرووی کۆمەڵایەتییەوە کەسەکە زیاتر لەکۆمەڵ دادەبڕێتو بەرەو تەنهایی دەڕوات، زۆرجار لەپەیوەندی سێکسی راستەقینە دەسڵمێتەوە.

٥. هەندێجار کەسەکە پاش دروستکردنی خێزانیش بەردەوام دەبێتو بەرەو تەنهایی دەڕوات، زۆرجار لەپەیوەندی سێکسی راستەقینەدەسڵەمێتەوە.

٦. بەردەوامبوونی لەسەر ئەم ئەم کردارە مانای ناکامڵبوونی سێکسی دەگەیەنێت.

### سوودەکانی ماستۆربەیشن

١. وەکو وتمان باس لەکۆمەڵێکی زۆر دەکرێ کە هیچ پاڵپشتی زانستی نییە، بەڵام دەتوانین بڵێین ئاشکرایە کە واقعی ئەمرۆ لەسەرجەم کەناڵەکانی ژیانەوە راگەیاندنو فەرمانگەکانو زانکۆو پەیمانگانو ناوبازاڕو سەیرانگاکانو..تد، پڕە لەو دیمەنانەی کە وروژێنەری سێکسین بۆ لاوان، واقعی ئابووری ئەمڕۆ ڕێگرە لەبەردەم لاوان بۆ دروستکردنی خێزانو بوونی هاوسەری سێکسی هەروەها بوونی واقعێکی کۆمەڵایەتیو ئایینی ئەوتۆ کەرێگرە لەبەردەم هەموو چالاکییەکی سێکسی تەنانەت لاوەکییەکانیش، دەبێ چ بوارێ بۆ گەنج مابێ کە توانای سێکسی خۆی بەتاڵ بکاتەوە جگە لەم ڕێگەیە.

٢. ڕێگەیەکە بۆ خۆبەتاڵکردنەوە بەبێ ئەوەی بکەوێتە کێشمە کێش لەکەڵ دابو نەریتی کۆمەڵو ئایین، واتە بەرەنگارییەکی ترسنۆکانەیە گەر بۆماوەیەکیش بێت ئەو کەسە هەست بەبرێک لەکەم بوونەوەی گوشار دەکات.

٣. دەبێتە ڕێگر لەبەردەم لادانی گەورەتر وەکو نێربازیو لادانەکانی تر کەزیان بەتاکو کۆمەڵ دەگەیەنێت.

٤. لای هەندێک کەس کاتێکی زۆری لێدەگرێ، بەڵام دەشێت ئەمە لای هەندێکی تر کاتی بۆ بگەڕێنێتەوە، چونکە لەکاتی بوونی گوشارێکی وورووژاندنی سێکسی گەورە کە دەروازەی بەتاڵکردنەوەی نەبێ ئەمە خێراترین ڕێگەیە گەر کەسەکە پیادەی بکات بۆ ئەوەی بگەڕێتەوە سەر ئەو چالاکییەی کە دەیەوێت بیکات.

بەکورتی دەتوانین بڵێین سوودو زیانەکانی بەپێی تاک دەگۆڕێ، دەشێ هەندێ زیان بۆ تاک بەسوود بێت، بەڵام بۆ یەکێکی تر لەهەندێک باردا گوناه بێتو لە هەندێک حاڵەتی تر خێرێکی گەورەبێت!!

زۆر مومارەسە کردنی ماستۆبەشین دەبێتە هۆی:

١. شەکەتی هەستکردن بەماندوێتی بەردەوام.
٢. ئازاری بەشی خوارەوەی پشت.
٣. تەنکبونەوەی موو لەگەڵ موو وەرین.
٤. لاوازبوونی ڕەپبوون.
٥. ئاو هاتنەوی پێشوەخت.
٦. لێلی بینین.
٧. ئازاری گوونەکانو ناوچەی شەرم.
٨. ئازاری بەشی خوارەوەی سکو ئێسکەکان.
٩. کەمبوونەوەی تەرکیزو بیرچوونەوە بەهۆی زۆر دەردانی مادەی ئەستایک کۆلین.

### لەرووی پزیشکیەوە مەستۆربەشین بەنەخۆشی دادەنرێ ئەگەر:

١. کاتێک تاک نەتوانێت زاڵ بێت بەسەر خۆیداو کاتێکی زۆر بەسەر بەرێت بەم کارەوە.
٢.کاتێک ببێتە بەدیلی مارەسەی ئاساییو تاک نەچێتە پرۆسەی هاوسەرگیریەوە.
٣. موبالەغەی تێدا بکاتو کاتێکی زۆری پێوە بەسەر بەرێت.

### ماستۆربەیشن لەرووی شەرعییەوە:

لەکۆمەڵگە ئیسلامییەکاندا بەهۆی بوونی ئەو بۆ چوونەی کە خووە نهێنی ـ دەستپەڕ ـ حەرامە زۆرجار تاک بەتایبەتی گەر بڕواداربێت، هەست بەلۆمەکردن دەکاتو توشی دڵەڕاوکێو دڵتەنگی دەکات.

گەلێک فەرموودەی پێغەمبەر هەیە باس لە خووە نهێنی دەکات کە زۆربەی زۆریان لاوازن یاخود دروستکراون وەکو فەرمودەی: "ناکح کفیە ملعون".

ماستۆربەیشن لەروانگەی مەزهەبی شافیعیو مالیکی حەرامە بەبەڵگەی ئەم ئایەتانە:

والذین هم لفروجهم حافضون* الا علی ازواجهم او ماملکت ایمانهم فانهم غیر ملومین* فمن ابتغی وراو ذلک فاولئک هم العادون ـ (المعارج ٢٩_٣١).

هەمان سێ ئایەت لەسورەتی ئەلموئمینون دووبارە بۆتەوە: والذین هم لفروجهم حافیقون* الا علی ازواجهم او ما ملکت ایمانهم غیر ملون* فمن ابتغی وراو ذلک فاولئک هم العادون ـ (المومنمون ٥_٧).

لێرەدا راڤەی نهێنی بەخووە نهێنی بە (ماوراو ذلک) واتە هاوسەرو... حەڵاڵە.

٢. پشت بەستن بەم فەرمودەیە (رواه الامام الحسن بن عرفە فی جزئە المشهور حیپ قال: حدثنی علی بن ثابت الجزری عن مسلمە بن جعفر عن حسان بن حمید عن انس بن مالک عن البنی صلی الله علیە وسلم قال: سبعە لاینضر الله الیهم یوم القیامە ولا یزکیهم ولا یجمعهم مع لعالمین ویدخلهم النار فی اول الداخلین الا ان یتوبوا ومن تاب تاب الله علیە: الناکح یدە، والفاعل والمفعول بە، ومدن الخمر، والضارب والدیە حتی یستغیپا، والمؤزی جیرانە حتی یلعنوە، والناکح حلیلە جارە، هذا حدیث غریب واسنادە فیە من لا یعریف لجهالتە واللە اعلم). ئەم فەرموودەیە تارادەیەک نامۆیەو لە سەنەدەکەیا، کەسانی نەناسراوی تێدایە.

بەبۆچوونی مەزهەبی حەنەفی، ماستۆربەیشن مەکروهەو لەهەندێ حاڵەتدا موباحە، واتە نەخێری هەیە نەگوناه، وەکو:

- کەسێک مەترسی ئەوەی هەبێت تووشی گوناهی گەورە ببێت.
- کەسێک خێزانی نەبێتو نەتوانێت بچێتە پرۆسەی هاوسەریەوە.
- بۆ خۆ بەتاڵکردنەوە بێت نەک بۆ وراژاندنی شەهوە.

لەگەڵ هەموو ئەوانەدا، بەپێی ئیبن حەزم ماستۆربەیشن مەکروهەو گوناهی نییە.

## کوشتنی دوعا کۆتایی بەخۆشەویستی هێنا؟

کەژاڵ ئیسماعیل لەهۆڵەندا

سێ ساڵ بەر لەئێستا لەیەکێک لەناوچەکانی هەرێمی کوردستان چیرۆکی کوشتنی دوعا نووسرایەوە، چیرۆکێکی تراژیدی کە نەک بەتەنها کورد بەڵکو کۆمەڵگەی مرۆیی هەژاندو خرایە نێو لیستی خاڵبەندی ئەو چیرۆکە تراژیدیانەی کە پڕن لەتاوانی کوشتنو هەتککردنو سووکایەتیکردن بەژن، بەڵێ دوعا ئەو کچە ئاشقە تەمەن حەڤدەساڵانە بوو کە لەلایەن قەومو خوێشەوە نزیکو دوور، کەم تازۆر لەژێر ئاڵای "نا بۆ ئەشق، بەڵێ بۆ مەرگ"دا، بەشێوازێکی دڕندانە خوێنیان حەڵاڵکردو تادواهەناسەی لەژێر زوڵمەتی بەردو شەقی پیاودا ئازاری نۆشیو ڕۆحی گەییە پلەی شەهیدبوون.

کوشتنی "دوعا" بەتەنها سەپاندنی حوکمی بەردبارانکردن نەبوو بەسەر کیژێکدا، بەڵکو سەپاندنو قایمکردنی حوکمی موتلەقی پیاوبوو لەژێر حوکمی ئایدۆلۆژیای نێرسالاریو لەنێو کۆمەڵگەیەکی کۆنخوازدا بڕیاری تەحریمکردنی جوانترینو پیرۆزترین پەیوەندی ئینسانیو رۆحی بوو، وێڕای ئەوەی زەنگێک بوو بۆ ئاگادارکردنەوەی سەرجەم کچانو ژنانی چەپاوی ژێر زوڵمەتی نەریتپارێزیو عەشایەرگەریو تایفەپەرستی، وێڕای هەڵچنینی دیوارێک بۆ جوداکردنەوەی چینایەتی نێوان ئایدیاو مەزهەبەکانی نێو کۆمەڵگە.

دوعا، بووە سومبولی خۆێنبەخشینو گیانفیداکردنێکی مێیانەو پەردەی لەرووی گەیشتن بەچڵەپۆپی ناعەدالەتی یاساو حوکمی کۆمەڵگەی نێرسالاری گەیاندە نێو زۆرینەی کۆمەڵگە جیهانییەکانو ڕۆژانێک بووە سەردێرو مانشێتی ڕۆژنامەکانو هەواڵی نێو میدیا جیهانییەکان، لەهەمانکاتدا کۆمەڵگەیشی گەیاند بەپلەی ژنکوژی، ئاخر بەحوکمی کام ئایدیا، کام یاسا، کام ئایدۆلۆژییەت بەرد کراوەتە چەکی کوشتنی ئینسانێک کە لەدیدگەی پیاودا زەعیفەیەو لەنێو تەواوی کۆمەڵگەدا پلە دووی بەئینسانبوونی پێبەخشراوە؟!

بەتەنها دوعا نەکوژرا، بەڵکو دەیانو سەدان ژن بوونە قوربانی فیکری کۆنخوازو ئەقڵی لەقاڵبدراو کە زێدەی کولتورێکی چەپاوی کۆنخوازە دژ بەژنو مافو خواستەکانی. ڕۆژانە دەیان ژن ئەبنە سووتماکی زوڵمو زۆری نێو خێزانو کۆمەڵگە، خۆکوشتنو خۆسووتاندن، بەزۆر مارەبڕینو فرەژنیو سوکایەتی پێکردن چارەنووسی ڕۆژانەی ژنی نێو کۆمەڵگە کۆنخوازەکانە، نەک بەتەنها لەنێو کۆمەڵگەی ئێمە، بەڵکو لەتەواوی ئەو کۆمەڵگانەی فیکرو بیری چەپاوو کۆنخواز زاڵە بەسەریدا، ئاخر ئەگەر ژن نیوەی کۆمەڵگەو دایکی نیوەکەی دیکەی بێت بۆ ئەبێ بەناشرینترین شێوازو دڕندەترین ڕێگە بکوژرێتو تەرمەکەی لەبن بەردوو کەلاوە فڕێ بدرێت. خۆ قەدەرێکی دوور نییە کە کیژۆڵەیەکی ١٥ساڵ بەزیندوێتی کرا بەژێر گڵەوە لەگوندێکی کوردنشینی تورکیاو دواتر بەکۆنکرێت سەری داپۆشرا!!

دەیانو سەدان دوعا بوونە قوربانی ئەقڵییەتی پیاوسالاری، نەیاساو نەدەسەڵات لێیان نەهاتنە پرسیار، مێژووی کوشتنی کچانو ژنان مێژوویەکی نوێ نییە، بەڵکو سەدان ساڵە ژن کۆیلەی ژێردەستی پیاوە، بوونی لەنێو خێزاندا بەعەیبەو شەرم تەماشاکراوە، هەر لەسەرەتای چاخی کۆنی نەزانییەوە زیندەبەچاڵکردنی کچ دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی بووە بۆ بەرزکردنەوەی سەری باوک، دواتر خەتەنەکردنو برینی بەشێک لەجەستەی کچ بەمەبەستی کەبتکردنی ئارەزووە جەستەییەکانی هاتۆتە کایەو ئێستاشی لەسەر بێت کچ بەمەبەستی ئەتککردن دێتە خەتەنەکردن، بازرگانیکردن بەژنو کچانەوە، سەوداکردن بەگەورە بەبچووکو فرۆشتنی کچ بەپیاوی پیرو دەیان دیاردەی ناوازەی دیکە ژنیان گەیاندۆتە چڵەپۆپەی نائاسوودەگی.

ئەگەرچی دوعا شەهیدی ڕێگەی ئەشقێکی پاکو سونبولی گیانفیداکاری بوو، بەڵام بەکوشتنی ئەو خۆشەویستی کۆتایی پێنەهاتو بۆ ئەبەد بەردەوام ئەشق لەنێو دڵی ژنانو کچاندا بەجۆشتر ئەبێت. ئەشق بۆ ئازادی بۆ یەکسانی بۆ ئاسوودەییو ئەشق بۆژیان.

# داراو زارا دەپرسن

داراوزارا: بڕیارمانداوە هەرکاتێک پرسیارێکمان هەبوو لەبارەی ئەرکە: بایۆلۆژیی، دەروونییو سێکسییەکانی خۆمان، بەبێ هیچ ترسو شەرمو خۆخواردنەوەیەک بیخەینە بەردەم کلینیکی نم نم، تاوەکو بەڕاوێژ لەگەڵ کەسانی پسپۆڕو پشتبەست بەسەرچاوەی زانستیی، وەڵامی پرسیارەکان وەرگرینەوەو گومانەکانمان نەهێڵینو ببینە خاوەنی ڕۆشنبیرییەکی زانستیی دروست لەبارەی ڕۆحو جەستەی خۆمان، ئێوەی خوێنەریش دەتوانن بەشدارو هاوکارمان بن لەرێی ناونیشانەکانی ڕۆژنامەکەمانەوە.

nmnmpress@yahoo.com

**زارا: کورەکەم تەمەنی نۆ ساڵە زۆر ئەجولێتو ئاستی فێربوونی نزمە، چۆن مامەڵەی لەگەڵ بکەم؟**

**نم نم:** بەگشتی ئەو منداڵانەی زۆر ئەجولێن، تەرکیزیان لەسەر شتەکان کەمترە، زیاد ئەجولێنو درەنگ فێرئەبن. ئەو جۆرە منداڵانە پێویستیان بەمامەڵەی تایبەت هەیە چ لەلایەن دایکو باوک، یان مامۆستا لەخوێندنگا.

لەنێو کۆمەڵگەی ئێمەدا ئەو منداڵانە بەعەجول یان هاروهاج یان بێئەدەب لەلایەن دەوروبەرەوە بانگ ئەکرێن، ئەمجۆرە نازناوانە کاریگەری سلبیان لەسەر منداڵ هەیە، پێویستیان بەئارامیو هێمنی هەیە لەمامەڵەکردندا، پێویستە زیاتر لەرووی فێربوونەوە چاودێری بکرێن، جگەلەوەی پێویستە سەردانی پزیشکی پسپۆڕی منداڵان تایبەت بەدەروونناسی بکرێت، ئەوە وێڕای خوێندنەوەو بەدواچوونی ئەو کتێبو بابەتانەی تایبەتن بەچۆنێتی هەڵسوکەوتو مامەڵەی ئەو جۆرە منداڵانە، واتە ئەو منداڵانەی چالاکی جوولەو بزێوییان لەچالاکی تەرکیزو فێربوون زیاترە.

**دارا: حەزم لەسەفەرکردنە لەگەڵ هاوسەرەکەم، بەڵام ئەو ڕازی نییە منداڵەکان جێبێڵێت، بەمەرجێ منداڵی گەورەمان هەیە، چۆن بتوانم رازی بکەم؟**

**نم نم:** پێشنیازی سەفەرکردنو دوورکەوتنەوە بۆ ماوەیەک بەمەبەستی گۆڕینی شوێنو چێژوەرگرتنو تازەکردنەوەی خۆشەویستیو پەیوەندی هاوسەرێتی ڕێگەیەکی زۆر گرنگو باشە، بەڵام ژن کەمتر حەزی بەدوورکەوتنەوە هەیە، ئەویش بەهۆی ئەوەی زیاتر هەست بەلێپرسراوێتی ئەکات بەرامبەر بەمنداڵ، بۆئەوەی ژنو مێرد بتوانن دوور لەکێشەو دڵەڕاوکێ بۆماوەیەک لەماڵ دووربکەونەوە پێویستە پێشوەخت دڵنیابن لەوەی کە منداڵەکانیان توانای بەرپرسیارێتییان بەرامبەر بەیەکو خێزان چەندە، دواتر سپاردنی بەرپرسیارێتی بەکەسانی نزیکو دڵسۆز لەهەریەک لەژن یان مێرد، بۆ پشتبەستن بەخودو هەڵگرتنی توانای بەرپرسیارێتی هەنگاوێکی ئەکتیڤە ئەگەر دایکو باوک منداڵەکانیان جێبهێڵن، بێگومان ئەگەر ژن دڵنیابێت لەوەی بێ روبەڕووبونەوەی هیچ کێشەیەک منداڵ جێبهێڵێ ئەوکات بڕیاری سەفەرکردن ئیجابیو سەرکەوتوو دەبێت، ئەوە جگەلەوەی مەرج نییە دایکو باوک بۆ هەموو چوونە دەرەوەیەک منداڵ لەگەڵ خۆیان بەرن.

# نهێنی سەرکەوتنی ژیانی هاوسەریی

**و: چنوور قادری**



**خۆشەویستی ... ژیانی هاوسەریی جوانتر دەکات**

هاوارد مارکمەن، پزیشکی دەروونناس لەزانکۆی دینۆر لەو بڕوایەدایە کە خۆشەویستیو دەروستو پایەبندبوون بەپەیوەندیی ژنو مێردایەتی بۆ سەرکەوتن لەهاوسەرگیریدا پێویست نییە، هۆکارێک کە لەسەرووی هەموو ئەو شتانە پێویستە، شارەزایی لەگفتوگۆ کاریگەرەکانو کۆنترۆڵکردنی مشتومڕەکانە.

د.مارکمەن بەهاوکاری د.کلیفۆرد نۆتاریس لەزانکۆی کاتۆلیکی ئەمریکا، ١٣٥ ژنو مێردیان لەم بوارەدا خستە بەر لێکۆڵینەوەو دۆخی ئەوانیان تاوتوێ کرد. د.مارکمەن جەختی لەوە کردەوە کە گرنگترینو تەنیا هۆکار کە ئێوە دەتوانن بەهۆی ئەوەوە پێشبینی بکەن کە هاوسەرگیریتان تا چ ڕادەیەک درێژەی دەبێ، ئەوەیە کە چۆن مامەڵە لەگەڵ ناتەباییو مشتومڕەکانتان دەکەنو ئیدارەیان دەدەن.

ئەو دوو لێکۆڵەرە گەیشتنە ئەو ئاکامەی کە هەندێ نموونەو سەرمەشقی هەڵسوکەوتکردنی تایبەت، زۆرجار کاریگەری خراپی دەبێ لەسەر هاوسەرگیری بەتایبەت:

* کاتێ کە ژنو مێردێک ـ هەرچەندە زیاتر پیاوان ـ لەتێکهەڵچوونو دەمەقاڵە پاشەکشە دەکەن.
* لەگەڵ شێوانی دۆخەکە، کاتی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ناکۆکییەکانو بێتوانایی لەچارەسەرکردنیان.
* بەبێ متمانەکردنی پەیوەندی هاوسەرگیری لەرێگای پێشێلکردنی حورمەتو سووکایەتیکردن بەیەکتر. هەندێجار تانەو تەشەرێک دەتوانێ ٢٠ دژە کردەوە بەدوای خۆیدا بێنێت.

ئەو دوو پزیشکەو زۆربەی دەروونناسان ناڵێن کە لەمشتومڕو ناتەبایی خۆتان دوور بخەن. نێوان ناخۆشیو ناتەبایی لەهاوسەرگیریدا شتێکی حاشاهەڵنەگرە. مەسەلەی گرنگ ئەوەیە کە چۆن مامەڵەی لەگەڵدا بکەین. ڕەچاوکردنی ئەم خاڵانە دەتوانێ یارمەتیدەرتان بێ بۆ گەیشتن بەهاوسەرگیرییەکی سەرکەوتوو.

راستبین بن. هەندێجار ژنو پیاو لەبارەی هاوسەرگیری بۆچوونی ئامانجداریان هەیە. ئەم بیرۆکانە لەوەچەیەک بۆ وەچەیەکی دیکە گەیشتوونو ئەمڕۆ لەمیدیاکان باویان نەماوەو بەتەواوەتی هەڵگیراون. هەموو کەس دەبێ چاوەڕوانییە ئاشکراو نهێنییەکانی زەینی خۆی روون بکاتەوەو ئەم چاوەڕوانییانە بەجۆرێک دیاری بکات کە هەردووکیان بتوانن لێی تێبگەن. کاتێ کێشەیەک لەنێوان هاوسەراندا پەیدا دەبێ، سازشو ڕێککەوتنێکی دوولایەنە پێویستە.

هەوڵ نەدەن بۆ یەکتر ببن بەعادەت، ئەم بەڵاو دەردە زۆرجار دوای دەورەی سەرەتایی ژیان ئاشکرا دەبێو تەنانەت دەتوانێ پەیوەندیتان بکێشێنێتە قۆناخی جیابوونەوە. کاتێ هاوسەرمان لەجیاتی ڕێزگرتنو سەرنجدان، بێبایەخمان دەکاتو گرنگیمان پێنادات و بۆی دەبین بەعادەتو هەست دەکات کە کەسانی دیکە گرنگی زیاتریان هەیە، ئەو کاتەیە کە کێشەو ناکۆکییەکان دەستپێدەکەن. قسەکردنی ڕێکوپێکو بەردەوام لەگەڵ هاوسەرتان لەبارەی ئەوە کە ئەو چ هەستێکی لەمەڕ پەیوەندییەکەتانی هەیە، دەتوانێ هاوکارییەکی بەرچاوتان بکات بۆ پێشگیریکردن لەم کێشانە.

لێزانیو کارامەییەکانی گفتوگۆکردن. توانایی لەگفتوگۆکردندا یەکێک لەگەورەترین سەرمایەکانە لەهەموو پەیوەندییەکدا. توانایی لەجوانو ڕێکوپێک قسەکردنو گەیاندنی بابەتو دڵنیابوون لەمە کە لایەنی بەرامبەرت (گوێگر) لەمەبەستی ئێوە تێگەیشتووە، پێویستی بەپرۆڤەکردنێکی زۆر هەیە. زۆرجار ئێمە لەحاڵی وتنی بابەتێکداین، بەڵام لایەنی بەرامبەر بەتەواوی گوێ لەمژارێکی دیکە دەگرێت، بۆیە ئەو گوێگرە زۆرجار لەوەڵامدا یا قسەی خۆ دەکات یان بەو شتانەی کە ئێوە پێشتر بڕواتان پێی هەبووە، وەڵام دەداتەوە. دانوستانو قسەکردن پێویستی بەلێزانیو شارەزایی گەیاندن (ڕێکوپێک قسەکردن)و شارەزایی بیستن هەیە. بەبێ ئەم دوو هۆکارە، گفتوگۆکردن بێسوودە. ئەمجارە کە ویستتان لەبارەی پرسێکی گرنگ لەگەڵ هاوسەرتان قسە بکەن، ئەم فاکتەرانە لەبەرچاو بگرن:

١. کاتێکی گونجاو بۆ قسەکردن هەڵبژێرن تاوەکو باسەکەتان نەپچڕێتو بەنیوەچڵی نەمێنێتەوە.

٢. بابەتێک بۆ باسکردن (تەنانەت ئەگەر بچووکیش بێ) بدۆزنەوە. لەبیرتان بێت کاتێ لایەنی بەرامبەر لەحاڵی قسەکردندایە، مافی ئاخافتن بەوە، هەر کاتێ قسەکردن لەسەر بابەتەکە تەواو بوو، نۆرە دەگاتە ئێوە. بۆ ئەمە پێویستە هاوسەران هەوڵ بدەن لەگاتی گفتوگۆکردن لەپچڕاندنی قسەکانی یەکتر دووری بگرن.

٣. کێشەکە باس بکەنو دواتر دەست بکەن بەقسەکردن. داوا لەهاوسەرتان بکەن قسەکانتان دووپات بکاتەوە، تاوەکو دڵنیا بن کە لانیکەم بیستوویەتی.

٤. ئەرکی بیسەر لەم پرۆڤەیەدا ئەمەیە کە ئەم دڵنیابوونە بەئێوە ببەخشێت کە لەبابەتەکە تێگەیشتووە. پێویستە بەر لەدەربڕینی بۆچوونتان لەبارەی لایەنەکانی بابەتی بەرباس، بەتەواویو بەباشی گوێ بدەن.

٥. هەر کاتێ هاوسەرتان هەستی پێکرد کە قسەکانی ئێوەی بەتەواوی بیستووە، ئەوکات نۆرەی ئێوەیە کە دەست بەقسەکردن بکەنو هاوسەرتان گوێ بگرێت.

٦. ئەم ڕێبازە (بەنۆرە قسەکردن) درێژە پێبدەن، تا ئەو کاتە کە دەرئەنجامی لێنەکەوێتەوە.

بەم شێوازە دەڵێن "درووست گوێگرتن". هەر کاتێ کەسێک فێری ئەم ڕێکارە بوو، دەتوانێ پێشگیری لەشکو گومانەکان بکاتو هەستەکان بخاتە ژێر کۆنترۆڵی خۆیەوە. ئەگەر بەجوانیو درووستی گوێ بگرن، ئیتر بەهەستیارییەوە دژکردەوە لەخۆتان پیشان نادەنو بەرلەوەی دژکردەوە لەخۆتان نیشان بدەن، خەریکی قسەکردنو گفتوگۆی گەرمو ڕێکوپێک بۆ چارەسەرکردنی کێشەو ناکۆکییەکانی خێزانیتان بنو بەم شێوەیە بەرەو ئاراستەیەکی بنیاتنەر هەنگاو دەنێنو هەستێکی خۆش لەلاتان درووست دەبێت.

سەرچاوە:
planetpsych.com

# کێ باشترین چارەسەری کێشە خێزانییەکان دەزانێت؟

**کارۆخ محەمەد**

ئەگەر دەتەوێت بەئاسانترین شێوازو هەنگاو چارەسەری کێشە خێزانییەکانت بکەیت، ئەوا پێڕەوی ئەم چەند هەنگاوەی خوارەوە بکە، چونکە ئەم بنەمایانە کۆمەڵێک خێزانی لەمەترسی هەڵوەشان ڕزگارکردووە:

### دۆزینەوەی ڕێگاچارەی ڕاستەقینە

یەکەمین قۆناغ بریتییە دانوستاندنو سازش. تۆ دەبێ خۆت لەهاوارکردنو سەرزەنشتکردن دووربخەیتەوەو ڕێز لەتێڕوانینو بیروباوەڕەکانی یەکتر بگرن. قۆناغی دووەم ناسینی کێشەکەو خستنەڕوویەتی. کاتێک ئامادەگی چوونەناو قۆناغی سێیەمت هەبوو لەسەر ئەم مەسەلانەی خوارەوە بگەنە ڕێککەوتنێک.

### مشتومڕی زۆر لەسەر هەڵەی یەکتر مەکەن

بەداخەوە ئەمە یەکێکە لەو کێشە بەربڵاوانەی زۆرینەی هاوسەرەکان ئەنجامی دەدەن. کاتێک یەکێک لەهاوسەرەکان دووچاری هەڵەیەک بوو، ئەویتر لەلای خۆی تۆماری دەکات تا لەکاتێکیتردا باسی بکاتەوە. کاتێکیش یەکێکیان دەستی بەگلەییو گازاندە کرد، ئەویتر بەئارامی نامێنێتەوەو ئەوەی لای خۆی تۆماری کردووە دەیخاتەوەڕوو، چونکە وادەزانێت بەم کارە لەمەیدانی مشتومڕەکەدا سەرکەوتوو دەبێت. ئەم جۆرە ڕەفتارانە دەبێتەمایەی جیابوونەوەو دوورکەوتنەوەی هاوسەر لەیەکترو سەرەنجام ڕق لەنێوانیاندا دروست دەبێت.

### شێوازی قسەکردن

ئەگەر هەق لای تۆش بێت، ئەگەر بەشێوازێکی ڕاستودروست نەیخەیتەڕوو لەوانەیە هەقەکەت لەدەست بدەیت، کەواتە هەوڵ بدە باشترین شێوازی قسەکردن هەڵبژێریت.

### هەندێ وشە بەکارمەهێنە

ڕستەی وەک: "تۆ هەرگیز یارمەتی کارەکانی ناوماڵم نادەیت"، کێشە دەخاتە دەستپێکی دروستبوونی هەرجۆرەباسوخواسێکی لۆژیکییەوە. بەدڵنیاییەوە وەڵامەکەت ئەمە دەبێ کە: "دوو هەفتە نابێ ناوماڵەکەم خاوێن کردۆتەوە"و سەرجەم باسوخواسەکە دەگۆڕێ بۆ من وتمو تۆ وتت، ئەمەش لەمەسەلە سەرەکییەکە دوورت دەخاتەوە.

### دوورکەوتنەوە لەتوڕەیی

بەشێکی زۆری خەڵک لەم بڕوایەدان کە هەرکەسێ توڕەتر بێتو بەدەنگێکی بەرزتر قسە بکات، ئەوا دەسەڵاتدارترەو دەتوانێ سەرنجێکی زۆرتر بۆلای خۆی کێش بکات. هەوڵ بدە گفتوگۆکانتان بخەنە کاتێکی گونجاوتر، بەڵام ئەگەر هەر بەم وەڵامو پێشنیازەی تۆش ڕازی نەبوو، لەخۆت بپرسە ئایا دەتوانی لەگەڵ کەسێکدا بژیت کە بێشەرمانە دەستدرێژی دەکاتەسەر مافەکانت؟



زانینی ئەتەکێتی گفتوگۆکردن یارمەتیدەرێکی سەرەکی کێشەکانە

نەورۆز هاتو خەڵــک چوون بەرەو پیرییەوە، جەژن کراو کوتایی پێهات، نەورۆزیش خۆی بەســەر جەستەی سرووشت دا بڵاوکردەوەو وتی: ئەوە منو ئەوەش ئێوەو ئەوەش ســاڵێکی نوێ‌و رۆژو رۆژگارێکی تازە. ســاڵی نوێبوونـــەوە یانـــی زیندووبوونەوە، زیندووبوونـــەوەش یانی تێپەڕبوونی کاتو تەمەن.

لەگەڵ ئەوەی مرۆڤ تەمەنی خۆی زۆر خۆشـــدەوێ، بەڵام زۆرجار بێئاگاو کەمتەرخەم لەپەنای کاتەکانی تەمەنی تێپەڕ دەبێ. هەموو ساڵێک کە ساڵی نوێ دەست پێدەکات بەڵێن بەخۆمان دەدەین‌و دەڵێین: ئەمساڵ دەبێ لەساڵی پار باشـــترو بەجدیەتێکی تایبەتەوە دەرس‌و کارەکانمان ئەنجام بدەین.

چەند کەس لەئێمە ئەم بەڵێنە بەخۆی دەدات؟ چەند کەس لەئێمە ئەو بەڵێنە دەباتە سەرو بەگوێی خۆی دەکات؟ ئایا بەڕاستی حەیف نییە تەمەن بەفیرۆی بدەین؟ حەیف نییـــە بەخوێندنەوەو بیرکردنەوەو بینینـــی جوانییەکان بەسەری نەبەین؟ مرۆڤ بوونەوەرێکی یەکجار بەتواناو بەهێـــزو داهێنەرو ژیرە، هەر ئەم مرۆڤەش کە بەم شێوەیە جێی سەرســـوورمانە ئەگەر یەک تۆز کەمتەرخەمی بکاتو گوێ لەبیستن‌و چاوی لەبینین دابخات، نموونەی نابێ‌و بێهێزی‌و بێبەهایی تـــەواوی بوون‌و لەش‌و ژیانی دادەگرێ.

مرۆڤ چەندە دەتوانێ لەبەهێزبوون‌و دیاربوونـــی خۆیدا دەســـتی هەبێ بەهەمان شێوەش دەتوانێ لەبێنرخی‌و بێکەڵکی‌و تەمەڵی خۆیدا دەستی هەبێ.

نازانم هاوڕێیان‌و خوێنەرانی گۆشەی خۆمانە چۆن لەم قسەیەی من دەڕوانن، بەڵام من هەر ئەوەندە دەڵێم: نەورۆزو ســـاڵی نوێ ئاماژەیەکە بۆ تێڕوانین لەزیندووبوونـــەوە، بۆژیرێتی‌و جمو جۆڵو تێڕوانین‌و بیرکردنەوەو گەشەو بەفیرۆنەدانی تەمەن‌و کات.

وەرن بـــا کاتو تەمەنمـــان بەفیرۆ نەدەین‌و لەئێستاوە پلانەکانی ئێستاو دوارۆژی تەمەنمـــان بەکردەوە لەبیر نەکەین‌و هەوڵیان بۆ بدەین. بەوهیوایەی هەموولایەکمان بەزانستو داهێنان‌و خزمەتو ناوبانگەوە تەمەن درێژبین.

# گێژەڵوکە و بەچکە پشیلە



نوێکار عەبدولڕەحمان

ئێوارەیەکی ســـاردی پایز بێچووە پشـــیلەیەکی خرپن چاوەڕێی دایکی دەکرد تا بێتەوەو خواردنی بۆ بێنێت، گوێی لەگڤە گڤـو کەوتنە خوارەوەی شتەکان بوو، ئەویش زیاتر ترسی لێدەنیشتو دەیمیاواند: میاو...میاو...

ســـەری بەرز کردەوەو بەچکە چۆلەکەیەکی بینی بەچۆلەکەکەی وت: ئەوە تۆیت گڤە گڤ دەکەیتو شتەکان دەخەیتە خوارەوە؟ ئەویش وتی: نەخێر، منیش وامزانی تۆی.

بێچووە پشیلەکە وتی: لەوانەیە مرۆڤ بێت، هەموو جارێک دایکم دەڵێت: مرۆڤ بێبەزەییە بەرامبەر بە ئاژەڵ، لەو کاتەدا کەڵەشێرێک بەوناوەدا تێدەپەڕی، بێچووە پشیلەکە وتی: هێی کەڵەشێر کەواتە تۆیت گڤە گڤ دەکەیتو شتەکان دەخەیتە خوارەوە.

کەڵەشێرەکە ملی بەرزکردەوەو بەلوتبەرزییەوە وتی: بەخوا بێمێشکی، ها...
ها..ها...
بێچووە پشیلەکە زۆر بێزاربوو، زۆری پێنەچوو دایکی گەڕایەوەو بەرەو ڕووی یەکتری ڕایاندەکرد، بێچووە پشـــیلەکە بەدایکی وت: دایکە ئەوە مرۆڤە گڤە گڤ دەکاتو شتەکان دەخاتە خوارەوە؟
دایکی بەپێکەنینەوە وتی: نەخێر، ئەوە گێژەڵوکەو ڕەشەبایە بەزۆری لەوەرزی پایزدایە، بچۆ ژوورەوە خواردنم بۆهێناوی.

# کۆمپیوتەرەکەت بناسە



## وانەی سێیەم:

## ڤایرۆسەکان چۆن دێنە ناوکۆمپیوتەرەکەتانەوە؟

بەهەمان شێوە کە لەوانەکانی پێشوودا بۆمان باسکردبوون، ڤایرۆسەکان بەبێ مۆڵەت وەرگرتن دێنە ناو کۆمپیوتەرەکانتانەوە.

ڤایرۆسە کۆمپیوتەرییەکان بۆ هاتنە ناو کۆمپیوتەرەکەتان خۆیان بەفایلەکانی ترەوە دەچەسپێنن‌و ئەوان تووش دەکەن‌و نەخۆشیان دەخەن.

کاتێک ئێوە دەتانەوێ فایلێک بخەنە ناو کۆمپیوتەرەکەتانەوە ئەگەر ئەو فایلە نەخۆش‌و تووشی ڤایرۆس بووبێت، ڤایرۆسەکەش هەر لەرێگای ئەو فایلەوە دێتە ناو کۆمپیوتەرەکەتانەوەو بەخێرایی فایلەکانی تریشـــتان لێ تووش‌و نەخۆش دەکات.

ئاگاداربـــن ئەگەر ئێوە بتانەوێ لەرێگای فلاش یان هەرچەشـــنە میمۆرییەک فایلێکی خۆتان بدەن بەهاوڕێکەتان یان فایلێک لەهاوڕێکەتان وەربگرن، ئەگەر ئەو فایلانە نەخۆش بن مامەڵەیەکی باشـــی ڤایرۆستان کردووەو بەم شێوەیەش هەم کۆمپیوتەرەکـــەی خۆتان هەم کۆمپیوتەری هاوڕێکەشـــتان تێک داوەو ڤایرۆسەکانیش بێمنەتانە بۆخۆیان لەولا بەخۆشحاڵییەوە سەمای بۆ دەکەن.

پێویســـتە بەر لەوەی هەر فایلێک یان پرۆگرامێـــک کە لەرێگای فلاش‌و میمۆرییەوە دەمانەوێ بیخەینە ناو کۆمپیوتەرەکەمانەوە، بەر لەهەموو شتێک ئانتی ڤایرۆس یان هەمان دژە ڤایرۆسی لێ بدەین‌و ڤایرۆسەکەی بکوژین ئینجا فایلەکە دابەزێنین، باشتروایە هەمیشە ئەوکارە بکەن‌و لەسەر ئەگەرییەکان حیساب نەکەن، چونکە تووشبوونی کۆمپیوتەرەکەتان زۆر لەوە زیاترتان کات لێ دەکووژێت کە ســـکانکردنی فلاشێک لێتان دەگرێ.



# چۆن بەسەر دڵەڕاوکێی تاقیکردنەوەکاندا زاڵ دەبن؟

ئارەزوو مەحمودی



بڕوابەخۆبوون باشترین چارەسەرە بۆ زاڵبوون بەسەر دڵەڕاوکێی ساتی تاقیکردنەوەکان

دڵەراوکێی تاقیکردنەوە، نیگەرانییەکی لەڕادەبەدەر سەبارەت بەچۆنیەتی بەڕێوەبردنی تاقیکردنەوەیە. کاتێک خۆتان بۆ تاقیکردنەوە ئامادە دەکەن، زۆر ئاسییە کەمێک هەست بەدڵەڕاوکێ بکەن. لەراستیدا تۆزێک دڵەڕاوکێ دەتوانێ هاندەر بێ بۆ دەستپێکردنی خوێندنی بابەتی تاقیکردنەوەکە، بەڵام ئەگەر ئەم دڵەراوکێیە لەرادەی سرووشتی خۆی تێپەڕێ، دەبێتە هۆی ئەوەی نەتوانن لەتاقیکردنەوەکەدا بەباشی سەرکەون، چونکە هەست دەکەن لەکاتی تاقیکردنەوەیەکەدا ناتوانن ئەو شتانەی فێری بوون بەباشی لێکیاندەنەوەو بەشێوەیەکی سەرکەوتووانە دایانڕێژنەوە.

ئایا ئێوە دڵەڕاوکێی تاقیکردنەوەتان هەیە؟

ئەگەر بەچوار خاڵ یان زیاتر لەچوار خاڵی ژێرەوە وەڵامی "ئەرێ" بدەنەوە لەوانەیە دڵەڕاوکێی تاقیکردنەوەتان هەبێ.

١. زۆرم بۆ ئەستەمە کاتێک دەمەوێ دەست بکەم بەخوێندنی وانەی تاقیکردنەوەیەکە.

٢. لەکاتی خوێندنی وانەی تاقیکردنەوەکەم، زۆرجار زەینم دەچێتە سەر شتێکی تر.

٣. بێ لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە چەندە بۆ تاقیکردنەوەیەکەم هەوڵ دەدەم، بەردەوام چاوەڕوانییەکی خراپم لەئاکامی تاقیکردنەوەیەکە هەیە.

٤. لەکاتی تاقیکردنەوەدا تووشی ئازاری جەستەیی وەک: ئارەقەی بەری دەست، ژانی گەدە، ژانەسەر، هەناسە سواریو نائارامی دەبم.

٥. لەکاتی تاقیکردنەوەدا تێگەیشتن لەپرسیارەکان بەلامەوە دژوارە.

٦. لەکاتی تاقیکردنەوەدا ناتوانم ناوەرۆکی زەینو بیرم بەباشی ڕێکو پێک بکەم.

٧. زۆربەی کاتەکان کاغەزی تاقیکردنەوەکەم سپییە.

٨. لەکاتی تاقیکردنەوەدا زەینم بەشتی لاوەکی دەخافڵێ.

٩. زۆربەی کاتەکان ئەو دەرەجەی لەوتارو وانەکانی ناو پۆل وەری دەگرم، لەدەرەجەی تاقیکردنەوەیەکەم زیاترن.

١٠. دوای تەواوبوونی تاقیکردنەوەیەکە زۆربەی ئەو بابەتانەم وەبیر دێنەوە کە لە کاتی تاقیکردنەوەیەکەدا لەبیرم چووبوونەوە.

### کۆمەڵێک شێواز بۆ بەرەنگاری لە گەڵ دڵەڕاوکێی تاقیکردنەوە

لەژێرەوە هەندێک خاڵ هاتوون کە دەتوانن بەر لە تاقیکردنەوە و دوای تاقیکردنەوە بۆ کەم کردنەوەی دڵەراوکێ ئەنجامی بدەن.

١- بۆ ئەوەی بابەتەکانی تاقیکردنەوەکە بەباشی بزانن‌و بەسەریاندا زاڵ بن، لەشێوازەکانی گونجاوی خوێندنەوە کەڵک وەرگرن. ئەم زاڵ بوونە دەبێتە هۆی ئەوەی کە بێ دڵەراوکێ‌و بەخاترجەمییەکی زیاترەوە خۆتان بۆ تاقیکردنەوە ئامادە بکەن.

٢- لەکاتی خوێندنی بابەتی تاقیکردنەوەیەکە، ڕوانگەی پۆزەتیڤی خۆتان بپارێزن، بیر لەسەرکەوتن بکەنەوە، نەک دۆڕان. وەک دەرفەتێک سەیری تاقیکردنەوەکە بکەن بۆ نیشاندانی ڕادەی زانیارییەکانتان.

٣- بەر لەوەی بچنە نێو تاقیکردنەوەیەکەوە، بەباشی پشوو بدەن‌و خواردنێکی باش بخۆن. شەوێک بەر لەتاقیکردنەوەیەکە بەرادەی پێویست بخەون. پێش تاقیکردنەوە خواردنێکی سووک‌و بەسوود بخۆن.

٤- بەو شتە زەینی‌و دەروونییەی بڕواتان پێیەتی هەوڵ بدەن خۆتان ئارام بکەنەوە.

٥- لەماوەی تاقیکردنەوەکەدا ئارام بن، هەناسەدانی ئارام‌و قووڵ یارمەتیدەرە. بەخۆتان بڵێن: من دەتوانم بەباشی سەرکەوم.

٦- لەکاتی تاقیکردنەوەدا بەپێی ئەو بەرنامەی بۆ بەڕێوەبردنی تاقیکردنەوەیەکەتان داتانرشتووە بچنە پێش، تەنانەت ئەگەر تاقیکردنەوەیەکە دژواریش بێ. نیگەران مەبن‌و بەرنامەکەی خۆتان بپارێزن.

٧- بەدیتنی هاوپۆلەکانتان کە بەر لەئێوە تاقیکردنەوەکەیان تەواوکردووە تووشی دڵەراوکێ مەبن، ئەو کاتانە گرنگن‌و ئێوە دەتوانن بەشێوەیەکی باش کەڵکی لێ وەرگرن.

٨- کاتێک تاقیکردنەوە تەواو بوو بۆ ماوەیەک بیری لێ مەکەنەوە. تا ئەو کاتەی ئەنجامی تاقیکردنەوەکە ڕانەگەیەنراوە هیچتان لە دەست نایەو وزەو هەوڵەکانتان بۆ تاقیکردنەوەکانی ترتان بەکاربهێنن.

٩- کاتێک ئەنجامی تاقیکردنەوەکە ڕاگەیەندرا، بزانن تا چ ڕادە توانیوتانە لەتاقیکردنەوەکەدا سەرکەون. لەهەڵەکان‌و خاڵە بەهێزەکان ئامۆژگاری وەرگرن‌و لەتاقیکردنەوەکانی داهاتووش دا ئەم ئەزموونانە بەکاربهێنن.

بۆ سەرکەوتن لە تاقیکردنەوە دا، دەبێ لە ناوەرۆک و بابەتی تاقیکردنەوەیەکە بەباشی ئاگادار بن، بۆ ئەوەی زانیارییەکانتان نیشان بدەن دەبێ بەسەر دڵەراوکێی تاقیکردنەوە دا زاڵ بن.

## ئەتەکێتی پەروەردەکردنی منداڵ

متین ناسر

گرنگترین ئەو ڕێنماییانەی دەبێ لەسەرەتاکانی فۆرمەڵەبوونی کەسێتی منداڵدا دەبێ لەبەرچاوبگیردرێن بریتین لەم خاڵانەی کە ئاماژەیان بۆ دەکرێت:

### ڕەفتاری منداڵەکەت کۆنترۆڵ بکە

پێویستە چەند سنورێک بۆ ڕەفتاری منداڵەکەت دروست بکەیت، چونکە هیچ کەسێ هێندەی دایک‌و باوک ناتوانن کاریگەریی باش لەسەر ڕەفتارو کەسێتی منداڵەکەیان دابنێن.

### نمونە سەرکەوتووەکان بکە بەسەرمەشق

دایک‌و باوک دەبێ بزانن کە هەر منداڵێک دەرەنجامی ڕەفتارەکانی خۆیان دێتەوە ڕێگای ژیانیان، هەرچەندە سزادان پەروەردەکردنێکی تەندروستانەی لێ ناکەوێتەوە لەهەمانکاتیشدا دەبێ دسپلین‌و بەرنامەیەکی ڕەفتاری تەندروستانەش بۆ منداڵەکەت دابنێیت.

### بەڵگە بۆ فەرمانەکانت بهێنەرەوە

یەکێک لەخەسڵەتە باوەکانی منداڵ، بریتییە لەمشتومڕو کێشە لەسەر جۆری یاری‌و مامەڵەکردن لەگەڵ یەکتردا. لەم قۆناغەدا زۆرینەی دایک‌وباوکان پەنادەبەنە بەر لێپێچینەوەو دروستکردنی دەبێ‌و نابێ بۆ منداڵەکانیان. واپێویستە دایک‌وباوک لەم حاڵەتانەدا بەرلەوەی بڕیار بدەن، چەندین بەڵگەی لۆژیکی بەپێی ئاستی هۆشی منداڵەکە بۆ منداڵەکانیان بهێننەوەو پاشان کۆتایی بە مشتومڕو کێشەکانیان بهێنن.

### پەیوەندی تەندروستی ژن‌ومێرد

دایک‌و باوکان دەبێ هەوڵ بدەن هەرگیز لەبەردەم منداڵەکانیاندا مشتومڕو دەمەقاڵێ نەکەن، چونکە کاریگەرییەکی زۆر نیگەتیڤ لەسەر هەستی منداڵەکانیان دروست دەبێت‌و هەمیشە دەبێتە یادەوەرییەکی ناخۆش تەنانەت لەسەر کارو مامەڵەکانیشیان ڕەنگدانەوەی خۆی دەبێت.

### زۆر لەگەڵ منداڵەکانتدا میهرەبان مەبە

منداڵان ئەو هەستەیان تێدایە کە زۆرجار بۆ ئەوەی دایک‌وباوکان لە ڕەفتارە ناتەندروستەکانیان خۆش بن، پەنا ببەنەبەر بزواندنی هەست‌و سۆزو میهرەبانێتی دایک‌وباوکان. ڕەنگە دایک‌و باوکیش بەشێوەیەکی سادە وابیر بکەنەوە کە منداڵەکەت هەرگیز ڕەفتارە خراپەکەی پێشوو دووبارە ناکاتەوە، ئەم ڕەفتارەی تۆ سەرەتای هاندانی منداڵەکانە تا لەسایەی میهرەبانی تۆدا، ڕەفتارە نەگونجاوەکان دووبارە بکەنەوە.

### منداڵێکی ژێر بەرهەم بهێنە

ئایا تۆ گوێڕایەڵییەکی تەندروستانەت دەوێ کە لەڕووی دەروونییەوە قازانج بە منداڵەکەت بگەیەنێت یاخود دەتەوێ ملکەچییەکی کوێرانە لە منداڵەکانتدا دروست بکەیت؟ باشترین ڕێگا بۆ ڕاگرتنی ئەم هاوسەنگییە، ڕوونکردنەوەیەکی چەمکی گوێڕایەڵییە بۆ منداڵەکەت، تا بزانێت کە گوێڕایەڵی لە قازانجی ئەویشدایە.

هەموو منداڵێک زەین تیژ بەمەرجێک...

17 16 15 14 13 12

# گەشەی زەینی

ئامادەکردنی: ناسر فەتحی



کێش‌و قورسیی مێشکی منداڵ لەدوو ساڵی یەکەمی ژیانی دا دووبەرابەر دەبێت. ئەم زۆربوونی کێشە تا ڕادەیەک دەگەڕێتەوە بۆ زۆربوونی ژمارەی خڕۆکەکانی مێشک‌و تارادەیەکیش بەهۆی گەشەو "یەکانگیرییەکان"ی نێوان خڕۆکەکان‌و بەشەکانی جیاوازی مێشکە.

بەبێ ئەو یەکانگیریانە ئێمە توانای بیرکردنەوەمان نابێ‌و فێربوونیش هەر لەرێگای ئەو یەکانگیرییانەوە دەست پێدەکات.

ئەو یەکانگیرییانە، لەمنداڵی ساوادا کاتێک کە سەرنجی بۆ لای شتێک ڕادەکێشرێ‌و هەوڵی زەینی خۆی وەگەڕ دەخات، دەست دەکەن بەپێکهێنانی شەبەکەیەک. لەکاتی وروووژاندنی هەرکام لەهەستەکانی منداڵ، ئەو یەکانگیریی‌و بەشەبەکە بوونانە دووپات دەبێتەوە، هەربۆیە لەسەرەتای لەدایکبوونەوە، هەرچەشنە دەنگ، وێنە، ڕێخشان ( وێک کەوتن )، هەست، بۆن‌و تامێک دەبێتە هۆی درووستبوونی یەکانگیرییەکی زیاتر.

پێکهێنانی تێگەیشتنی گشتی پێویستی بە لەپەنای یەک دانانی بەشە جۆراوجۆرەکانە. بۆ بەرەو پێشچوونی گەشەی زەینی دەبێ بینایی (توانای چاو )، بیستن، کۆیاد ( حافزە )و توانا جووڵەییەکانی منداڵ بەیەکەوە بچنە پێشێ. توانا مێشکییەکانی منداڵ بۆئەوەی بزانێ لەدەورووبەری چی ڕوودەدات بەستراوەتەوە بەهەستەکان‌و جووڵەکانی لەشییەوە، بۆنموونە منداڵ بەبێ بینایی یان هێزی بینین ناتوانێ بووکە شووشەکانی ببینێ.

بەبێ کۆیاد ( بیرگە ) بینینی بووکە شووشە خۆشەویستەکەی تووشی سەرسووڕمانی ناکات.

بەبێ هاوئاهەنگی نێوان مێشک‌و ماسوولکەکان منداڵ ناتوانێ دەستی بۆ لای بووکە شووشەکانی درێژ بکات ئەویش لەکاتێک دا کە خەریکە خۆی دەجووڵێت.

بەبێ هاوئاهەنگی نێوان دەست‌و چاو، منداڵ ناتوانێ بووکە شووشەکەی بەدەستەوە بگرێ. بەبێ یاری کردن لەگەڵ بووکە شووشە منداڵ ناتوانێ بووکە شووشەکەی لەزەینی دا وێنا بکات، هاوکات لەگەڵ زۆربوونی تێگەیشتنی گشتی، زۆربەی توانا مێشکی‌و جەستەییەکان بەخێرایی گەشە دەکەن‌و پەرە دەستێنن. گرنگترین بابەتەکان لەم پێوەندییەدا بریتین لەبەکۆمەڵایەتیبوون‌و کەسایەتیی منداڵ‌و ئەو چوارچێوەیەی کە ئێوە بۆ منداڵەکەتانی دابین دەکەن.

ئێوە دەتوانن بەکەڵک وەرگرتن لەم زنجیرەیەو ئەم ورووژێنەرانەی باس دەکرێن، لەسەر گەشەو بەهێزکردنی مێشکی منداڵەکەتان بەتایبەت لەساڵی یەکەم‌و سێیەم ژیانیدا کاریگەریتان هەبێ، چونکە ئەم دووساڵە مێشک کۆمەڵێک خێرایی گەشەی دیار بەخۆیەوە دەبینێ.

ئەوانە زوو بخەون، ئەگەر ئەوانە زوو بخەون بەیانی لەقوتابخانە دواناکەون و وانەکانتان باشتر فێر دەبن



# ئیشی دەستی ⑦

## ماسی سێ گۆشە



کەرەسەی پێویست:

١ . کاغەزی رەنگی
٢ . مقەست
٣ . چەسپی ئاوی

**چۆنێتی دروستکردنی:**

**1**
سێ دانە سێگۆشە لەسێ قەوارەی گــەورەو ناوەندو بچووک لەچەند رەنگی جیاواز ئامادە بکەن.



**2**
سێگۆشە گەورەکە لەشی ماسییەکەیە. سێگۆشەناوەندەکە کلکی ماسییەکەیە وەک لەوێنەکــەدا دیارە بەپشتەوەی لەشی‌ماسییەکەیەوە بچەسپێنن.



**3**
سێگۆشــە بچووکەکــە کە باڵەکانی‌ماسییەکەیەوبەمبەرو ئەوبەری لەشی ماسییەکەیەوە بچەسپێنن.

**4**
ئێستا چاوو زمانی بۆ بکێشن، ئەگــەر حەزیشــتان لێبوو پوولەکەکانیشی بۆ بکەن.

ئەم ئیشی دەستییە بۆ منداڵانی باخچەی ساوایانە، تکایە رێنوێنییان بکەن با لەرێگەی ئەم ئیشی دەســتییەوە لەگەڵ شێوەی سێگۆشەو نوشتاندنەوەی لاپەڕەکانو بڕینیان ئاشنا بن.
لاپەڕەیەکی رەنگییان بدەنێو داوایان لێبکەن لەناوەندەوە بینوشتێننەوەو دوای وەک لەوێنەکەدا دیارە داوایان لێبکەن لەگۆشەی سەرەوەی لای راست بۆ گۆشەی خوارەوە لای چەپ هێڵێک بکێشنو ئەو لاکێشەیەی دروستیان کردووە ببڕنو بیکەن بەدوو بەشەوە.
ئەگەر منداڵەکە بچووکە داوای لێبکەن بەدەســت بیبڕێتو بیکات بەدووکوتەوە ئەگەریش توانی مقەست بەکاربهێنێت ئەوە لێیگەڕێن با بەمقەست لاکێشەکە ببڕێت.
لەم کاتەدا هەندێک پرسیاری لەم شێوەیەشیان لێبپرسن؟
- چ شتێکی دیکە سێگۆشەیە؟
- چەند جۆر سێگۆشەی دیکە هەیە؟
- ئایا دەتوانی سێگۆشەکان بەپێی قەوارەکانیان لەگەورەوە بۆ بچووک بچنی؟

## پیرەوەری

# ناوچەوانی بابە چرچە، بەڵام تورە نییە!!

حەمەی پورزام زۆر خۆی بەگەورە دەزانێت زۆرجار ئامۆژگاری خوشکە بچوکەکەی دەکات کە تەمەنی چوار مانگە.
شەوێکیان لەماڵی ئێمە بوون گوێم لێبوو حەمە بەلیرەی دەوت: لیرە گیان راستە باوکمان ناوچەوانی چرچ بووەو خەت خەتە، بەڵام مەترسە ئەو تورە نییە، چونکە سەرنجم داوە کە پێشدەکەنێت ناوچەوانی هەر چرچە، لیرە گیان تۆ دەزانی مامم پۆلیسە؟ بابم دەیوت: ساڵان بەر لەرووخانی دەسەڵاتی رژێم ـ ئەو رژێمەی منداڵانی هەڵەبجەو ناوچەکانی دیکەی کوردستانی بەگازی کیمیاوی لەناوبرد ـ خەڵک لەپۆلیس دەترسان، ئاخر پۆلیسی ئەوکاتە کوردستانیان وێران دەکرد، بەڵام مەترسە پۆلیسی ئێستا کوردستان دەپارێزن، ئێستا هەموو کەس پۆلیسی خۆشدەوێ.
لیرە گیان خەفەت مەخۆ کە ناتوانی قسە بکەیت، چونکە فێردەبیت، منیش کە بەقەدەر تۆبووم نەمتوانیوە قسەبکەم، دەزانیت لیرە گیان کە من تەمەنم سێ ساڵ بوو بەخاڵم دەوت بابە گەورە، بەڵام ئێستا پێیدەڵێم خاڵە، بیرت نەچێت کە گەورەبوویت پێمبڵێ کاکە، چونکە من لەتۆ گەورەترم.


نوێکار

میوەو سەوزەکان پڕن لەڤیتامین، میوەو سەوزە بخۆن تا تەندروستتر بن

## مەتەڵ



١ . ملی هەیەو سەری نییە، باسکی هەیەو دەستی نییە.

٢ . کۆڵەوەژی گیان کێشانێ، دۆستو دوژمنی نازانێ.

٣ . زستانێ خڕە، هاوینێ پڕە.

**سوپاس بۆ ئەم خۆشەویستانە کە وڵامی دروستیان بۆ ناردبووینەوە:**

- ژینۆ ئەمیر لەسلێمانی
- زانیار سەلام لەهەولێر
- پوویا کاوە لەقەڵادزێ
- ژینا کاردۆ لەکەرکووک
- ئەشکان پەروین لەسۆران

**وڵامی مەتەڵەکانی پێشوو:**

١. داس / مەڵغان

٢ . تەرازوو

٣ . زووڕنا

## ئەملا دەڵێم ئەولا ناڵێم



دەستم خستە ناو دەستی. گوتم: دایە خۆشمدەوێی، دەستم بگرە، دەستی گرتم، دەستی دایکم زۆگەرمە.

من و دایکم لەبازاڕین، بازاڕ خۆشە. دایکی من دایکی خۆمە و خۆشمدەوێ. دایکم بووکێکی بۆ کڕیم. ئەگەر بۆشی نەکڕیبایەم هەر خۆشمدەویست، خۆشمدەوێ، دایکی خۆمە. دایکی من زۆر جوانە، من دەبا بۆ شاری، بۆ شاری یاری ئەملا، ئەملا دەڵێم، ئەولا ناڵێم، روو بەباکوور راوەستە، پشتی سەرت باشوورە، دەستی راستت خۆرهەڵات، دەستی چەپت خۆرئاوا. ئیتر روو بە خۆرهەڵات، خێراکە و زوو رێکەوە، ئێمە لەوێین، چاوەڕوانیین، من و دایکم پێکەوە، راوەستاوین، چاوەڕوانین، تاهەمووومان پێکەوە، بچین بۆ شاری یاری، دڵخۆش بین بەیەکجاری، بۆ هەمیشەو هەتایی.

## هاورێیانی نم نم



کانیاو فەرەیدون، ١٥ مانگ لەسوید



ئارۆ خالید تامان، ١٦ مانگ لە هۆڵەندا

## ٣٠ ڕۆژ چێژوەرگرتن لەکارکردن

2 3 4 5 6

# ئەوانەی خەونیان نییە بەهیچ ناگەن

لەفارسییەوە: هەمیشە شوان

کاتێک ئەستیۆکاتێن نۆ ساڵان بوو، لەمەزرادا یارمەتی باوکی دەدا. لەکاری کشتوکاڵیدا حەزی لەوێنجە بوو کە بەسەر گلۆسە وێنەجەکاندا باز بداتو لاسایی ئەسپسوارەکان بکاتەوە. باوکی پێیوت: "کوڕەکە دەست لەخەیاڵات هەڵگرەو گلۆسەکان بنەرە ناو ئەرەبانەکان".

ئەستیۆ وەڵامی دایەوە: بەسەر چاو، بەڵام کاتێک کە خەڵاتی بلهۆتی سکێت وەربگرم.

ئەو کوڕە منداڵە کە بەسەر گلۆسە وێنجەکاندا بازی دەدا لەتەمەنی هەژدەساڵاندا خەڵاتی "تاجی سیانە"ی بردەوە. ئەمڕۆکە ئەستۆکاتێن یەکێک بوو لەسەرکەوتووترین ئەسپسوارەکانی جیهان. ئەو لەبەریتانیا لەئەسپسوارییدا پلەی یەکەمی هەیەو سەرکەوتنەکەشی دەگەڕێتەوە بۆئەو راستییە کە ئەو لەتەمەنی نۆساڵیدا لەخەیاڵی خۆیدا ئەسپسواری دەکرد.

کاتێک "پگی لی" گۆرانیبێژ، ریکلامچی کارامەی کارنەڤاڵ بوو و هەموو رۆژێک هاواری دەکرد "دە فرە بەیەک دراو"، لەراستییدا لەخەیاڵیدا خەریکی گۆرانیوتن بوو. راستە کە لەکابینی یاری دا کاری دەکرد، بەڵام لەهەمان کاتدا سەرقاڵی ئەو خەیاڵە بوو کە ئەستێرەیەکی بەناوبانگە.

خەونەکان پێشەکی بەختەوەرییە گرنگەکانن. هەر کام لەئێمە خەونێکو ئارەزوویەکمان لەسەردایە کە ورەو بیرۆکەیەک بەهۆی بەختەوەریەوە هەمانە دەردەکەوێت. ئەم خەونانە ئامانجەکانمان پیشان دەدەنو پاڵنەرمانن. بۆیە خەیاڵکردن بۆ چێژوەرگرتن کارێکی پێویستە.

چاومان بەپیاوێک کەوت لەبەشی دەرکردنی پسوڵەی کۆمپانیایەکی بازرگانی مەکینەو کەرەسەدا کاری دەکردو بەردەوام لەبارەی گۆرانیبێژی خەیاڵی دەکردەوە.

"دێنی" کاتێکی زۆری لەرۆژانی کارکردنی بۆ دیمەنی سەرقاڵی گۆرانی وتن لەزەینی دا تەرخان دەکرد، بەڵام ئایا تائێستا لەوبارەوە بەوە گەیشتبوو، هەماهەنگی لەگەڵ گۆرانییەکدا کە لەرادیۆی ئۆتومبێلەکەی بڵاودەکرایەوە.

دەمانویست ئەو پیاوە باشتر بناسین کەواتە پرسیارم کرد:

- "کاتێک منداڵ بۆیت بۆ سەرقاڵکردنی خەڵک گۆرانیت دەوت؟"

- "نا".

-"لە دواناوەندی دا بەچ شێوەیەک؟ ئایا لەگەڵ گروپدا گۆرانیت دەوت یان لەکۆڕە مۆسقییەکاندا بەشداریت دەکرد؟"

- "نا".

-"بۆیە ئێستاکە کە سەرقاڵی کارن، رەنگە کۆتایی هەفتە لەو نادییەی کە تیایدا گۆرانی دەوترێت رایبوێرین. رەنگە چاوەڕێ دەرفەتێک بین کە بڕواتە سەر تەختی شانۆ؟ ئایا چەند گۆرانی بێژێک لەنادی گەڕەکەکەندا دەناسن؟"

- "نا، لەراستی دا نا."

- "دێنی" هەندێ خەونی هەبوو، بەڵام هەرگیز ئەوانەی پەروەردە نەکرد کە خەونەکانی پووچەڵ بووە. کارەکەی وەکو فەرمانبەرێکی پسوڵەنووس وەکو سومبولێک لەدۆڕان بۆ گەیشتن بەئامانجو بەختەوەری تاکەکەسی. هیچ سەیر نییە ئەو لەکاروبارەکەی خۆی بێزارە.

لەبەر ئەوەش خەونێک ببێتە راستی، دەبێ تێکەڵ بەجێبەجێکردن ببێت. دەبێ لەملاو لەولای خەونەکاندا سەرنجی خۆی راکێشێت، بۆنموونە، دێنی دەبێ هەوڵ بدات لەکۆمپانیای پڕکردنەوەی شریت یان تۆمارکردنی مۆسیقا کار بکات. رەنگە تەنانەت دەیتوانی یاریدەدەری بەرنامە مۆسیقاییەکان بێت، بەڵام چونکە دێنێ خۆی بەکەسێکی دۆڕاو دادەنا خەونەکانی بۆقەرەبووکردنەوە ئەوی بەخەونەکانی نزیک نەکردەوە، تەنها شتێک بەدەستیهێنا، بیرکردنەوەی لەئیدارەی بێ پەنجەرەی نووسینی پسوڵەدا بوو.

### داربەروو لەئینجانەدا:

زۆربەی خەڵک وەکو داربەڕوون لەئینجانەدا، ئەوان هەرگیز بەئاستی گەشەکردنی توانا سروشتییەکانیان ناگەن. ریشەی متمانە بەخۆبوونیان بەهۆی قسەکردن لەگەڵ خۆیانداو ئەو سنورەی کە هەیانە گوشاری خراوەتە سەرو ئاڵۆزکراوە. خەڵک بەدوای ئەو رێگایانە نارۆن کە خەونەکانیان بکات بەراستی، تەنها بیانوو بۆ خۆیان دەهێننەوە کە بۆچی لەیەکەمین جێبەجێکردن دا بەو شتەی دەیانەویست نەگەیشتن.

ئەوانە دەرفەتی گەشەکردنو رەزامەندی لەکارکردن بەتەواوی لەناو دەبەنو لەباتی ئەوە هەندێ بیانوو ریز دەکەن کە بۆچی دەبوا بگەیشتان بەو ئاستە نەگەیشتن.

(ناکۆکی) خەونو بیرکردنەوەیە کە ناوەڕۆکەکەی دوو جۆرەیە بۆیە خەڵک بەجدی نازانینو دەڵێن: "کات بەفیڕۆدانە"، بەڵام خەونەکان بیرکردنەوەی بەهێزن بۆ گەشەی توانا راستەقینەکانمان. کاتێک منداڵین هەموومان هەندێ خەونو ئامانجمان هەیە لەبارەی ئەوەی کە گەورە بین، ببین بەچیو چیبکەین: زانا، ئەستێرەناس، مامۆستاو ... هتد.

هەر یەکەمان هێزێکی سروشتیمان هەیە بۆ ئەوەی خەونەکانمان بکەین بەراستی، بەڵام زۆرجار کاتێک گەورە دەبین هەلو دەرفەتەکانمان بەکەم دادەنێنو دەڵێن: ناتوانم ئەو کارە بکەم" یان "ناهێڵن ئەو کارە بکەم"و یان ... پێش ئەوەی ئاگاداربم روانگەمان بۆداهاتوو ئەوەندە بچوکو تەسک بووەتەوە وەکو ئینجانەیەک وایە کە گەشەکردنمان سنوردار دەکاتەوە. دەرەنجامەکەشی هەست بەدۆڕانو گیرۆدەییو نیگەرانی لەکارکردندایە.

### خەونە گەورەکان:

زانایانی دامەزراوەی لێکۆڵینەوە لەبارەی مێشک لەزانکۆی کالیفۆرنیا بڕوایان وایە کە گونجاوبوونی خوڵقاندنی مێشکی مرۆڤ دەگاتە ئاستی بێکۆتایی. مێشکمان توانای هەیە زانیاریو وێنەی زیاتر لەهەزاران شریتو ڤیدیۆو دەیان هەزار کومپیۆتەرو ملیۆنان کارتریجی مایکرۆفیلم بخولقێنێتو پاشەکوتی بکاتو پێکەوەی گرێبدات.هیچسنورێک لەئارادا نیە جیا لەو سنورانەی کە مرۆڤ بەدەستی خۆی بۆخۆی دروستی بکات، بۆیە نابێ خەونەکانمان سانسۆر بکەین، دەرفەتیان بۆبکەینەوە. لەبارەی ئەوەی ببین بەبەڕێوەبەر لەکۆمپانیایەک، کۆمپانیایەکی بازرگانیمان هەبێت، گەیشتن بەسەرکەوتنی گەورە لەکارکردندا، لەو بوارانە دەبێ وێناو خەونەکانمان بخولقێنین. تەنها رێگا بۆئەوەی خەونەکان بەلامانەوە بەسوود بێت ئەوەیە خەونی گەورەمان هەبوو بێت. پیشەسازێکی گەورە دەیوت: "ئەو کەسەی لەبارەی داهاتوویەوە خەونێکی نییە پێشانم بەن تا منیش کەسێکتان پیشان بەم کە بەهیچ کوێ ناگات".

دە ساڵ لەوەوپێش "ساندراجی" خەونێکی هەبوو. ئەو کە لەداکۆتای باکووردا گەورە ببوو ، داهاتوویەکی شکۆداری لەمێشکدا بوو کە بۆ دەوری جیهان گەشتێک بکاتو کەسانێکی نادار ببینێت. خەونێکی گەورەو جوان بوو. ساندرا دەیتوانی لەکاتی کارکردندا دەرفەتی خۆی بەسەیرکردنی کاغەزی ریکلامی گەشتیاری لەکاتی نانی نیوەرۆدا تێپەڕ بکات، بەڵام لەبری ئەوەی بڕواتە ناو سوپا. لەوێ دەستیکرد بەفێربوونی کومپیوتەرو لەو کارەدا بووە پسپۆڕو گەیشتە پلەی ئەفسەری.

ئەمڕۆکە لەهایدبێرگ کە یەکێکە لەشارە گەورەکانی ئەڵمانیا دەژیت، مۆڵەتەکانی بەگەشتکردن بۆ شاری ریوایرا، پاریس، رۆما رادەبوێرێتو شوێنی نوێ دەبینێتو خەڵکانێکی سەیر دەبینێت، لەباتی ئەو کارەش پارە وەردەگرێت. ئەو دەڵێت: "گوایە خەونەکانم بەدیهاتوون"، بەو جۆرەیە. خەونەکانمان لەسەر ئامانجێک دابنێنو کاتێک بەئامانجەکەمان گەیشتین بڵێن خەونەکانمان هاتۆتەدی.

ئێمە بەخەونەکانمان دەگەینە شکۆداری. هەموو پیاوە گەورەکان وێنایان دەکرد. ئەوانە لەنادیاربوونی نەرمی رۆژێکی بەهارو لەئاگری سووری رۆژئاوابوونێکی زستاندا هەندێ شتیان دەبینی. ئێمە دەرفەت دەدەین ئەم شتانە بمرن، بەڵام کەسانی تر ئەوانە پەروەردە دەکەنو لەرۆژانی سەختدا دەیپارێزن تا رۆژێک بێت کە خۆرو روناکیان بەسەردا تیشک بداتەوە. هەتاوو روناکی بەردەوام لەکەسانێک دەدات کە لەناخی دڵەوە بیر دەکەنەوەو ئەوەش وادەکات رۆژێک خەونەکانیان ببێتە راست.

### "ڤۆدرۆ ویلسۆن" خەونەکان لەجێبەجێکردندا:

١. ئەو خەونانە بخولقێنین کە هەستی زیندوو بوونمان پێدەداتو رۆژەکانمان تارایەک بەئامانجەکانمان نزیک بکاتەوە.

٢. هەموو رۆژێک چەند خولەکێک بۆ وەبیرهێنانەوەی خەونەکانمان تەرخان بکەین. خۆمان لەباوەڕو وزەو هێزدا دەبینینەوە. کتێب بخوێنینەوە ـ کتێب ئاسۆیەکی نوێمان بەروودا دەکەنەوە.

**٣**. ژیاننامەو شرۆڤەی دۆخی ئەو خەڵکەی بەدوای خەونەکانیاندا رۆیشتوونو سەرکەوتوون دەتوانێت ئاراستەیەکی نوێ بەخەونەکانمان ببەخشێت.

٤- ریز لەخەونەکانمان بگرین، لەهەمان کاتدا جێبەجێیان بکەین. خەونەکان تەنها بەجێبەجێکردن دەبنە راستی. لانیکەم رۆژێ کارێک بۆ گەیشتن بەخەونەکانمان ئەنجام بدەین. رۆژێ چەند چرکەیەک تەرخان بکەین بۆ ئەوەی خەونەکانمان بۆ ئەو ئاراستەیە بەرین کە دەمانەوێت.



## لەسەر ئامانجەکانتان بەردەوام بن

علی ئەکبەر مەجیدی

بەردەوامبوونو شێلگیربوون لەسەر ئامانجو کارکردن، ئەو شتەیە کە هەموو مرۆڤێک پێخۆشە هەیبێت. ئێمە نامانەوێ تەنها هەندێجار بگەینە ئەنجامی دڵخوازمان، بەڵکو پێمان خۆشە هەمیشە بگەینە ئارەزووەکانمان. هێمای کەسانی سەرکەوتوو، بەردەوامبوونو شێلگیربوونە، بەردەوامبوونی راستەقینە بەهۆی خووگرتن دێتە ئارا.

بەهای هەر کارامەییەک لەکارکردنو دۆزینەوەی هەر شێوەیەکی نوێ، بەندە بەمە کە ئەو کەسە تا چ رادەیەک کەڵکیان لێوەربگرێت. زانین بەتەنهایی بەس نییە، بەڵکو پێویستە زانستەکانمان بەشێوەی پراکتیکی بەکاریان بهێنین. واتە خوو بەسەرکەوتنو بەختەوەری بگرین. بۆئەوەی ئاستی ژیانمان باشتر بکەین، پێویستە بزانین شێوازی بیرکردنەوەمان کە ئێمەی گەیاندووەتە ئەم ئاستە لەژیان، ئێمە ناگەیەنێتە ئەو مەبەستە کە لەبەر چاومان گرتووە.

گەورەترین کێشەی تاکو کۆمپانیاو رێکخراوەکان لەوەدایە کە لەبەرامبەر بیرۆکەی نوێدا خۆڕاگری دەکەنو بیرۆکەی نوێ ناخولقێنن.بۆ ئەم مەبەستەش پێویستە تەنها جارێکو ئەو جارەش بۆ هەمیشە دیواری ترسەکانمان بڕووخێنینو بەباشی لەتەرکیزی بیرکردنەوەمان کەڵک وەربگرین. بیر لەدۆزینەوەی رێگاچارەکان بکەینەوەو چێژیان لێوەربگرین. ئەگەر ئەم کارە نەکەین، وەک وایە کومپیوتەرێکی بەهێزمان کڕیوە، بەڵام دڵمان نایەت لەکارتۆنەکەی دەری بێنین. لەراستیدا دەبێ هاوسەنگییەک لەژیانماندا هەبێت.

کەسانی سەرکەوتوو بەزەردەخەنە سەیری گیاکانی ناو باخی ژیانیان دەکەن، لەوە دڵنیان کە رۆژێک ئەو گیایانە دروێنە دەکەنو ناو باخەکەیان خاوێن دەکەنەوە، ئەم گیایانە هەمان بیرکردنەوەی نێگەتیڤە، یان هەمان بەربەستەکانی رۆژانەی ناو ژیانە کە پێویستە خێرا لای بەرن.

پەیدابوونی کێشە لەژیاندا وامان لێدەکات هوشیار ببینەوە بەرامبەر رووداوەکانی ژیان. هەر بەم شێوەیەش پێویستە باخچەی زەینمان لەبیرۆکە نێگەتیڤەکان خاوێن بکەینەوە. کاتێک بیرێکی خراپ دێتە مێشکمان، نابێ بشڵەژین، بەئارامی رووبەڕووی دەبینەوە، زیانی جەستەییو دەروونی لەخۆمان نادەینو لەگەڵ کێشەکەدا بەشەڕ نایەین، تەنها زەردەخەنەیەک دەکەینو بەخێرایی بیر لەئامانجەکانمان بکەینەوە کە لەپێناویاندا هەوڵدەدەین. دەبێ پاڵنەرێکی دەروونی بۆ خۆمان دروست بکەین، بەمشێوەیە کە لەو شتانەی ئازارمان دەدەن، دوور بکەوینەوەو نزیک ئەو شتانە ببینەوە کە چێژمان پێدەبەخشێت.

# حەوت بیرکردنەوە کە بۆ سەلامەتی زیانیان هەیە

هیوا محەمەد



زۆربەی پسپۆڕە دەروونییەکان باوەڕیان وایە کە مرۆڤ خۆی دەتوانێت بۆ خۆی باشترین دکتۆر بێتو دەرمانی خۆی بکات، لەمبارەیەوە دەڵێن مرۆڤ خۆی وا لەخۆی دەکات کە چەند بژی یان چۆن بژی، ئەوان دەڵێن هەرکەس کە زۆرتر بیرو بڕوای ترسو ئەوجۆرە بیرکردنەوانەی هەبێت، کەمتر دەژین یان بەنارەحەتی دەژی، هەرکەس ئەوانەی نەبێت باشترو زۆر تر دەژی.

لەئەنجامی راپرسیەکەو کۆکردنەوەی لێکۆڵینەوەکانی چەند پسپۆڕێکی دەروونییەوە ئەوە دەرکەوتووە کە حەوت شت زۆرترین کاریگەری لەسەر مرۆڤ هەیە لەبواری سەلامەتیدا کە ئەوانیش بریتین لە:

**١. ترس:** هەرکارێک دەکەن مەهێڵن ترس نیگەرانتان بکات لەبەرئەوەی کە ئەم ترسە لەکۆتایی دا دەبێت بەهۆی لەدەستچوونی ژیان بەتایبەت ترس لەشوێنی ئیشەکانتان کە ناخۆشییەکانی دڵو بەرزبوونەوەی پەستانی خوێن.

**٢. خەمو** خەفەت خواردن: خەفەتخواردن نەتەنیا لەبواری کۆمەڵایەتی زیانی هەیە، بەڵکو زیانی جەستەیی زۆری بۆ مرۆڤ هەیە. پزیشکەکان دەڵێن ئەوانەی تووشی نەخۆشییەکانی دڵو گورچیلەو گەدە دەبن، ئەگەر زۆر خەفەت بخۆن زووتر گیانیان لەدەست دەدەن.

**٣. دڵ هۆرە:** زۆربەی ئەو کەسانە کە دڵهۆرەیان زۆرتر تووشی ئازاری (سڕینەوەی مێشک) دەبنو لەناودەچن.

**٤. توڕەبوونو لەدەستدانی کۆنترۆڵ:** ئەگەر زوو توڕە دەبن یان کۆنترۆڵی خۆتان لەدەست دەدەن، ئەوە بزانە کەمتر لەوانەی تر کە خۆڕاگرن تەمەن بەسەر دەبەن.

**٥. نیگەرانی:** ئەو کەسانەی کە زۆر نیگەرانیان هەیەو بەردەوام ئیزترابیان هەیە زووتر دوچاری نەخۆشی دەروونو دڵ دەبن، بەهەمان شێوە ئەوانەش کە جگەرە کەم دەخۆن.

**٦. بێ ئامانجی لەژیان:** ئەوانەی کە دەزانن کە هیچ هەدەفێکیان نییە بۆ ژیان با ئەوانیش بزانن کە کەمتر لەوانیتر لەسەر ئەم دنیایە دەژینو زۆرتریش توشی ئاندایمەر دەبن.

**٧. بەدگومانی:** ئەوانەی کە بەدگوومانن بەرامبەر بەخەڵکانی تر، زووتر دوچاری نەخۆشی دڵ دەبنو زیاتریش لەمەترسی جەڵدەدان،لەبەرئەوی کەبەبەدگومانییەکانیان دوچاری نەخۆشی دڵرەقیش ئەبنو دڵرەقیش ئەبێ بەهۆی جەڵدەی یەک لەدوای یەک.

## پێبکەنن



ڕۆژێك گورگ دەچێتە بەر دەرگای ماڵی تیتلو
بیبلو دەڵێ: تیتلو بیبلی دایە دەرکە بکەنەوە لەدایە
شیرم لەگوانان دایە!
تیتلو بیبلیش دەڵێن: کوڕە بڕۆ خڕی کەوە گورگی
بێچارە ئێمە ئایفۆنی وێنەییمان هەیە دەتبینین!

خاوەن ماڵ: هەرکات دێم دەڵێم کرێ خانووەکەم
بدەیە، دەڵێی راوەستە تا مەعاشەکەم وەدەگرم،
ئاخر کاکە تۆ کەی مەعاشەکەت وەردەگری؛
کرێچی: هەرکات دامەزرام!

دایك: بێژان کچم ئەوە من دەچمە دەری
دەست لەشقارتەکە نەدەی!
بێژان: نا دایەگیان چەرخەکەی بابمم پێیە!

باسێك لەسەراولێزییەك دەچووە خوارێ، نەفەرێکیش بەدوایدا
رای دەکرد. یەکێك وتی: برِوا ناکەم بیگەیتێ! نەفەرەکەش
وتی: دوعام بۆ بکە بیگەمێ، چونکە خۆم شۆفیرەکەیم.

# بەسەرهاتەکانی دوورگە

**بەسەرهاتی چوارەم:**

دوورگە لە دەرکەی حەوشەی قوتابخانەکەیان هاتە دەرێ.

کوڕێکی پۆلی چوار، کوڕێکی پۆلی دووی بەزەویدادا.

دوورگە زۆری پێناخۆش بوو. لە کوڕە گەورەکە چووە پێشێو وتی:

ئەوە بۆ پاڵ بەو بچووکانەوە دەنێی..ها..؟! پێتخۆشە تۆش نەفەرێکی گەورەتر لەخۆت، بێت وپاڵت پێوەبنێ و بەعەرزتدا بدا؟!

کوڕەکە بەبێ ئەوەی وەڵامی پرسیارەکەی دوورگە بداتەوە، پشتی لە دوورگە کردو رۆیشت.

ڕۆژان ئاگای لەهەموو شتێک بوو.

ئەوکاتەی دوورگە لەگەڵ کوڕەکەی پۆلی چوارەم قسەی دەکرد، ڕۆژانیش خەریک بوو کوڕە بچکۆلەکەی لەسەر زەوی هەڵ دەستاندەوەو گیانی بۆ دەتەکاند.

ڕۆژان بەکوڕە بچووکەکەی وت: هیچ نیە بەقوربان! مەگری! ئەها.. ئەها.. دوورگە دەیەوێت تۆڵەی تۆی لێ بکاتەوە!

منداڵە بچووکەکە، ناوفەکی پانتۆڵەکەی راست کردەوە، بەدەستێکی تەپوتۆزەکەی پشت قوونی خۆی تەکاند، جانتاکەی بەکۆڵیدا دا، بەقۆڵی پاڵتاوەکەی فرمێسکەکانی وشک کردەوەو رۆیشتەوە بۆ ماڵی خۆیان.

کوڕە گەورەکە لەدوورگە دوورکەوتەوە.

دوورگە هاواری لێکرد: لەگەڵ تۆمە! بۆ دەڕۆی؟! تۆ پێتخۆشە کەسێک لەخۆت بەهێزتر لێتبدا؟!

کوڕەکە دوورکەوتبووەوە، دوورگە دوو ئەوەندەی دیکە تووڕە ببوو.

ڕۆژان هاواری لە کوڕە گەورەکە کردو وتی: هۆ..ی کوڕی باش! جارێکی ترکە لەمنداڵی بچووکتر لەخۆت نەدەی! دەنا زەرەر دەکەی!

دوورگەو ڕۆژان بەرەو ماڵی خۆیان بەڕێکەوتن. دوورگە هەر لەبیری ئەو ڕووداوەدابوو.

ڕۆژان وتی: دوورگە.. دوورگە.. چاو.. چاو.. چاو لەولاکە! چاو ئەو هەموو فوودانە (میزەڵدان)یە !بچین بکڕین؟!

دوورگە هۆشی لە قسەکانی ڕۆژان و فوودانەکان نەبوو. هەر لەبیری ئەو ڕووداوەی بەردەرکی قوتابخانەدابوو.

ڕۆژان لەدوورەوە هاواری لەفوودان فرۆشەکە کرد: خاڵە.. خاڵە.. ئەوە دانەی بەچەندە؟!

فوودانە فرۆش وتی: زۆر هەرزانە، وەرە ئەگەر لێمی دەکڕی!

دوورگە ئەوەندە لەبیری ئەو ڕووداوەدا بوو، ئاگای لەوە نەبوو کە ڕۆژان چووبوو دوو دانە فوودانەی کڕی بوو و هاتبوەوە.

دوورگە وتی: ئەوە چیە ڕۆژان؟! ئەو فوودانە جوانانەت لەکوێ کڕیوە؟!

ڕۆژان وتی: بۆ تۆشم کڕیوە، لەو دوو دانەیە یەکێکیان دەدەم بەتۆ، کامیانت دەوێ؟ شینەکە یان سوورەکە؟!

دوورگە وتی: کەیفی خۆتە! کامیانم دەدەیتێ کەیفی خۆتە!

ئاخر دوورگە هەموو ڕەنگەکانی پێ جوانە بۆیە بە ڕۆژانی وت کەیفی خۆتە.

ڕۆژان فوودانە سوورەکەی دا بە دوورگە و لەدڵی خۆی دا وتی: ئۆ... خەیش! بەس نەبوو دوورگە داوای فوودانە شینەکەی نەکرد! ئاخر من ڕەنگی شینم زۆر پێ جوانە!!

ڕۆژان و دوورگە بەقاقا و بەپێکەنینی دەستیانکرد بە هەڵاتن.

پەتکی فوودانەکانیان لە قامکیان ئاڵاندبوو و بە هەڵات هەڵات فوودانەکانیانبەدوای خۆیاندا رادەکێشا.

ڕۆژان گەیشتە بەر دەرگای خۆیان. ڕاوەستا. دەستی خستە ناو دەستی دوورگەوە. ڕوومەتی دوورگەی ماچکردو وتی: دوورگە گیان زۆر بیر لەو ڕووداوەی ئەمڕۆ دەکەمەوە، چاکت بەو کوڕە گەوەریە ووت. خۆت نارەحەت مەکە، من شانازی بە تۆ دەکەم! چونکە لە قوتابخانەی ئێمە تەنیا تۆوە لەسەر منداڵەکان وەجواب دێی! من زۆر خۆشحاڵم کە هاوڕێیکی وەک تۆم هەیە! منداڵەکانی تریش تۆیان زۆر خۆشدەوێ.

دوورگە ڕۆژانی ماچکردو بەرەو ماڵی خۆیان ڕۆشت.

دوورگە پێش ئەوەی بگاتەوە بۆ ماڵی خۆیان، لە دڵی خۆیدا قسەی دەکردو بەخۆی دەوت: باشە چی دەبوو قوتابخانەکان ئاوا نەبوونایە؟! یان چی دەبوو قوتابخانەکان بەپێی پۆل بوایە؟! بۆ وێنە چی دەبوو هەرچی منداڵی پۆلی یەکەمە لەیەک قوتابخانەدا بیانخوێندبایە؟! ئەگەر قوتابخانەکانیان بەپێی پۆلەکان دابەش بکردبایە لەوانەبوو باشتربوایە! نا.. نا.. پێموابێ باشتروایە هەموو پۆلەکان بەیەکەوە بن!

ئاخر ئەگەر هەموو پۆلەکان بەیەکەوە بن، منداڵە بچوکەکان لەڕووی منداڵە گەورەکان فێری شتی زیاتر دەبن! نا.. نا.. کوا منداڵە گەورەکان منداڵە بچووکەکان فێری زانیاری دەکەن؟! منداڵە گەورەکان خۆیان زۆر پێ گەورەیە و لەگەڵ منداڵە چووکەکان نابن بە هاوڕێ!!

دوورگە گەیشتە بەر دەگای ماڵی خۆیان.

دوورگە بەپەلەیە دایکی ببینێ، دەیەوێ لەوبارەیەوە لەگەڵ دایکیدا قسە بکا، بەڵکوو دایکی پێشنیازێکی باشتری هەبێ.

هەربژی بۆ دوورگە، چونکە لەپەنای هیچ شتێک بێ بیرکردنەوە تێپەر نابێ. هەربژی دوورگەگیان. هەر بژی!

# پەیامی ئێمە بۆ ئێوە



**پەیامی دوانزەیەم:**

هەموو منداڵێک مافی ئەوەی هەیە بیروڕای خۆی دەرببڕێ، لەبارەی هەموو ئەو بابەتانەی پێوەندی بەئێمەوە هەیە جا چ لەماڵێ بێ چ لەقوتابخانە چ لەبەرامبەر بەرپرسەکان. دەبێ بەلەبەرچاو گرتنی گەشەی مێشکیو زەینیمان ڕێز لەبۆچوونەکانمان بگرنو گرنگیان پێبدەن.

**پەیامی سیانزەیەم:**

هەموو منداڵێک مافی ئەوەی هەیە بیرو باوەڕەکانی خۆی بەئازادیی باس بکات، سەرەڕای ئەوەش هەموو منداڵێک بۆی هەیە بەبێ لەبەرچاوگرتنی جیاوازییەکانو سنوورەکان ئەو زانستو زانیارییانەی کە دەیەوێت دەستی پێی رابگات.

# دەزانن دزە دەریاییەکان بۆچی گوارەیان لەگوێ دەکرد؟

ئەوان لەسەر ئەو باوەڕە بوون کە ئەگەر گوێیەکانیان کون بکەنو گوارەو شتە گرانباییەکان بەگوێیانەوە هەڵواسن هێزی بینینو توانایی چاویان بەهێز دەبێ. رای ئێوە چییە؟

ئێستا لەم سەردەمەدا زانستی پزشکی (بەشی چارەسەری دەرزی) هەندێک تاقیکردنەوەی بۆسەلماندنی ئەم قسەیە کردووەو چەند شتی نوێی دەرخستووە، لەچارەسەر بەدەرزی نەرمایی گوێ یەکێک لەو خاڵانەیە کە بۆ چارەسەری کێشەکانی بیناییو چاو زانستی چارەسەر بەدەرزی گرنگی پێداوە.



پێدەچێ کونکردنی گوێ لەرێگای بازرگانییەوە لەخۆرهەڵاتەوە بۆ خۆرئاوا چووبێ.

لە زانستی چارەسەر بەدەرزی هەندێجار لەگوێ وەک خاڵێکی گونجاو بۆچارەسەری نەخۆشییەکانی چاو بەتایبەت بەهێزکردنی بینایی کەڵک وەردەگیردرێ.

گیون، یەکێک لەپزیشکەکانی چارەسەر بەدەرزییەو دەڵێ: لەنەرمایی گوێ دا خاڵێکی گونجاوبوونی هەیە کە بەو خاڵە دەوترێ "خاڵی چاو" یان خاڵی بینایی، بەڵام ئەو بەدووری زانی هەموو جۆرە نەخۆشییەکی بینایی چاو بەو شێوەیە چارەسەر بکرێ.



# سەر لێدان لە تۆپی پێدا

بروسک مەحمود

لەکاتی کەللەدان لەتۆپ یان ڕامەوەستەو چاوەڕوانی ئەوە مەبە کە تۆپەکە بەرت بکەوێت، بەڵکو بەرەو ڕووی بڕۆو بەهێزەوە سەری لێبدە.
سەرلێدان لەیاری تۆپی پێدا گرنگە بۆکۆنترۆڵکردنی یارییەکە لەهەوادا. هەبونی توانای سەرلێدان یارمەتیت دەدات لەبەردەم ناوچەی سزادا بەباشی کۆنترۆڵی تۆپەکە بکەیت، هەروەها دەشتوانیت لەکاتی لێدانی سوچ (کۆرنەر)دا، گۆڵ تۆمار بکەیت. ئەگەر توانای سەر لێدانت هەبێت تیمەکەت دەتوانن تاکتیکی پاسی درێژ بەکاربهێننو بەتەواوەتی هێرش بکەنە سەر ناوچەی سزای تیمی ڕکەبەر.
هەروەک بەهرەکانی تری تۆپی پێ، فێربونی چۆنیەتی لێدانی سەر بەتەواوەتی کاتی دەوێت. لەیادت بێت کە هەموو مەشقێک جەخت لەسەر پەرەپێدانی توانای سەر لێدان دەکات. ئەگەر ئەوە بکەیت، بەزوویی هەست بەئەنجامی بەرچاو دەکەیت لەتونای سەر لێداندا.
ئێستا با باسێکی شێوازە جیاوازەکانی لێدانی سەر لەتۆپی پێ دا بکەین، کە گرنگترینیان ئەمانەی خوارەوەن:

### به ئاستەم سەر لێدان:

بەئاستەم سەر لێدان دەرفەتی ئەوەت دەداتێ کە بتوانیت تۆپەکە بەهەر ئاڕاستەیەکدا لێ بدەیت کە بتەوێت.
ئەم تەکنیکە زۆرجار لەنزیک گۆڵەوە کاتێک لەلاکانەوە تۆپەکە هەڵدەدرێت لێدەدرێت. ئەم ڕێگایە بۆ گۆڵچییەکان گران دەبێت کە بتوانن تۆپەکە بەدەست بگرن.

### سەر لێدانی جولاو:

کاتێک ئەم جۆرە سەر لێدانە ئەنجام دەدەیت، پێویستە پێشتر لەکاتی تێپەڕبونی تۆپەکەدا لەشت ئامادە بکەیت، دەبێ دەستەکانت بەرەو پێشەوە درێژکرا بێت تاوەکو لەکاتی بەرزەوی کەوتندا بتپارێزێت لەڕوبەڕووبونەوەی ئازار. زۆربەی یاریزانان ئەم جۆرە لێدانانە زۆر بەگران دەزانن بۆفێربوون. ئەگەر لەئەنجامدانی ئەم لێدانەدا کێشەت هەیە هەوڵ بدە بەبێ تۆپەکە وەک مەشقێک خۆت هەڵبدەیت.

### سەر لێدانی وەستاو:

کاتێک ئەم جۆرە لێدانە ئەنجام دەدەیت، پێویستە بەهێزەوە لەتۆپەکە بدەیت ئەمەش بەچەمانەوەی پشتتو جوڵاندنەوەی سەرت بەرەو پێشەوە دەبێت، هەروەها پێویستە لەکاتی ئەمجۆرە لێدانەدا شانەکانت ڕێک بکەیتو ڕوەو ئەو شوێنە بێت کە مەبەستە تۆپەکەی بۆ هەڵبدەیت.

### لادانی لا:

کاتێک ئەمجۆرە لێدانە ئەنجام دەدەیت پێویستە سەرت بەئاڕاستەی ئامانجەکەت بسوڕێنیت. ئەم جولەیە دوبارە تۆپەکە ئاڕاستەی شوێنێکی تر دەکات. ئەمجۆرە لێدانە لەبەردەم گۆڵدا کاتێک دەتەوێت تۆپەکە ئاڕاستەی پشت گۆڵچیەکەوە بکەیت یاخود بۆ پاس لێدان بەهاوتیمەکەت، گرنگە.

## لوئیس ڤەنگاڵ: ڕۆژێکی قورسمان لە پێشە

بەپێی ڕاپورتێکی ماڵپەڕی ڕەسمی فیفا، لوئیس ڤەنگاڵ ڕاهێنەری یانەی بایرن میونخ، ڕایگەیاندووە کە بیرکردنەوە لەوەی بەخێرایی لەنێو یاریگای خۆیان گۆڵیان لێکرا زۆر ناخۆشە، چونکە پێویستیان بە ١٠خولەک هەبووە بۆئەوەی ئاسایی ببینەوە، بەڵام "دوای ئەوە زۆر بەڕێکی بەرامبەر بەتیپێکی باشو یەکەم یاریمان کردوو کۆنترۆڵی تۆپو یاریگامان لەدەست گرت".
لوئیس ئاماژەی بەوەدا کە بردنەوە لەمانچستەر شیرینە، بەڵام "ئێمە دەبێت بیرمان نەچێت کە لەئولترافورددا ٩٠خولەکی ترمان ماوەو ئەبێ ئەو ئەزموونەش بەباشی بەسەربەرین"، هەربۆیە جەختی لەوەکردەوە، کە ڕکەبەرەکەیان لەنێو یاریگاکەی خۆیدا زۆر بەهێزەو ئەبێ یاریزانەکانیان گرنگی بەیاریەکەی ئولترافورد بدەن.
لەمێژووی یاری نێوان ئەم دووتیپەداو لەدوای یاریەکەی ساڵی ١٩٩٩ تائێستا شەش جار بەرامبەر یەک یاریان کردووە، بەجۆرێک چوار جار بایرن سەرکەوتووەو دووجاریش یەکسان بوون.

## سێر ئالێکس فێرگوسن ئەزموونێکی باش نەبوو

بەپێی ڕاپۆرتی ئاژانسی هەواڵی پارس، سێر ئالێکس فێرگوسن ڕاهێنەری یانەی مانچستەر، لەکۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا ڕایگەیاندووە کە ئەزموونی یاریکردنیان لەگەڵ نوێنەرە بەتواناکەی ئەڵمانیادا بۆخۆیو یاریزانەکانیشی باش نەبووە،"بەداخەوە لەیارییەک کە دەمانتوانی بیبەینەوە شکستمان هێنا".
بەڵام بەوتەی فێرگوسن، ئەو دۆڕانەیان تا سەر نییەو دەتوانن لەیارییەکانی داهاتویاندا سەرکەوتن بەدەست بهێنن، چونکە "ئێمە لەگۆڵی یەکەمدا چانسمان نەبوو، بەڵام لەگۆڵی دووەمدا خۆمان کەمتەرخەم بووین".

## برباتوف جێگای ڕوونی پڕ دەکاتەوە

نمانیا ڤیدیچ، یاریزانی سڕبیایی تیپی مانچستەریونایتد، دوای شکستی تیپەکەی بەرامبەر بەبایرن لەئالیانس ئارێنا بەهەواڵنێرانی وت: "باشتروایە ئێمە بەدروستی بیر لەمەسەلەکە بکەینەوە، چونکە یارییەکی باشمان نەکرد".
سەبارەت بەپێکانی واین ڕوونی، نمانیا فیدیچ وتی: ئێمە یاریزانی باشمان زۆرەو پێموایە ئەستێرەیەکی وەکو دیمیتار برباتوف دەتوانێت جێگای ڕوونی پڕ بکاتەوە.

# یاریگا وەرزشیەکانی جیهان کامانەن؟

### ڕەنگادۆ مەی دەی یاریگا

یاریگای مۆنۆمێنتی ڕەنگادۆ می دەی لەپیۆنگیانگ لەکوریای باکور لەساڵی ١٩٨٩دا دروستکراو نزیکەی ١٥٠, ٠٠٠ تەماشاکەر لەخۆ دەگرێتو هاوشێوەی چەپکە گوڵێکە. لەڕوداوێکی زۆرانبازیدا نزیکەی ١٩٠,٠٠٠ هاووڵاتی چونە ناوی.

### یاریگای ساڵت لەیک

لەشاری ساڵت لەیک بنیاتنراوە کە هەرێمێکی کۆلکای تیایە لەهندستان. لەساڵی ١٩٨٤دا دروستکراوە. یاریگاکە ١٢٠,٠٠٠ تەماشاکەر دەگرێتو بۆ مەشقو ڕاهێنانی یاری تۆپی پێ بەکاردێت.

### ئستادیۆ ئەزتێکا

ئەم یاریگایە لەشاری مەکسیک بنیاتنراوەو بەشێوەیەکی فەرمی ١١٤, ٤٦٥ تەماشاکەر لەخۆ دەگرێت. زیاتر بۆمەبەستی یارییەکانی تۆپی پێ بەکاردێتو شوێنی تیمی میللی مەکسیکو یانەی مەکسیکە. تاکە یاریگایە دوو یاری کۆتایی جامی جیهانی تێدا ئەنجام دراوە.

### یاریگای میشیگان

ئەم یاریگایە نازناوی ماڵی گەورە (بیگ هاوسی) لەخۆ گرتووە. یاریگایەکی تۆپی پێی زانکۆی میشیگانە لەئان ئاربۆری ئەمریکا. لەساڵی١٩٢٧دا دروستکراوەو لەبنەڕەتدا٧٢,٠٠٠ تەماشاکەری لەخۆگرتووەو پاشان گەورە کراوە. یاریگایەکی زۆر ناسراوە بەوەی کە لەساڵی ١٩٧٥ەوە کەمتر لە١٠٠,٠٠٠ ئامادە بووی نەبووە.

### بیاڤێر یاریگا

ئەم یاریگایە تەنها بە٢١٩کورسی لەیاریگای میشیکان بچوکترە. ئەم یاریگاه شوێنی (پێن ستەیت نیتانی لایۆنس )ەو لەزانکۆی بێسیلڤانیا دروستکراوە. لەشوێنە نوێکەیدا لەساڵی ١٩٦٠، ژمارەی ئامادەبووانی گەیشتە ٤٦, ٢٨٤ کەس دواتر گەورەکراوە، پاشان لەساڵی ٢٠٠١دا، گەورەتر کراو لەئێستادا ١٠٧,٢٨٢تەماشاکەر لەخۆ دەگرێت.

### جۆرنالیتا ماریۆ فیلهۆ

بەشێوەیەکی گشتی ناسراوە بە"ئیستادیۆ دو ماراکانا" ئەم یاریگایە یاریگایەکی تۆپی پێیە لەڕیۆ دو جانیریۆی بەرازیل. دیاریکردنی ژمارەی کورسییەکانی ئەم یاریگایە گرانە، بەزیکەیی ٩٠,٠٠٠ کورسی تێدایە، بەڵام لەیاری کۆتایی جامی جیهانی ١٩٥٠دا، ١٩٩, ٥٠٠ ئامادەبووی تێدا بوو، بەڵام پێشنیازی ئەوە دەکرێت کە کار دەکرێت بۆئەوەی بەئاسانی ١٠٣, ٠٤٥کەس لەخۆبگرێت.
هەرچەندە حکومەت خاوەنی ئەم یاریگایەیە، بەڵام زیاتر لەلایەن یانە گەورەکانی وەک فلامینگۆو بۆتافۆگۆو فلومینیسەوە بەکاردێت.

### ئۆهیۆ یاریگا

لەگەڵ هەبونی چەندین نازناوی وەک ئەو ماڵەی هارلەی دروستیکرد یان پێڵاوی ئەسپ. ئەم یاریگایە لانەی تیمی تۆپی پێی بەک ئایسی ئەمریکایە لەکۆلۆمبیا. لەساڵی ١٩٢٢دا دروستکراوەو بەشێوەیەکی فەرمی ١٠٢,٣٠٩تەماشاکەر لەخۆدەگرێتو کاتێک ژمارەی کورسییەکانی زیاد دەکرێن بۆ١١٠,٠٠٠ بۆ ئەنجامدانی کۆنسێرتیش بەکاری دەهێنن.

### نیلاند یاریگا

یاریگایەکی تری تۆپی پێی ئەمریکایەو بەشێوەیەکی سەرەکی لانەی تیمی تۆپی پێی خۆبەخشەکانی تێنسییە لەنوخڤێڵ. لەکاتێکدا توانای لەخۆگرتنی ١٠٢,٠٠٠ تەماشاکەری هەبوو لەساڵی ٢٠٠٦دا نوێکرایەوەو چەند کورسییەکی تری بۆ زیادکرا تاوەکو تواناکەی بگاتە ١٠٤,٠٧٩تەماشاکەر. بۆ ماوەی چەند ساڵێکیش ئەم یاریگایە بەکارهاتووە بۆ نمایشی وەرزشە جۆربەجۆرەکان.

### یاریگای بوکیت جەلیلی نەتەوەیی

ئەم یاریگایە بیست کیلۆ مەتر لەباشوری کوالا لامپورەوە دوورە. بۆیارییەکانی ساڵی ١٩٩٨ کاری تیاکراوەو سێ مانگ بەر لەو کاتەی بۆتەواوکردنی دانراوە تەواوبووە. ئێستا ئەم یاریگایە لانەی تیمی تۆپی پێی مالایسیانەو چالاکییە وەرزشیو ناوەرزشییەکانی تێدا ئەنجام دەدرێت. لەهەمویان بەرچاوتر جامی AFCی ئاسیای ساڵی ٢٠٠٧ بوو.

### میلبۆرنی کرێکێت گراوند

ژمارەیەکی زۆر یاریگا لەجیهاندا هەن کە ١٠٠,٠٠٠تەماشاکەر لەخۆ بگرن، وەک یاریگاکانی: بۆنگ کۆرنۆ لەئیندۆنیزیاو یاریگای ئازادی لەئێرانو جواهەرلال لەهندستان، بەڵام ئێمە بڕیارمان دا تیشک بخەینەسەر ئەم یاریگایە، چونکە مێژوویەکی گەورەو گرنگی هەیە، هاوکات دێرینترین یاریگایە لەو لیستەی کە ئێمە هەمانە، لەساڵی ١٨٥٣دا دروستکراوە. زیاتر لە١٣٠,٠٠٠ تەماشاکەر توانیویانە لەیەکەمین یاری سێرک لە ١٨٥٤/٩/٣٠دا ئامادەبن.



# بۆپاڵەوانێتی بەشەرلۆنە چانسی زۆرتری هەیە

بەپێی تازەترین راپرسی کە لەلایەن ماڵپەری as.com لەگەڵ هەوادارانی ریاڵ مەدریددا ئەنجامدراوە، سەبارەت بەوەی چ یانەیەک دەبێتە خاوەنی پاڵەوانێتی ئەوروپا، ٦٦٪ی بەشدارانی راپرسییەکە پێیانوایە، بەرشەلۆنە دەبێتە خاوەنی ئەو پاڵەوانێتییەو لەدوای ئەویش مانچستەر یونایتید ١٩٪، ئینتەر میلان ٦٪، ئارسینال ٣٪، بایرن میونیخ ٢٪، بووردو ٢٪، لیۆن ١٪، زیسکاسکو ١٪ی دەنگی بەشدارانی راپرسییەکەیان پێکهێناوە.

# پاراستنی لێدانی ناوچەی سزای تۆپی پێ

گرنگترین شت لەکاتی لێدانی ناوچەی سزادا ئەوەیە کە مێشکت ئارام بکەیتو پەستان بخەیتە سەر ئەو یاریزانانەی کە لێدانەکە ئەنجام دەدات، بۆئەو مەبەستەش دەتوانی پێڕەوی ئەم چەند خاڵەی خوارەوە بکەیت:

١. تەماشای چاوی ڕکابەرەکەت بکەو بزانە بەخێرایی تەماشای کوێ دەکات.

٢. پێشتر مێشکی ڕکابەرەکەت بخوێنەرەوە.

٣. پەیوەندیەکی چاوی دروست بکە. دەتوانیت ئەمە لەڕێگای چاو لێداگرتنی ڕکابەرەکەتەوە ئەنجام بدەیت. بیرت نەچێت کە دەتەوێت وا لەڕکابەرەکەت بکەیت زیاد لەپێویست بیربکاتەوە.

٤. ڕکابەرەکەت لەکاتی دانانی تۆپەکەدا چاودێری بکە. لەزۆربەی بارەکاندا، ڕکابەرەکەت هەندێک شتی نادریار دەکات کە زانیاریت دەداتی سەبارەت بەو شوێنەی کە دەیەوێت تۆپەکەی بۆ لێ بدات.

٥. تەماشای قاچی ڕکابەرەکەت بکە. یاسایەکی گشتی هەیە کە دەڵێت تۆپەکە بەئاڕاستەی ڕووی قاچی ڕکابەرەکە لێدەدرێت. لەگەڵ ئەوەشدا لێدەرە زیرەکەکان بەپێچەوانەی خۆهەڵدانی تۆوە تۆپەکە لێدەدەن.

٦. زۆربەی لێدەرە چەپەکان حەز دەکەن بەرەو لای ڕاست تۆپەکە لێ بدەن، چونکە بۆ ئەوان ئاسانترە.

٧. بەخۆگەورەکردنت هەوڵ بدە ڕکابەرەکەت بتۆقێنیت، هەروەها پیشانی بدە کە متمانەت بەخۆت هەیە تاوەکو وا لەڕکابەرەکەت دەکەیت کە هەست بکات تۆپەکە بۆ چ ئاڕاستەیەک لێدەدات.

٨. لەکاتی لێدانەکە ئاگادار بە، وا پیشان بدە کە بەرەو لایەک خۆت هەڵدەدەیت، بەڵام لەجیاتی ئەوە لەجێگای خۆت مەجوڵێ. ئەمە وا لەڕکابەرەکەت دەکات دووجار بیربکاتەوە. ئەگەر هەوڵیشی دا ئاڕاستەی لێدانەکە بگۆڕێت لێدانەکەی هێواش دەبێتو بۆ گرتن ئاسان دەبێت.

٩. لایەک هەڵبژێرە. ئەگەر کەمێک بەرەو لای ڕاست یان چەپ جوڵایت ڕکابەرەکەن بۆشاییەک دەدۆزێتەوەو زۆرجار بەو ئاڕاستەیە تۆپەکە لێ دەدات، بەڵام هەوڵ بدە ئەو بۆشاییەی دروستی دەکەیت گەورە نەبێت.

# گرنگترین پێکهاتەکانی یاری تۆپی پێ

بەدڵنیاییەوە ژمارەیەکی زۆر پێکهاتەی یاری تۆپی پێ هەیەو ناتوانرێت ئاماژە بەهەموویان بکەین، بەڵام چەند پێکهاتەیەکی زۆر گشتی کە بەکارهاتووە باس دەکەین.

پێکهاتە ئەوەیە کە چۆن یاریزانان لەتیمێکدا لەناو یاریگاکەدا شوێنیان بۆ دادەنرێت. پێدەچێت بەپشت بەستن بەتوانای ڕکەبەرەکان بتوانرێت چەند پێکهاتەیەک دروست بکرێت، بەڵام ئەگەر تیمەکەت بیەوێت بەشێوازێکی هێرشبەرانە یاری بکات دەبێت شێوازی (٢-٤-٤) بەکاربهێنێت، ئەمەش مانای ٤ بەرگریکار، ٤ ناوەند، ٢ هێرشبەر، ئەم پێکهاتەیەش بەشێوەیەکی بەربڵاو لەتۆپی پێی ئەمڕۆدا بەکاردێت.

ئەگەرچی هیچ پێکهاتەیەکی نمونەیی نییە کە تیمێک بتوانێت بۆهەموو ڕوبەڕوبونەوەکانی بەکاری بهێنێت، بەڵام هەڵبژاردنی پێکهاتە پابەندە بەوەی کە ڕکەبەرەکەت چۆن یاری دەکات، پێدەچێت بیستبێتت کە هەڵبژاردنی پێکهاتەیەک لەکۆمەڵێکەوە بۆ کۆمەڵێکی تر جیاوازەو باشترین پێکهاتە ئەوەیە کە لەگەڵ تیمەکەتدا بگونجێت. لەڕاستیدا ئەمە ڕاستە، بەڵام ئەگەر بتەوێت لەتۆپی پێدا باشو سەرکەوتوو بیت، پێویستە بتوانیت بەهەموو پێکهاتە گونجاوەکان یاری بکەیت. تیمەکەت ناتوانێت پشت بەتاکە پێکهاتەیەک ببەستێت، بەڵکو پێویستە تاکتیکەکە بەپێی پێکهاتەی تیمی ڕکابەر دابنرێت، بۆنمونە بابڵێین تیمی ڕکابەر بەپێکهاتەی (٣-٣-٤) یاریدەکەت، پێویستە تیمەکەی تۆ واز لەو پێکهاتە ستانداره بهێنێت کە پێکهاتووە لە (٣-٤-٣)، چونکە یاریکردن بەسێ بەرگریکار بەتایبەتی لەبەرامبەر سێ هێرشبەر ئەنجامی باشی بۆ تیمەکەت نابێت.

پێکهاتەی تۆپی پێ دەتوانرێت لەماوەی یاریکردندا گۆڕانکاری بەسەردا بهێندرێت، بەڵام دەبێت ڕێککەوتن لەنێوان هاوتیمەکاندا هەبێت. هەندێک پێکهاتە بەشێوەیەکی داینامیکی لەماوەی یاریەکەدا دەتوانرێت بگۆڕدرێت. پێکهاتەی (٤-٣-٣) دەتوانرێت بگۆڕدرێت بۆ (٤-٥-١) لەتۆپی پێدا تاکە جێگایەکی نەگۆڕ شوێنی گۆڵچییە.

## پێکهاتە زۆر بەکارهاتووەکان تۆپی پێ

### ٤-٤-٢

ئەمە بڵاوترین پێکهاتەی ئەمڕۆی تۆپی پێیە. هێزی سەرەکی لەم پێکهاتەیەدا باڵانسە. دژە هێرشەکان لەگەڵ بەرگری پتەودا تێکەڵ دەبن. لاوازییەکە لەدوو یاریزانی ناوەڕاستدایە کە دەبێت لاکان هاریکارییان بکرێت.

### ٤-٣-٣

پێکهاتەیەکی کلاسیکیە لەلایەن تیمە گەورەکانی ساڵانی ١٩٧٠وە بەکارهێنراوە. ئەم پێکهاتەیە نمونەیە بۆسیستمی گشتی تۆپی پێ کە لەلایەن ئەڵمانیاو نیوزلەنداوە یاری پێکراوە، هەروەها یانەی بەتوانای بەرشەلۆنەی ئیسپانی بەسەرکەوتوانە ئەم پێکهاتەیەی بەکارهێناوە.

### ٣-٤-٣

ئەم پێکهاتەیە هێرشبەرییەو کەمێک بیروبۆچونی بەرگریکارانەی تێدایە. شتێکی تاڕادەیەک نائاساییە، چونکە هەموو هێزێکی لەهێرشدا داناوەو ئەمڕۆ کەم لەتیمەکان کار بەم پێکهاتەیە دەکەن.

### ٣-٦-١

ئەم پێکهاتەیە بەزۆری لەلایەن تیمەکانی ئەڵمانیاوە کاری پێدەکرێت، بەڵام ئەگەر یاریزانان ئامادەنەبن بۆ کارکردن تێیدا ئەوە دەبێت بەکارەسات بۆ تیمەکە. یەکێک لەنمونەکان تیمی نەتەویی ئەمریکایە کە لەمۆندیالی ١٩٩٨دا، ئەم پێکهاتەیەی بەکارهێناوەو دۆڕان.

### ٣-٤-٢-١

ئەمڕۆ زۆربەی تیمەکان بەم پێکهاتەیە یاری ناکەن ئەم پێکهاتەیە گرنگە بۆئەوەی کە بتەوێت گوشار بخەیتە سەر ناوچەی ناوەڕاستی تیمی ڕکەبەر، هەروەها دەبێت ئەرکێکی زۆر بخەیتە سەر بەرگری، چونکە تەنها سێ بەرگریکار هەیە.

### ٤-٥-١

پێکهاتەیەکە شێوازی بەرگریکردن تێیدا زۆرە. ئەم پێکهاتەیە لەکاتێکدا بەکاردێت کە بزانیت تیمی ڕکابەر ئارەزومەندی بردنەوەی یارییەکەن، هەروەها لەلایەن زۆرێک لەخەڵکانەوە ڕەخنەی لێگیراوە، چونکە سەیرکردنی ناخۆشە.

### ٥-٢-٢-١

پێکهاتەیەکە لەپێنج بەرگریکارو دوو ناوەندی بەرگریکارو دوو ناوەندی هێرشبەرو یەک هێرشبەری سەرەکی پێکهاتووە.

### ٣-٥-٢

یەکێکە لەپێکهاتە مۆدێرنەکان لەتۆپی پێی ئەمڕۆداو بەشێوەیەکی سەرەکی لەتۆپی پێی ئەڵمانیادا ئەم پێکهاتەیە جەماوەرێکی زۆری هەبوو لەمۆندیالی ئیتاڵیای ساڵی ١٩٩٠دا، کاتێک ئەڵمانیا هەموو پاڵەوانیەتیەکەی پێبردەوە. بەهەمان شێوە ئەم سیستمە بەشێوەیەکی سەرکەوتوانە لەلایەن ئەڵمانیاوە لەجامی ئەوروپای ساڵی ١٩٩٦دا، کاری پێکراوە.




# گرنگترین یاساو ڕێساکانی تۆپی سەر مێز




تێنسی سەر مێز ناسراوە بە(پینگ پۆنگ) یاساو ڕێسای تایبەت بەخۆی هەیە. یاساکان فراوانن‌و بەشێکی گرنگ لەپێکهاتەی تێنسی سەر مێز پێکدەهێنن. زانیاریەکی باش دەربارەی یاساکانی‌و کارپێکردنەکانی هەر یاریەک گرنگە بۆئەوانەی دەیانەوێت یاریەک یاخود وەرزشی تێنس ئەنجام بدەن یاخود تەنانەت زانیاریان بەپێی سەردەم لەبارەی ئەو جۆرە وەرزشەوە هەبێت کە ئارەزووی دەکەن.

تێنسی سەرمێز، هیچی لەوەرزشەکانی تر کەمتر نییە. تێنسی سەرمێز، وەرزشێکە تیایدا تۆپێکی ناو پۆش بەڕەکتە لەسەر مێزێکی دابەش بەهۆی تورێکەوە بۆدوو بەشی یەکسان دابەشکراوەو یاری پێدەکرێت.

## یاسا بنچینەییەکانی تێنسی سەرمێز:

پێویستە ڕووی مێزەکە لاکێشەیی‌و نۆ پێ (٢,٧٤م) درێژ بێتو پێنج پێ (١,٥٢٥م) فراوانی بێت. هیچ یاسایەک نییە سەبارەت بەوەی کە پێویستە مادەی مێزەکە لەچی پێک هاتبێت، بەڵام پێویستە مادەکە توانای بەرزکردنەوەی دەوروبەری ٢٣سانتیمەتری هەبێت، کاتێک تۆپێکی ستاندارد لەبەرزی (٣٠سم)ەوە بەردەکەوێت. بەدەر لەوە، پێویستە لا ئاسۆییەکانی بۆ یاری کردن بەکار بهێنرێتو بەشی سەرەوەش بەبۆیاخێکی تاریک بۆیە بکرێت، هاوکات لەچوار دەوری ڕووەکەشیدا، لەملاو لاوە هێڵێکی سپی (٢سم)ی بەدەوری ڕووەکەدا بکێشرێت.

## تۆڕ:

سەرەتا پێویستە تۆڕەکە هێڵێکی ڕاست بێت تاوەکو سەر هێڵە سپیەکانی ئەملاو لای مێزەکە. پێویستە تۆڕەکە ڕاگری وەشێنەری پێوە بێت. پێویستە سەرەوەی تۆڕەکە شەش ئینج لەمێزەکە بەرزتر بێتو ڕاگرەکەی ئەملاوو ئەولای تۆڕەکە شەش ئینج لەدەرەوەی هێڵە سپیەکانی لێواری مێزەکەوە دووربێت.

شتێکی گرنگتر ئەوەیە کە پێویستە بەشی خوارەوەی تۆڕەکە تابتوانرێت نزیکتربێت لەڕووی مێزەکەوە.

## یاساکانی یاری کردنی تێنسی سەرمێز

بۆ بڕیاردان لەسەر ئەوەی کە کام لەیاریزانان لەتۆپ بدات، کۆینێک (پارەی وردە) هەڵدەدرێت. ئەو یاریزانەی یەکەمجار لەتۆپەکە دەدات بۆینتێک دەستەبەر دەکات. ئەگەر تۆپەکەش بەر لێواری کۆتایی مێزەکە کەوت بەفاوڵ لەقەڵەم دەرێتو تۆپەکە دەچێتە دەرەوەی یاری، لەوبارەیەوە یاسای ئۆڵۆمپی تێنسی سەر مێز بەپێویستی دەزانێت کە تۆپەکە لەلایەن وەرگر (یاریزانی بەرامبەرەوە) ببینرێت، چونکە پێویستە تۆپەکە لەدوای هێڵی کۆتایی‌و لەسەروو ڕووی مێزی یاریەکەوە بێت. لەیاسای تۆپی سەر مێزدا دەبێ تۆپەکە لەباری ئاسۆییدا بەلایەنی کەمەوە لەئاستی ١٦سم هەڵبدرێت.

## ڕەکتەرەکان یاخود لێدەرەکان

بۆ دەستپێکردن، پێویستە ڕەکتەکان بڕی ٨٥٪ی تەختە بێتو ڕووەکانی بەلاستیکێکی گرنج گرنجی ئاسایی ڕووپۆش کرابێت. گرنج گرنجەکان پێویستە لەڕووی دەرەوەی ڕەکتەکە بێتو بەرزی‌و نزمییەکەی لەدوومليم زیاتر نەبێت.

## خاڵەکانی یاری‌و ڕوبەڕوبوونەوە

**خاڵ لەم کەیسانەی خوارەوەدا بەدەستی دەهێنێت:**

- یاریزان دەتوانێت خاڵ تۆمار بکات، ئەگەر بێتو تۆپەکە بەر ڕاگری تۆڕەکە بکەوێت پێش ئەوەی بگاتە نیوەی مێزی بەرامبەرەکەی.
- لێدانی هەڵە لەلایەن بەرامبەرەوە.
- هەڵگێڕانەوەی هەڵە لەلایەن بەرامبەرەوە.
- ئەگەر ڕکابەری بەرامبەر نەیتوانی تۆپەکە بگێڕێتەوە.
- ئەگەر تۆپەکە بەر هەر شتێک جگەلە مێزەکە کەوت پاش ئەوەی لێدەدرێتو پێش ئەوەی لەلایەن یاریزانی بەرامبەرەوە لێدەدرێتەوە.
- ئەگەر ڕکابەری یاریزانەکە دووجار بەسەرکەوتوانە لەتۆپەکەی دا.
- ئەگەر دەستی بەتاڵی ڕکابەرەکە لەسەر ڕووی مێزەکە بێت.
- لەبارودۆخی دوو ڕکابەریدا کاتێک یەکەم ڕکابەر لەتۆپەکە دەداتو دووەم ڕکابەر لێدانەکە دووبارە دەکاتەوە.
- یارییەکە لەدوای تۆمارکردنی یانزە خاڵەوە لەلایەن یاریزانەوە دەبرێتەوە. هەرکام لەیاریزانانەکان توانیان لەسەرەتاوە دە خاڵ تۆمار بکەن، براوەن.
- ئەگەر هەردوولا دە خاڵیان هەبوو پێکەوە، ئەو یاریزانەی دوو خاڵ بەدەست بهێنێت براوەیە.

# کێ لەباشترین پێشبڕکێکارانی ئۆتۆمبێلە؟



**رەموز سەردار**

لەیەکەمین رۆژی پێشبڕکێی ئۆتۆمبێلی فورمولا وەن کە لەبەحرەین بەڕێوەچوو، فیرناندۆ ئالۆنسۆ لەتیمی فەراری بەباشترین کات براوەی پێشبڕکێکە بوو و فلیپە ماسا هاوتیمییەکەشی پلەی دووەم بوو.

هەمیلتۆن پاڵەوانی وەرزی 2008یش لەپێشبڕکێیەکی زۆر قورسدا لەگەڵ سباستییەن فەتل پلەی سێیەمی بەدەستهێنا.

میشایل شوماخەر کە بەدەنگو هەرایەکی یەکجار زۆری میدیاکانەوە چووە ناو تیمی مارسید سەوە، دوای چەند ساڵ دووری لەو پێشبڕکێیانە لەیەکەمین بەشداری خۆیدا پلەیەکی باشتر لەشەشەمی بەدەست نەهێنا، هەربۆیە تا رادەیەک بووە هۆی نیگەرانی بەرپرسانو لایەنگرانی تیمەکەی.

ئێستا هەموان چاوەڕوانی خولی دواتری ئەو پێشبڕکێیەن کە لەرۆژی 28ی ئەم مانگە لەئۆستۆرالیا بەڕێوەدەچێت.

لەئێستادا تیمی فەراری بە 43خاڵ لەپلەی یەکەمی خشتەو تیمی مەک لارن - مارسیدس بە 21خاڵو مارسیدس جی پی بە 18خاڵ لەپلەکانی دووەمو سێیەمدان.

**خشتەی شۆفێرەکان بەپێی ئەو کاتەی کە بەدەستیان هێناوە:**

fernando alonso 1:39:20.396 .1
felipe massa +5976.5 sec .2
lewis hamilton +5983.6 sec .3
sebastian vettel+5999.2 sec .4
nico rosberg+6000.6 sec next .5
michael schumacher +6004.6 sec .6
jenson button +6005.7 sec .7
mark webber +6006.8 sec .8

**خشتەی شۆفێرەکان بەپێی ئەو خاڵانەی کە بەدەستیان هێناوە:**

fernando alonso 25 01
felipe massa 18 02
lewis hamilton 15 03
sebastian vettel 12 04
nico rosberg 10 05
michael schumacher 8 06
jenson button 6 07
mark webber 4 08
vitantonio liuzzi 2 09
rubens barrichello 1 10

**خشتەی خاڵەکانی تیمەکان:**

01ferrari 43
mclaren-mercedes 21 02
mercedes benz gp ltd 03 18
rbr-renault 16 04
force india-mercedes 2 05
williams-cosworth 1 06
renault 0 07
str-ferrari 0 08
lotus-cosworth 0 09
bmw sauber-ferrari 0 10

## سیترۆین بەرهەمێکی کۆن نوێ دەکاتەوە

**میلان مەریوان**

رەنگە تۆش کانسەپتی سیترۆین revolteت بەرچاو کەوتبێت، کانسپتێک کە هەمیشە دوو ئامانجی سەرەکی سیترۆین لەخستنە بەردەستی ئەو بەرهەمەمان بیردەهێنێتەوە، یەکەم نەوەی پێشکەوتووی ئۆتۆمبێلە بچوکەکانی شاریو ئەوی دیکە بیرهێنانەوە رابردووی پڕ شکۆی مۆدێلی cv2.

بەرهەمی cv2 لەوڵاتی ئێران بەناوی ژیان دەناسرێتو دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی 1948و بەپێچەوانەی رای گشتی لەسەرەتای خستنە بازاڕیدا واتە ساڵەکانی 40و 50کان لەڕووی تەکنۆلۆژیای دروستکردنو داهێنانەوە خاوەنی شێوازی تایبەتی خۆی بووە.

cv2 لەژێر کاریگەری ستایلی باهاوسەدا دروستکرابوو و ناونیشانی بەناوبانگترین ئۆتۆمبێلی مێژووی کۆمپانیای سیترۆینی بۆخۆی تۆمارکرد.

bauhaus ناوی ستایلێکە کە لەساڵی 1919دا دامەزراو لەلایەن کۆمەڵێک لەگەورە پیاوانی بواری هونەرو بیناسازی کە کاریگەری زۆریان لەهەموو رەهەندەکانی هونەری ئەورووپی جیهانی وەرگرتبوو، کاری بۆکرا.

ئێستاو دوای تێپەڕبوونی نزیکەی 60ساڵ لەو کاتەوە، سیسترۆین بەخستنە بەردەستی چەند وێنە لەدیزاینی نەوەی نوێی ئەو ئۆتۆمبێلە، سەرنجی میدیاکان بواری ئۆتۆمبێلی جیهانی بەلای خۆیدا راکێشاوە. دیزاینی نەوەی نوێی cv2 کە زۆربەی خەڵک بەجێگرەوەی c2ی دەزانن، لەهەمانکاتدا کە پێشکەوتووەو ئاپدەیتە، رواڵەتی کۆنی نەوەی سەرتای خۆی لەدەست نەداوە. ناونیشانی جوچکی مراوی ناشیرین 60ساڵ لەمەوبەر درایە ئەو ئۆتۆمبێلە، چونکە سیترۆین بەشێکی سەرەکی ئەو بەرهەمەی بەرنگێکی سەوزی تایبەت خستە بازاڕەوە.

cv2ی داهاتوو لەئاپدەیترین تەکنۆلۆژیاکانی سوودوەردەگرێتو پێدەچێت بەنرخێکی کەم بخرێتە بەردەست مشتەرییەکان، بەڵام ئەوە کاریگەری لەسەر کەمکردنەوەی کواڵیتیو ئاسایشی ئۆتۆمبێلەکە نەبووە.

بەپێی دواهەمین هەواڵەکان cv2ی نوێ قۆناغەکانی کۆتایی دیزاینو دروستکردنی نمونەی سەرەتایی خۆی تێدەپەڕێنێت.

بەهۆی ئەوەی کە ئامانجی سەرەکی ئەو پرۆژەی بەرهەمهێنانی نمونەی دووو سێ دەرگایی بووە، پێدەچێت نمایشکردنی نمونەی چوارو پێنج دەرگا دوای نمایشکردنی نمونەی دوو دەرگا ئەنجام بدەرێت. cv2ی نوێ باشترە بڵێین c2ی نەوەی داهاتوو، وەک رکابەرە سەرنجراکێشەکەی خۆی واتە فیاتی 500، سەقفی سلایدی هەیەو زیاتر جەخت لەسەر نمونە هایبریدییەکەی دەکرێتەوە تا نمونەی بەنزینییەکەی، ئەوەش نیشاندەری خواستی بەرهەمهێنەرەکەیەتی بۆ ئەوەی ئەو ئۆتۆمبێلە لەگەڵ بەرهەمە هاوشێوەکانی جیاواز بێت.

## جی سپۆرت تۆیۆتا دەهەژێنێت

**دارین شالاو**

تۆیۆتا گروپێکی تایبەت یان کارگەیەکی تایبەتی جیاوازی بۆ دروستکردنی نمونەی سپۆرتو بەهێزتری لەمۆدێلە ستاندارەکانی نەبوو، بەڵام چەند هەفتەیەکە کارگەیەکی تیونینگی تایبەتی لەدڵی پێکهاتەی تۆیۆتادا وەرێخستووە کە کارەکەی دروستکردنی ئۆتۆمبێلی تایبەت بەپێشبرکێ جیاوازەکانە بەئارمو ستانداردی ئەو کۆمپانیایەوە.

تۆیۆتا ئەو گروپەی مەکینە سپۆرتەی ناو ناوەtrd کە کورتکراوەی سەنتەری گەشەی تۆیۆتا ریسینگە.

تۆیۆتا بەرهەمەکانی کە بەدەستی ئەو گروپە دروست دەکرێت بەئارمی "g" دەرازێنێتەوەو ئارمەکەش لەشوێنێکی تایبەت دادەنرێت. جی سپۆرت بەرهەمی ئەزمونەکانی تۆیۆتا لەبەشداری لەراکابەرلایەتییە بەناوبانگەکانی ئەو بوارە لەجیهاندا وەک فۆرمولا وەن یان ناسکار.

گەورەترین ئۆتۆمبێلسازی جیهان لەپیشانگای تۆکیۆشدا چەند کانسەپتێکی تایبەتی بەرواڵەتێکی سپۆرت لەسەر مۆدێلی نوێیft-86 خستە بەردیدەی بینەران کە پێشوازی گەرمی لێکرا.

ئەو ئۆتۆمبێلانە کە هەموویان ئارمی "g"یان لەپشتو قەراغەکەیاندا هەبووەو رای زۆر کەسیان بەلای خۆیاندا راکێشاوە.

وەک دیارە تۆیۆتا بەهیوایە لەناوی دڵی ئەو کانسەپتەوە، یەکەمین نمونەی گەشەسەندووی خۆی لەبواری سپۆرتەکانی کە تایبەت بەشەقامەکانی ناوشار درووستدەکرێن، لەناوەڕاستی ساڵی 2010دا دروستبکاتو بیانخاتە بازاڕەوە.

گروپی جی سپۆرت بەهیوای ئەوەی لەبواری جیاوازی وەک دیزاینی ناوخۆیی، رواڵەت، سیستمی تەعلیقو سیستمی بەرهەمهێنانو گواستەوەی هێز ئەو بەرهەمەی خۆی گەشە پێبدات.

بەپێی ئەو زانیارییانەی کە لەبەردەستە سێ گروپی جیاواز لەوبوارەدا سەرقاڵی دیزاینو بەرهەمهێنانن تا بتوانن وەڵامی داواکاری مشتەرییەکان بدەنەوە. کارگەی گەشەی ئۆتۆمبێلە سپۆرتەکانی تۆیۆتا یان trd جارێ تواناکانی خۆی لەسەر مۆدێلی دیفرانسیەلی دواوەی ئەو کۆمپانیایە چڕکردووەتەوە.

جێگەی ئاماژەپێکردنە کە کۆمپانیای مارسیدس بێنزیش ساڵەهایە بۆ ژمارەیەک مشتەری تایبەتی خۆی کە حەز زۆریان لەشۆفێری کردنی خێراو پێشبرکێیە، بەیارمەتی گروپی تەکنیکیو تایبەتی amg ئۆتۆمبێلێکی تایبەت دروست دەکاتو بەنرخێکی بەرز فرۆشتویەتە مشتەرییە تایبەتییەکانی.

هەروەها "بی ئێم دەبلیوش"یش گروپی ئێم پاوەری لەپێکهاتەکەی خۆی ئامادەکردووە تا دوای ئەوەی هەندێک گۆڕانیان لەمۆدێلە ستاندارەکاندا ئەنجامدا، ئۆتۆمبێلێکی سپۆرتو بەهێزتر بخەنە بەردەست مشتەرییەکان.

نیسانیش ماوە ماوە لەگروپی نسمۆ (nismo) سوود وەردەگرێت، هەروەک لێکسس کە گروپی تایبەتی ئێف - سپۆرتی بۆ تیونینگی مۆدێلە دڵخوازوکانی دامەزراندووە. بەو پێیە ئێستا تۆیۆتا دواهەمین کۆمپانیایە کە ئەو گروپێکی تەکنیکی بۆ درووستکردنی مۆدێلی سپۆرتی "g" دامەزراندووە.

## کیا ئۆتۆمبێلی K5ی نمایشکرد

**میلان سەردار**



کۆمپانیای کیامۆتۆرز کە دووەمین ئۆتۆمبێلسازی گەورەی کوریای باشوورە، ئۆتۆمبێلی نوێی خۆی بەناویK5 نمایشکرد.

کیامۆتۆرز رۆژی رابردوو رایگەیاند ئۆتۆمبێلی سیدان K5 جێگەی مۆدێلی لۆتزە (lotze) دەگرێتەوەو لەمانگی مەیەوە دەخرێتە بازاڕەوە بۆ فرۆش. ئەو ئۆتۆمبێلە نوێیە ڤێرژنی نوێو گەشەکردووە لەسیدانی لۆکسی k7 کە نۆڤەمبەری ساڵی رابردوو نمایشکرا.

کیا رایگەیاند K5 لەڕووی درێژیو پانییەوە لەتۆیۆتا کەمێریو نیسانی ئاڵتیما گەورەترەو لەریزی ئۆتۆمبێلە مامناوەندەکاندا جێگەی خۆی دەکاتەوە.

ئەو ئۆتۆمبێلە لەپیشانگای ئۆتۆمبێلی نیۆیۆرک لە 29ی مارچو لەپیشانگای ئۆتۆمبێلی بوسان لەکۆتایی مانگی ئاپریل نمایش دەکرێت.

## خولی تەدریبی پێشبرکی ئۆتۆمبێلی میلبۆرن بەڕێوەچوو

**جوانە شەریف**

خولی تەدریبی پێشبرکێکانی ئۆتۆمبێلی فۆرمولاوەنی میلبۆرن بەپێشکەوتنی شۆفێری تیمی مەک لارن کۆتایی هات.

لەخولی تەدریبی پێشبرکێکانی شۆفێری فۆرمولا وەنی خەڵاتی گەورەی میلبۆرندا کە لەپیستی ئۆتۆمبێلی ئاڵبەریت پارکو بەمەودای پێنج کیلۆمەترو سێ سەد مەتر بەڕێوەچوو، لویس هەمیلتۆن شۆفێری بەریتانی تیمی مەک لارەن لەماوەی یەک خولەکو 25چرکەو هەشت سەدو یەک لەسەر هەزاری چرکە زووتر لە شۆفێرەکانی دیکە گەیشتە هێڵی کۆتایی پێشبرکێکەو پلەی یەکەمی ئەو خولەی بەدەستهێنا.

دوای هەمیلتۆن، جەنسۆن باتن هاوتیمییەکەی پلەی دووەمی بەدەستهێنا مارک وەبەر شۆفێری ئۆستۆرالی تیمی رێدبول لەپلەی سێیەمدا راوەستا.

ئەو خولە لەپێشبرکێی ئۆتۆمبێلی مەلبۆرن لەهەوایەکی بارانیدا بەڕێوەچوو، بەشێوەیەک کە شۆفێرەکان چەندینجار ناچاربوون تایەی ئۆتۆمبێلەکەیان بگۆڕن.

## ڤۆڵڤۆی سوید دەفرۆشرێتە کۆمپانیایەکی چینی

کۆمپانیای ئۆتۆمبێلی شیجیان گیلی (zhejian geely)ی چین بەمزاونە گرێبەستی کرینی کۆمپانیای "ڤۆڵڤۆ کارز"ی سوید ئیمزادەکات.

چاوەڕوان دەکرێت نوێنەرانی کۆمپانیای گیلیو کۆمپانیای فۆرد (کە ئێستا خاوەنی ڤۆڵڤۆیە) ئەو گرێبەستە لەرۆژی یەکشەممەدا لەئۆفیسی ناوەندی کۆمپانیای ڤۆلڤۆ لەگۆتنبەرگ (لە رۆژئاواوی سوید) ئیمزا بکات.

کۆمپانیا ڤۆلڤۆکارەز لە کۆمپانیاکانی سەر بە فۆرد مۆتۆری ئەمریکایە لەوڵاتی سوید.

بەپێی راپۆرتەکان نرخی ئەو گرێبەستە زیاتر لەیەک ملیارو هەشت سەد میلۆن دۆلار دەبێت.

ئەمە لەکاتێکدایە کە ئەو برە پارەیە کەمترە لەیەک لەسەر سێ ئەو نرخەی کە کۆمپانیای فۆرد لەساڵی 1999دا بۆ کرینی کۆمپانیای ڤۆڵڤۆ داویەتی. یەکێتی کارمەندە ئیدارییەکانی کۆمپانیای ڤۆڵڤۆ رۆژی پێنجشەمەی رابردوو نیگەرانی خۆیان لەئیمزای ئەو گرێبەستە راگەیاند.

ئەوان رایانگەیاندووە خاوەنە نوێیەکەی ئەو کۆمپانیایە بەرنامەکانی خۆی بەشێوەی ئاشکراو تەواو رانەگەیاندووە.

## مووچەی کێ 2.58ملیۆن یۆرۆیە؟

**ناسیاو عەلی**

کۆی موچەو پاداشتی سەرۆکی گروپی ئۆتۆمبێلسازی "بی ئێم دەبلیو"ی ئەڵمانیا لەساڵی دوو هەزارو نۆدا بەشێوەیەکی بەرچاو گەشەی کردووە.

نۆربێرت رایتهۆفەر لەساڵی 2009دا، دوو ملیۆنو 980 هەزار یۆرۆی وەرگرتووەو موچەکەی لە 600 هەزار یۆرۆ لەساڵی 2008 بۆ 840 هەزار یۆرۆ لە ساڵی 2009دا زیادی کردووە کە گەشەیەکی 40%ی هەبووە.

لەلایەکی دیکەوە کۆمپانیای "بی ئێم دەبلیو" رایگەیاندووە تا رادەیەک باردۆخی ئەو کۆمپانیایە دوای قەیرانە دارایەکانی دووساڵی رابردوو باشتربووە. قازانجی ئەو کۆمپانیایە گەیشتووەتە 210ملیۆن یۆرۆ لەساڵی 2009دا. ئەو کۆمپانیایە لەساڵی 2008دا 330 ملیۆن یۆرۆی خێر کردووە.

کۆمپانیای "بی ئێم دەبلیو" پێشبینی کردووە ئەو کۆمپانیایە لەساڵی 2010 زیاتر لەیەک ملیۆنو 300هەزار ئۆتۆمبێل بفرۆشێتو گەشەی ئەو کۆمپانیایە لەچاو ساڵی پێشوو زیاتر بێت.

# چین دوو ژنی وەک گەشتیاری بۆشایی ئاسمان هەڵبژارد

ئاکام حەسەن

وڵاتی چین بەمدواییانەو بۆ یەکەمینجار دوو ژنی وەک گەشتیاری بۆشایی ئاسمان هەڵبـــژاردووەو ئەو دوانەی بۆ بەشـــداری لەتاقیگەی داهاتووی بۆشایی ئاسمانی ئەو وڵاتە کە بەشـــێکە لەبەرنامەکانی بۆشایی ئاسمانی چین، بانگهێشت کردووە.

بەپێـــی راپۆرتی زی نیـــوز وڵاتی چین بەهیوایە ســـێیەمن مانگی دەســـتکردی ئۆتۆماتیکـــی خۆی لەســـاڵی 2013دا بنێرێتە ســـەر مانگ. ســـێیەمین مانگی دەستکردی ئۆتۆماتیکی (چانگ ئی 3) لەساڵی 2013دا سەفەری خۆی بۆ مانگ دەســـتپێدەکاتو چاوەڕوان دەکرێت تا کۆتایی ســـاڵی 2017 ئەرکەکانی خۆی لەسێ قۆناغدا تەواو بکات.

لەو پرۆســـەیەدا مانگی دەســـتکردەکە بەئارامی لەسەر گۆی مانگ دادەبەزێتو پشکینەرێک بەمەبەستی لێکۆڵینەوە لەسەر بەشەکانی روو و ناوەوەی مانگ لەخۆی جیادەکاتەوە.

پرۆژەی "چانگ ئی 3"و "چانگ ئی 2" بەشێکن لەبەرنامەی وڵاتی چین سەبارەت بەلێکۆڵینەوە لەسەر بۆشای ئاسمانو مانگ. "چانگ ئی 2" بەمەبەســـتی نیشتنەوەی ئارام لەســـەر مانگـــو "چانگ ئی 3" بەمەبەستی ئامادەکردنی تەکنۆلۆژیاکان بۆ تۆمارکردنـــی ڤیدیۆ بەکواڵیتی بەرز لەو شوێنەی سەر گۆی مانگ کە مانگی دەستکردەکە لێی نیشتووەتەوە ئامادە بکات.

هەر بۆ ئەمە مەبەســـتەش چین دووەمین دەستەی لەگەشـــتیارانی بۆشای ئاسمانی خۆی هەڵبژاردووە کە پێکهاتووەو لەپێنج پیـــاوو دوو ژن. ئەمـــە یەکەمینجارە کە گەشتیارانی ژنان لەچالاکییەکانی بۆشایی ئاسمانی چیندا بەشـــداری دەکەن. ئەو دوو گەشـــتیارە ژنەی بۆشـــایی ئاسمان فرۆکەوانانی هێزی ئاسمانی PLA بوونو ئەگەری زۆرە لەئەرکی نیشـــتنەوە لەسەر مانگدا بەشداربن.



# یەکەمین هاندی هۆشمەندی نەوەی چوارەم

ژیلا سامی

کۆمپانیای ســـپرینت لەکۆنفرانسی CTIA 2010دا یەکەمیـــن هاندی هۆشـــمەندی نـــەوەی چوارەمـــی نمایشکرد.

بەپێی راپۆرتی سایتی تەکنۆلۆژیای سی نێت، هاندی HTC Evo 4G نەتەنیا یەکەمین هاندەی جیهانە کە وایمەکسی لەسەرە، یەکەمین هاندی نەوەی چوارەمە کە کەوتووەتە بواری بەرهەمهێنانەوە.

ئەو هاندە لەئۆپەریتینگ سیســـتمی ئاندرۆیـــدی OS 2.1 ســـوود وەردەگرێتو شاشەیەکەی 4.3 ئینچی لەســـەر دانراوە. دیقەتی لەمسی ئەو شاشەی ئەو هاندە تا بەرزترین ئاست بەرزکراوەتەوەو بەبچوکترین دەست لێدان وەڵام دەداتەوە.

کامێـــرای ئەو هانـــدە هەڵگرە 8.3 مێگاپیکسلەو میمۆرییە ناوخۆییەکەی یەک گیگابایتە کە دەتوانێت بێئەوەی ســـوود لەمیمۆری زیادە وەربگرێت، رێژەیەکی یەکجار زۆر وێنە لەخۆیدا خەزن بـــکات. ئەمە لەکاتێکدای کە میمـــۆری کارت تا 32 گیگابایت ساپۆرت دەکات.

کۆمپانیایسپرینتتەنیاکۆمپانیایەکە کـــە سیســـتمی وایمەکســـی بـــۆ بەرهەمەکانی نەوەی چوارەمی خۆی هەڵبـــژاردووەو تا ئـــەو کاتەی کە کۆمپانیاکانی دیکەهەواڵەکانیان بۆ ئەم مەبەستە دەستپێبکەنو ئەو کۆمپانیایە رێگەیەکی زۆری پێواوە. کۆمپانیای ســـپرینت رایگەیاندوە تۆری نەوەی چوارەمی ئـــەو کۆمپانیایە نزیکەی 120ملیۆن بەکارهێنەر دەخاتە ژێر خزمەتگوزارییەکانی خۆی.

# گۆڕینی ماتۆر سێرچی پێش فەرز لەئینتەرنێت ئێکسپلۆرەردا

دارا نەجمەدین

ئەگـــەر ڤێرژنی 7 یـــان 8ی ئیکســـپلۆرەری Internet Explorer بەکاردەهێنن، دەبینن بەشی Search لەلای سەرەوەی ئەو ئیکسپلۆرەرە بەشێوەی پێش فەرز ماتۆر سێرچی Live Search یا Bingی ئێستایە. رەنگە وەک زۆربەی بەکارهێنەران حەز بکەن کە بۆ سێرچ ماتۆرێکی دیکە وەک گووگڵ یان یاهو بەکاربهێنن، بۆ ئەم مەبەستە:

ســـەرەتا لەســـەر مینۆی Start کلیک بکەن. ئەگەر ویندەوزی XPی بەکاردەهێنن بچنە ناو Runەوەو ئەگەر ویندەوزی ڤیســـتا یان سەڤن بەکاردەهێنن لەسێرچی مینۆی ستارتدا وشەی regedit بنووسنو ئینتەر لێبدەن. ئێستا بەنمونە ماتۆر سێرچەکە دەگۆڕین بۆ گووگڵ. لەپەنجەرەی Registry Editorدا بچنە ئەو ئادرەسەی خوارەوە:

HKEY_CURRENT_USER\Software\Microsoft\Internet Explorer\Main

لەبەشەکەی ئەوبەری پەنجەرەکەدا لەسەر Search Page دووجار کلیک بکەن. ئێســـتا رێژەی Value بگۆڕن بەhttp://www.google.comو OKی بکـــەن، هەروەها لەســـەر Search Bar کلیک بکەنو رێژەی Value بگۆڕن بۆhttp://www.google.com/ie وOK ی لێبدەن.

دوای ئەو کارە لەریجستریدا بچنە ئەم ئادرەسەی خوارەوە:

HKEY_CURRENT_USER\Software\Microsoft\Internet Explorer\SearchURL

لەبەشـــی ئەوبەری پەنجەرەکەدا لەسەر Default دووجار کلیک بکەن. لەبەشـــی Value دا http://www.google.com/keyword/%s بنووسنو OK لێبدەن. لەدوایەمین هەنگاودا بچنە ئەم ئادرەسەی خوارەوە.

HKEY_LOCAL_MACHINE\SOFTWARE\Microsoft\Internet Explorer

لێـــرەدا لەســـەر Internet Explorer کلیک بکـــەنو New > Key هەڵبژێرن. ناوی Key نوێ بنێن Search.

ئەگەرSearch هەڵبژێردراوە، لەوبەری پەنجەرەکەدا لەسەر بۆشاییەک کیکی راســـت بکەنو New > DWORD Value هەڵبژێرنو ناوی بنێن SearchAssistant.

ئێستا لەسەر SearchAssistant دووجار کلیک بکەنو رێژەی Value بکەنە http://www.google.com/ie وOK بکەن.

ئێستا کارەکە تەواو بوو ئەگەر یەک جارIE بکەنەوە، گۆڕانکارییەکان دەبینن.

# نینتێندۆی سێ ڕەهەندی بەبێ چاویلکە

چاوان فایەق

کۆمپانیـــای نینتێنـــدۆ بەمزوانـــە بەنمایشـــکردنی ئامێرێی نـــوێ رێگە بەبەکارهێنەران دەدات کە بەبێ چاویلکەی تایبەت یارییەکان لەحاڵەتی سێ رەهەندیدا ببینن

بەپێی راپۆرتی بی بی سی ئەو هەنگاوەی نینتێنـــدو ماوەیەکـــی کـــورت دوای نمایشکردنی ئامێرە سێ رەهەندییەکان لەپیشانگای تەکنۆلۆژیای ئەمساڵو هەوەرها بڕیاری سۆنی بۆ بەرهەمهێنانی کۆنسولی یاری سێ رەهەندی، ئەنجام دراوە.



زۆربەی سیستمە ســـێ رەهەندییەکانی ئێســـتا بـــۆ بەکارهێنان پێویســـتیان بەچاویلکەی تایبەت هەیە، بەڵام نینتێندۆ دەڵێت تەکنۆلۆژیا نوێیەکەی کێشـــەی بەکارهێنانی چاویلکـــەی نییە. ئەگەری زۆری ناوی ئەو بەرهەمە نوێیەی نینتێندۆ DS3 بێـــت کە لەناوی کۆنســـولەکەی پێشووی ئەو کۆمپانیایەوە وەرگیراوە. DS تائێستا 125ملیۆن ئامێری لەسەرانسەری جیهاندا لێ فرۆشـــراوە. جێگەی ئاماژە پێکردنە کە نینتێندۆ دەڵێت سیســـتمە نوێیەکەی لەگەڵ یارییەکانی کۆنسولەکانی ئێستای ئەو کۆمپانیایە سازگارە.

ئەو سیســـتمە سەرەتای ســـاڵی 2011 دەخرێتە بازاڕەوەو بڕیار وایە یەکەمینجار لەپیشانگای E3دا نمایش بکرێت.

# فۆرمەتی هاردیسکەکان تا ساڵی 2011 دەگۆڕێت

کاوێنا فایەق

هاردیسکەکان تا چەند ساڵی داهاتوو لەگەڵ یەکێک لەگەورەترین گۆڕانەکان لەفۆرماتی تۆمارکردنی داتا لە 30ساڵی رابردوودا رووبەڕوو دەبن.

بەپێی راپۆرتی بی بی ســـی تا ساڵی 2011 تـــەواوی هاردیســـکەکان فۆرماتێکی پێشکەوتوویان دەبێت کە جـــۆری خەزنکـــردنو خوێندنەوەی داتای تێدا دەگۆڕێت.

ئەوفۆرماتەنوێیەرێگەبەبەرهەمهێنەران دەدات تا هاردیســـکێک کە داتای زیاتر لەخۆی دەگرێتو وزەی کەمتری پێویستە دروست بکەن.

لەکاتـــی هاتنەئـــارای ئۆپەریتینگ سیســـتمی DOS تائێســـتا بۆشایی هاردیسکەکان دەکرێنە بەش بەشی 512بایتی. ئەم شـــێوەی دابەشکردنە کە بەسیکتۆر Sectorیش بەناوبانگە، لەلایەن کۆمپانیای ئـــای بی ئێم کە بۆ یەکەمینجار لەفلۆپی دیسکەکانیدا بەکارهێنابوو،داهێنرا.—

ئەو دابەشکردنە کاتێک کە بۆشایی هاردیسکەکان چەند مێگابایت بوو زۆر مەنتیقیو باش بوو، بەڵام ئێستا کە هاردیســـکەکان دەتوانن چەند ترابایـــت داتا لەخۆ بگـــرن، کاتی گۆڕانێکی بنەرەتی لەو تەکنۆلۆژیایەدا هاتووە.

ئەو سیســـتمە دەبێتە هۆی ئەوەی کە بۆشاییەکی زۆر لەنێوان سێکتۆرەکاندا ون بێـــت. بەگۆڕینـــی قەبـــارەی سیکتۆرەکان دەتوانرێت ئەو بۆشاییانە زۆر کەمتـــر بکرێتـــەوەو ئـــەوکات ئەو بۆشـــاییانەش بەکار بهێنرێتو خێراییەکـــەی زیاتر بێـــت، هەربۆیە تەواوی بەرهەمهێنەرانی هاردیسک بەئیمزاکردنـــی رێککەوتنامەیەک کە لەلایەن ئەنجومەنی نێودەوڵەتی دیسک درایڤ (Idema) رێکخراوە، ناچارن تا ساڵی 2011 تەواوی بەرهەمەکانی خۆیان بەفۆرماتی K4 کە لەڕاستیدا سیکتۆری 4 کیلۆبایت (4000 بایت) ە، بەرهەمبهێنن.

# ئێران کۆتایی بەداخستنی وێب سایتەکان دەهێنێت؟

لانە شەوقی

کۆمەڵێـــک لەوەزیرانی دەرەوەی وڵاتانی ئەورووپـــی لەبەیاننامەیەکدا داوایان کرد حکومەتی ئێران دەســـتێوەردانی خۆی لەهۆکارەکانـــی گەیاندنـــی زانیـــاری ئەلکترۆنیکـــیو ئامێرەکانی پەیوەندی گشتی کۆتایی پێبهێنێت.

بەپێی هەواڵێکی CIOL، یەکێتی ئەوروپا دووشـــەممەی رابردوو داوایان لەئێران کرد تا بەستنی ســـیگناڵەکانی مانگی دەســـکردیو وێبسایتەکانی ئینتەرنێتی کـــە لەلایەن میدیاکانـــی وڵاتانی دیکە سەرپەرشتی دەکرێن یان سایتەکانی دژ بەحکومەتی ئێرانن، کۆتایی پێبهێنێت.

وەزیرانـــی دەرەوەی وڵاتانـــی ئەوروپا لەبەیاننامەیەکی گشـــتیدا رایانگەیاند: پێویســـتە ئێران بەزووتریـــن کات ئەو کارانەی بۆ رێگرتن لەگەیاندنی زانیاری بەهاووڵاتیانی وڵاتەکەی ئەنجامی دەدات، کۆتایی پێبهێنێت.

ئەو بەیاننامەیە دوای نارەزایی دەربڕینی سێ گەورە میدیای جیهانی واتە BBC، Deutsche Welle و دەنگی ئەمریکا کە نارەزاییان ســـەبارەت بەشـــکاندنی یاسای میدیا گشتییەکان لەلایەن ئێرانەوە دەربڕیبوو، دەرچوو.

بەستنی سایتەکانو ناردنی پارازیت بۆ کەناڵە سەتەلاتییەکانی دژ بەئێران دوای ئەوە دەســـتی پێکرد کە نارەزاییەکانی خەڵک ئـــەو وڵاتە بەنیســـبەت دووبارە دەرچوونـــەوەی ئەحمـــەدی نـــەژاد بۆ ســـەرۆک کۆماری لەمانگی حوزەیرانی ســـاڵی رابردوودا زیاتربـــوو و خەڵک بۆ نیشـــاندان نارەزاییەکان هاتنە سەر شەقامەکان.

# تویتەر دەبێتە ئامێرێکی پێویست بۆ پزیشکەکان

زانکۆ محەمەد

بەپێی راپرسییەک کە لەلایەن زانکۆی Clevelandەوە ئەنجـــام دراوە، تویتەر بەمزوانـــە دەبێتە ئامێرێکی پێویســـت لەکاری پزیشکیو شێوە دەرمانییەکاندا.

بەپێـــی راپۆرتـــی Healthcare IT News، زیاتر لە 99%ی کەسانێک کە لەو راپرســـییەدا بەشـــدارییان کردبوو، وەڵامی پۆزەتیڤیان داوەتە ئەو پرسیارە کە ئایا تویتەر دەبێتە بەشێک بۆ پەیوەندی بەردەوامی پزیشـــکو نەخۆشو هەموو بوارە دەرمانییەکان؟

بەڵام ئێستاش هەندێک پزیشکەکان لەکاتێکـــدا کـــە خۆیـــان تویتەر بەکاردەهێنن، ئـــەو خزمەتگوزارییە بەنەخۆشەکانیان پێشنیاز ناکەن.

Dimoy Ves بەرێوەبـــەرو دامەزرێنـــەری ClinicalCases.org رایگەیاندووە: من لەســـاڵی 2008ەوە یاریـــدەدەری پزیشـــکی لەCWRU بـــووەمو پێموایە ئەوە زۆر بەســـوودە کە کۆمەڵگەی پزیشـــکی بەمشێوەیە حەزی زۆری خۆی بۆ بەکارهێنانی خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتییەکانی وەک تویتەر نیشاندەدات.

لەراپرســـییەکی دیکەدا کە لەلایەن دامەزراوەی Pho لەســـاڵی 2009دا ئەنجامدراوە لەبەرامبەر ئەو پرسیارەی کە چەندەو چـــۆن لەخزمەتگوزاری تویتەر سوودوەردەگرن؟ کە شارەزای بواری پزیشکی خرابووەڕوو، 45%ی بەشـــداربووان وتیان تائێستا بەهیچ شێوەیەک بەکاریان نەهێناوە، 36% وتویانە تەنیا بۆ بەبەشـــداریکردنی زانیـــاریو ئـــاگاداریو هەواڵەکانی بەکاریان هێنـــاوەو تەنیا 15%یان وتبوویان ئـــەو خزمەتگوزارییەیان بۆ پەیوەندی لەگەڵ نەخۆشـــەکانیان ئەو خزمەتگوزارییە ئینتەرنێتییەیان بەکارهێناوە.



# بیرلسکۆنی دەستی قەزافی ماچکرد



لەمیانەی کۆنگرەی لوتکەی عەرەبیدا بیرلسکۆنی دەستی قەزافی ماچکرد. کەناڵی پرێسی ئێرانی بڵاویکردەوە: سیلڤیۆ بیرلسکۆنی سەرۆک وەزیرانی ئیتالیا یەکێک بوو لەو کەسایەتییانەی کە بۆ بەشداربوون لە لوتکەی عەرەبی لەلیبیا بانگهێشت کرابوو. لەگەڵ گەیشتنی بۆ نێو هۆڵی کارەکانی کۆنگرەکە بیرلسکۆنی لەبەردەم موعەمەر قەزافی سەرۆکی لیبیا سەری نەوی کردو دەستی ماچکرد! ئەو رەفتارەی بیرلسکۆنی بووە هۆی نارەزایی نوخبەی سیاسیو بەشێکی زۆری ئیتاڵییەکانو بەموجامەلەیەکی شەرمەزارکەریان وەسفکرد.

لەساڵی ١٩١١ەوە بۆ ماوەی سێ دەیە لیبیا موستەعمەرەی ئیتالیا بووە، لەساڵی ٢٠٠٨یشەوە بووە شەریکێکی گەورەی ئەو وڵاتە دوای ئەوەی کە بەرەسمی داوای لێبوردنی لە سەردەمی ئیستعماریی خۆی لەسەر لیبیا کرد.

# میرە قەڵەوەکە، بۆشاییەکەی پڕکردەوە!



سەرۆکی عیراقو سوریاو میسرو پادشای سعودیە دیارترین سەرانی ولاتانی عەرەبی بوون کە بەشداریی لوتکەی عەرەبییان نەکرد کە هەفتەی رابردوو لەلیبیا بەڕێوەچوو.

قەزافی سەرۆکی لیبیا وەک هەمیشە بەقسەو کۆمێنتە لەناکاوەکانی ئامادەبووانی خستە پێکەنین کاتێک ستایشی میری قەتەری کردو رایگەیاند هەرخۆی توانیویەتی ئەو بۆشاییە پڕبکاتەوە کە سەرۆکی ئەو چوار وڵاتە بەهۆی ئامادەنەبوونیان لەکۆنگرەکەدا دروستیان کردووە.

قەزافی بەپێکەنینەوە وتی: ئامادەبوونی میری قەتەر بەرز دەنرخێنم کە توانیویەتی بەقەڵەویو کێشی زۆری لەشیەوە ئەو بۆشاییە پڕبکاتەوە.

ئەو قسەیەی قەزافی لەوەڵامی رەخنەکانی میری قەتەردا هاتن کە سەرانی عەرەبی بەقسەکەری بێ کردەوە وەسفکرد. ئەویش وەک ئاماژەیەک بۆ قسەکانی قەزافی کە لەسەرەتای دەستپێکردنی کارەکانی کۆنگرەدا پێشکەشیکرد.

# فەیسەڵ پەشیمانە!



تورکی فەیسەڵ باڵیۆزی پێشووی سعودیە لەواشنتۆنو یەکێک لەکەسایەتییەکانی ناو بنەماڵەی حوکمڕانی سعودیە پەشیمانیی خۆی لەو تەقەکردنە دەربڕی کە ماوەیەک لەمەوبەر لەگەڵ جێگری وەزیری دەرەوەی ئیسرائیل کردی.

فیسەڵ لەکۆڕێکدا لەسعودیە پەشیمانیی خۆی لەوڕووەوە راگەیاندو وتی: "ئەو بەرپرسە ئیسرائیلییە خاکەکەمی داگیرکردووەو میللەتەکەمی پەرتەوازە کردووە، بۆیە نەدەبوو تەوقەی لەگەڵدا بکەم".

ئەوەشی نەشاردەوە کە ئەو مەسەلەیەی زۆر لێکداوەتەوە کە ئایا لەوکارەیدا هەڵە بووە یان نا؟

تورکی فەیسەڵ رێنمایی هەموو دیپلۆماتکارەکانی سعودیەو عەرەبی کرد کە هەڵەکەی ئەو دووبارە نەکەنەوەو دەست نەخەنە ناو دەستی دیپلۆماتەئیسرائیلییەکان.

لەگەڵ ئەوە پەشیمانیەشدا فەیسەڵ روونیکردەوە کە تەوقەکردنەکە لەسەر داوای جێگرەکەی وەزیری دەرەوەی ئیسرائیل بووە، هەروەها وتیشی: "ئەو کاتەی کە تەوقەکەمان کرد من هیچ پۆستێکی حکومیم نەمابوو، کەواتە نوێنەری حکومەت نەبووموو تەوقەکردنەکەش هیچ نەبوو".

## عیسام شەوالی کاریگەرترینە

بێژەری وەرزشیی ناوداری عەرەبی عیسام شەوالی لەراپرسییەکداوەک کاریگەرترین کەسایەتی عەرەبی لەماوەی شەش ساڵی رابردوودا دەستنیشانکرا.

لەراپرسییەکدا کە دامەزراوەی (ئەرەبیان بزنس) ئەنجامیداوە بۆ ریزبەندکردنی دیارترین کەسایەتییەکانی دەرەوەی سیاسەت لەبوارەکانی بازرگانیو راگەیاندنو وەرزشو سینەماو موزیکو ئەدەبو هونەرو زانستیو ئەکادیمیدا، بێژەری ناوداری وەرزشیی کەناڵی جەزیرە سپۆرت عیسام شەوالی پلەی یەکەمی لەناو ٥٠ کەسایەتیدا بەدەستهێنا.

عیسام شەوالی یەکێکە لەکاریگەترینو بەتواناترین بێژەرە وەرزشییەکانو پێشتر لەکەناڵی (ئەی ئار تی سپۆرت) کاریکردووە، دوای کڕینی خاوەندارێتی ئەو کەناڵەش لەلایەن جەزیرە سپۆرتەوە، ئێستا لەو کەناڵە کاردەکات.

# ئۆباما رۆژانە ١٠ نامە دەخوێنێتەوە




یاریدەدەرەکانی باراک ئۆبامای سەرۆکی ئەمریکا ئاشکرایانکرد کە ئۆباما رۆژانە ١٠ نامەی تایبەتی هاولاتیان دەخوێنێتەوە کە بۆی دەنێرن.

بەگوێرەی وتەی ئەو یاریدەدەرانە ئۆباما هەندێک لەنامەکان بەدەنگی بەرز بۆ میشال ئۆبامای هاوسەری دەخوێنێتەوەو پێیوایە هەندێک لەنامەکان زۆر بەنەزانیو گەمژەیی نوسراون.

ئۆباما بۆ یاریدەدەرەکانی روونکردووەتەوە کە زۆربەی نامەکان داوای یارمەتییان تێدایە بۆ قوتابیانو دامەزراندنو پرسیار لەبارەی بیمەی تەندروستی.

چاودێران ئەو نامانە بەخاڵی پەیوەندیی گەرمی نێوان سەرۆکو گەلەکەی وەسفدەکەن، ئەگەرچی پەیوەندییەکە بەشێوەیەکی راستەوخۆیش نییە.

## SMS

پاش دەستخۆشی، لەگەڵ فرەیی بابەتەکاندا زۆر گەنجانە دەردەکەوێت، بەڵام ئێوە گەنجانتان لەدونیای سیاسەت بێبەری کردووە، ئەوە لەکاتێکدا ئێستا لەکوردستان گەنجان لەهەموو توێژەکانی تر بەتەنگ ڕووداوە سیاسیەکانەوەن، بۆیە ئەگەر تەنها هەبوونی یەک پەڕە هەبێت بۆ ڕووداوە گەرماو گەرمەکانو بابەتە سیاسیەکانی کوردستان بەگشتی، دڵنیام خوێنەری زیاترتان ئەبێت.

**دینا کامیل - ڕۆژنامەنوس**

یەکێکم لەخوینەرە سەرەکییەکانی ڕۆژنامەکەتان، هەوڵتان یاوە زۆربەی بابەتە جیاجیاکان لەپەڕەکاندا کۆبکەنەوە، بەڵام پەڕەی هەواڵی وەرزشی زیاتر با لەشێوەی ڕاپۆرت نەبێت لەسەر یاریزانەکانی جیهان، باشتروایە تازەترین هەواڵو زانیاریو دوایین هەواڵە وەرزشیەکانی کوردستانیش هەبێت باشترە.

**وەرزێر حسەین لەهەڵەبجە**

پێناسەی ڕۆژنامەکەتانم بەدڵەو لەهەموو ڕووەکانەوە دەوڵەمەندە، بەڵام لەڕووی فۆتۆوە زۆر کزنو ئەوانەش کە هەیە تەعبیر لەڕاپۆرتەکان یان بابەتە نوسراوەکان ناکات، ئەگەر بکرایە هەرجارەی فۆتۆی فۆتۆگرافێکتان دابەزاندایە کە لەگەڵ سیاسەتی ڕۆژنامەکەتاندا بگونجێت، وەک دەستپێشخەریەکو نوێگەرییەک لەڕۆژنامەی کوردی دا، چونکە هونەری فۆتۆ فەرامۆشکراوە بەم کارەتان ئەگەر بکرێت خزمەت بەفۆتۆگرافەرانی کوردستان دەکەن.

**کارزان کامیل**

بڕگەی sms زۆر جوانە، بەڵام وا هەستەکەم کاری پێناکرێت لەبەرئەوەی لە خەڵکەوە بۆ خەڵکە باشتروایە، گوێ بۆ ڕەخنەو پێشنیازەکانیان ڕادێرنو کاریان پێبکرێت.

**یادگار عەبدوڵا**

بابەتی تەندروستی لەڕۆژنامەکەتاندا زۆرە، بەڵام هەریەک لەپەرەیەکدایە ئەگەر کۆبکرێتەوەو لەیەک پەڕەدا دابەزێنرێت، بۆئەوەی خوێنەر هیلاک نەبێت، هەروەها ناونیشان بۆ لاپەرەکان دابنرێت باشە.

**شێروان شێخ عەلی**

لاپەڕەی هونەر لەڕۆژنامەکەتاندا بەدی دەکەم، بەڵام بەداخەوە وا هەست ئەکەم تەنها گرنگی بەهونەری سینەما دەدەنو ئەوانی دیکەتان فەرامۆشکردوە، ئەگەر بتوانن خزمەت بەهونەرەکانی دیکەش بکرێت ئەوا خزمەت بەکوردستان دەکەن.

**کوردستان ئیحسان**

## ئەستێرەی بەخت

ئەنجامدانی کارێکی بەسوود لەماوەی ئەم هەفتەیەدا وات لێدەکات زیاتر گرنگی بەکات بدەیتو بەشێوەیەکی باشتر پلانڕێژی بۆ داهاتووی خۆت بکەیت. باشترین رۆژی هەفتە بۆتۆ چوارشەممەیە.

پێویستە زیاتر پابەندبیت بەو بەڵێنانەی کە دەیدەیت بەخێزانەکەتو منداڵەکانت، لەرووی داراییەوە دەستکەوتی باشت دەبێت. باشتریت رۆژی هەفتە بۆتۆ چوارشەممەیە.

ڕووداوێک بەم زوانە لەژیانتدا ڕوودەدات کە رەوتی ژیانت دەگۆڕێت، هەر لەم ماوەیەدا کەسێک دەناسیت کە دەتوانێت هاوکارت بێت. باشترین رۆژی هەفتە بۆتۆ پێنجشەممە.

خۆت بەدوور بگرە لەو کەسانەی کە پێتوایە زیانت پێدەگەینن، بەتایبەت ئەوانەیان کە بەقسەی ناخۆش بێزارت دەکەنو هەوڵی بێتاقەتکردنی تۆ دەدەن. باشترین رۆژی هەفتە بۆتۆ سێشەممە..

ئەم هەفتەیە کاتێکی گونجاو نییە بۆ قسەکردن لەسەر کارو پرۆژەکانت، هەوڵ بدە زیاتر گرنگی بەتواناکانی خۆت بدەیتو زیاتر هەوڵ بدە تواناکانت لەسەر یەک لایەن چڕ بکەیتەوە. باشترین رۆژی هەفتە بۆتۆ دووشەممەیە.

لەم هەفتەیەدا هەلێکی باشت بۆ دەرەخسێتو لەرووی سۆزدارییەوە پەیوندییەکانت بەرەو باشتربوون دەچێت، هەوڵ بدە لەبەرامبەرەکەت تێبگەیت. باشترین رۆژی هەفتە بۆتۆ هەینییە.

لەم هەفتەیەدا سەفەرێک دەکەیت کە سوودی زۆری هەیە بۆت لەرووی کارەکانتەوە، هەوڵ بدە خۆت بەدوور بگریت لەو کەسانەی لەخۆبایین. باشتریت رۆژی هەفتە بۆتۆ چوارشەممەیە.

کەسایەتێکی دڵناسکیتو زۆر زیاتر لەئاستی خۆی چاوەڕوانی لەکەسی بەرامبەرتو خیزانەکەت دەکەیت، هەوڵ بدە ئیشە تایبەتیەکانت زیاتر خۆت ئەنجامی بدەیت. باشترین رۆژی هەفتە بۆتۆ پێنجشەممەیە.

لەم هەفتەیەدا تووشی کێشەی دارای دەبیتەوە بەهۆی گوێنەدانت بەچۆنیەتی خەرجکردنی پارەکانت، هەوڵ بدە بۆهەموو بوارێکی ژیانت پلانڕێژی بکەیت. باشتریت رۆژی هەفتە بۆتۆ یەکشەممەیە.

لەم هەفتەدا لەرووی تەندروستییەوە تووشی کێشە دەبیت، باشتروایە زیاتر گرنگی بەخۆت بدەیتو تارادەیەکی زیاتر وەرزش بکەیت، چونکە گرنگی زۆری هەیە بۆ تەندروستی. باشترین رۆژی هەفتە بۆتۆ دووشەممەیە.

خۆشەویستییەکی ناکاو وات لێدەکات تووشی گرفتیکی تەندروستی ببیت، بەڵام باش بیربکەرەوەو زیاتر هەوڵ بدە خۆت سەرقاڵ بکەیت بەکارێک کە گرنگی هەبێت. باشترین رۆژی هەفتە بۆ تۆ دووشەممەیە.

بیرکردنەوەی زۆر هەندێجار تووشی هەڵەت دەکات، لەرووی داراییەوە گۆڕانیکی بەرچاو بەخۆتەوە دەبینیت. باشترین رۆژی هەفتە بۆتۆ شەممەیە.

# باوکم و کوڕەکەم

## فیلمێک بۆ گێڕانەوەی بەهاکان

## Babam ve Oglum

ئا: بێساران فەیرۆز حەسەن



دەرهێنەرو سیناریست: چاغان ئیرماک
ئەکتەرەکان: فیکرەت کوشکان، چیتین تکیندور، حومەیرا، شەریف سێزەر، یتکین دیکنجیلەر...
بەرهەمی تورکیا ٢٠٠٥

**کورتەیەک لەچیرۆکی فیلمەکە:**

(دێنیز) هاوکات لەگەڵ کودەتای سەربازی ١٩٨٠ لەتورکیا دایکی لەدەست دەدات، حەوت ساڵ دواتر لەگەڵ باوکیدا (سادق) بەرەو کێڵگەیەک لەنزیک ڕوباری ئیجە سەفەر دەکات بۆئەوەی بابە گەورەی (حسێن ئەفەندی) کە هەتائێستا نەیدیوە ببینێت. باوکو بابەگەورە ساڵانێکە یەکتر نادوێنن، لەبەرئەوەی سادق بۆخوێندن بەرەو پایتەخت ڕۆیشتبووو پەیوەندی بەچالاکە سیاسییەکان کردبوو، دواتر زیندانی کرابووو (حسێن ئەفەندی)ش لەخۆی بێبەری کردووە، بەڵام سادق لەگەڵ ئەوەشدا پاش حەوت ساڵ لەگەڵ کوڕەکەیدا دەگەڕێتەوە بۆ لای باوکو دایکیو دەیەوێت (دێنیز)یان پێبسپێرێت. دایەگەورە بەمیهرەبانییەوە پێشوازی لەکوڕو کوڕەزاکەی دەکات، بەڵام حسێن ئەفەندی ڕووی خۆشیان پێ پیشان نادات‌و سادق لەکاتی گەڕانەوەیدا نهێنییەکی لەگەڵ خۆیدا هێناوە کە دەبێتە هۆی هەڵوەرینی ناکۆکییەکانی نێوان خۆیو باوکی.

سێیەمین فیلمی درێژی چاغان ئیرماک کە بەچەشنێک وتەی ناخی خۆیو گێڕانەوەی بەسەرهاتی ئەو کەسانەیە کە لەکودەتای سەربازی ١٩٨٠ لەتورکیا لەدایکبوون، فیلمێکی جوان‌و لێوانلێو لەهەستو سۆز کە بینەر هەتا کۆتایی فیلمەکە پەلکێش دەکات. فیلمێک سەبارەت بەپچڕانی وەچەکان لەیەکتر بەپێچەوانەی فیلمە خۆرئاواییەکان، ڕەخنە لەو دوو وەچەیە ناگرێت، بەڵکو لێیان دەگەڕێ هەتاوەکو بۆ نێو ڕابردوویان ڕۆ بچن‌و خۆیان بدۆزنەوەو پردێکی پەیوەندی بۆ لەیەکگەیشتن دروست بکەن. فیلمی باوکمو کوڕەکەم میلۆدرامایەکە یاخود چیرۆکێکە سەبارەت بەو بەهاو ئیتیکو پرەنسیپانەی کە سیاسەت لەنێوی بردوون.

لەساڵانی ڕابردوو، ستایڵی گێڕانەوە لەڕوانگەی شایەتحاڵەوە لەسینەمای تورکیاو هەندێ لەوڵاتانی دیکە برەوی پەیدا کرد کە دەتوانین داهێنانی ئەم جۆرە ستایڵە بخەینە پاڵ "جۆزێپپی تۆرناتۆرێ" بۆشاکارەکەی (سینەما پارادیزۆ).

فیلمی (باوکمو کوڕەکەم) بەخاڵی وەرچەرخان لەسینەمای تورکیا لەقەڵەم دەدرێت کە چێژی ئەم فیلمە لەفیلمی (سینەما پارادیزۆ) کەمتر نییە. دیمەنە پڕ لەهەستو سۆزەکان‌و نواندنە بەهێزەکانی ئەم فیلمە سەرنجی هەموو بینەرێک بەئاسانی بۆ لای خۆی ڕادەکێشێت‌و دواتریش تا ماوەیەکی زۆر ئاسەوارەکەی لەهۆشی بینەردا دەهێڵێتەوە.

لەم فیلمەدا ئەکتەرێکی منداڵ (دێنیز) ڕۆڵێکی سەرەکی دەنوێنێت، بەشێوەیەک بەسەرهاتی چاغان ئیرماک (دەرهێنەر) لەسەردەمی منداڵیدا دەگێڕێتەوەو نواندنەکەی گوزارشت لەناخی "ئیرماک"ی منداڵ دەکات.

یەکێک لەهۆکارەکانی سەرکەوتنی ئەم فیلمە نواندنی منداڵەکەو حومەیرا (دایە گەورە) کە لەناو فیلمەکەدا دەدرەوشێنەوە.

فیلمی (باوکمو کوڕەکەم) خاوەنی پێنج خەڵاتە: خەڵاتی باشترین ئەکتەری پیاو ـ باشترین ژنە ئەکتەر ـ باشترین فیلم لەفێستیڤاڵی نێودەوڵەتی فیلم لەئەستەنبوڵ ٢٠٠٦، خەڵاتی بینەران بۆ چاغان ئیرماک لەفێستیڤاڵی فیلمی نۆرمبێرگ ٢٠٠٦، خەڵاتی جیهانیی Soundtrack لەمەراسیمی World Soundtrack Awards ٢٠٠٦.




# سەیوان سەعیدیان: لەسەر شەقامەکان سواڵ دەکەم

**هونەرمەندێکی شێوەکارو نەخشەسازێکی بەتوانای خۆرهەڵاتی کوردستان، بەهۆی دروستکردنی چەند پرۆژەیەکی هونەرییەوە زیاتر لە ١٥هەزار دۆلار قەرزار دەبێتو لەپێناوی سەرپێکەوتنی پرۆژە هونەرییەکانی ئامادەیە بچێتە سەرشەقامەکان‌و سواڵیان بۆبکات تا بەئەنجام دەگەن، هاوکات جەخت لەوەش دەکاتەوە کە دەشێ هونەرمەندانی کوردیش لەسەر هونەرەکەیان بژین، بەمەرجێک خاوەن ئیرادەبن‌و بڕوایان بەخۆیان‌و پرۆژەکانیان هەبێت.**

بەرزان عەلی حمە لەهەولێر

سەیوان سەعیدیان خاوەنی بیرۆکەی سێوی مێخەکرێژ، جگەلە کاری نەخشەسازیو شێوەکاریی دەستی لەکاری پەیکەرتاشیو سینەماییشدا هەیەو لەئێستادا کار بۆ بەجیهانی ناساندنی سێوی مێخەکرێژ دەکات، بەڵام بەهۆی نەبوونی ڕەگەزنامەو پاسپۆرتەوە ناتوانێت بچێتە دەرەوەی وڵات.

**بەرزان: هۆکار چی بوو لەخۆرهەڵاتی کوردستانەوە هاتیت بۆ باشور؟**

**سەیوان:** لێگەڕانێکی هونەری هانییدام ڕۆشتم بۆ شاخ، من سێ ساڵ گەریلا بووم، هەستمکرد لەشاخ ئەو لێگەڕانە هونەرییە کە پێویستم بوو نەمدۆزییەوە، بۆیە قۆناغێکی زۆر زەحمەت‌و دژوارم لەشاخ دەرباز کرد، دواتریش کە گەڕامەوە بۆباشور لەڕووی ناچاری بووم، چونکە هیچ شوێنێکی تر نەبوو بۆی بچم.

ئێستاش کە لەگەڵ تۆ قسە دەکەم لەچوار شارەکەی هەرێم زیاتر، لەم دنیا پان‌و بەرینەدا ناتوانم بۆ هیچ شوێنێکی تر بڕۆم، چونکە پاسپۆرتی ئێرانیم هەیەو لەئێرانیش قاچاخم، بەهۆی چەند پرۆژەیەکمەوە بانگێشتی دەرەوە کراوم، بەڵام لەبەرئەوەی پاسپۆرتم نیە، ناتوانم لەپرۆژەکانی خۆمدا بەشداربم.

**بەرزان: کەواتە تائێستا نەچوویتە دەرەوەی وڵات؟**

**سەیوان:** یەکێک لەپرۆژەکانم کە (یەکەمین گوناه) بوو، لەمانگی چواری ساڵی ٢٠٠٥دا بڕیار وابوو لەئەستەنبوڵ بەڕێوە بچێت، بەڵام بەداخەوە ئەو پرۆژەیە ڕۆشتو لەکیسم چوو، پرۆژەیەکی ترم پرۆژەی دیالۆگە کە لەفەڕەنسا نمایش دەکرێشت، نزیکەی ساڵێکە چاوەڕێی مەسەلەی پاسپۆرتین کە کاری بۆ بکرێت.

لەکۆتایی مانگی پێنجی ئەمساڵیشدا پرۆژەی بەنەتەوەیی کردنی (سێوی مێخەکرێژ) کە یەکەمین هەنگاوی بەجیهانی بوونییەتیو ئەو پرۆژەیە دووڕۆژ فیستیڤاڵێکە لەشارێکی بەلجیکا بەڕێوەدەچێت، بەڵام لەبەرئەوەی خۆم پاسپۆرتم نییە دۆستێکم بەناوی کارزان عەلی ئەرکی بەڕێوەبردنەکەی لەئەستۆ گرتووە، خۆم ناتوانم بەشداری بم، بەڵام گرنگترین پرۆژەم لەساڵی داهاتوودایە کە بڕیاروایە لەڕۆژی ڤالانتاین لەسەد شارو شارۆچکەی باکوری کوردستان بەڕێوەبچێت.


سەیوان سەعیدیان

لەسی ساڵی شەڕی ڕابردووی نێوان پەکەکەو ئەرتەشی تورک، زیاتر لەچل هەزار ئینسان بەگەریلاو ئەرتەش‌و خەڵکی سڤیل کوژران، ئامانجی پرۆژەکە ئەوەیە کە لەو ڕۆژەدا زیاتر لەچل هەزار سێوی مێخەکرێژ بەرهەم بهێنین‌و بۆهەر بنەماڵەی شەهیدێک بەکوردو تورکەوە سێوێکی مێخەکرێژ بنێرین کە ڕەمزێکە بۆ ئاشتیو خۆشەویستی، بەڵام بەهۆی پاسپۆرتەوە ڕەنگە ئەمەشم لەکیس بچێت.

**بەرزان: سێوی مێخەکرێژە چییەو ئامانج لێی چییە؟**

**سەیوان:** ئەو سێوە هەمان سێوی سروشتییە، بەڵام کاتێک کە مێخەکرێژ دەکرێت، بیست ڕۆژ تامانگێکی پێویستە تاوەکو وشک دەبێتەوە، کاتێک وشکیش بوویەوە، بەدەیان‌و سەدان ساڵ وەکو خۆی دەمێنێتەوە. ئەو سێوە لەکۆنی کوردەواری لەدوو حاڵەتدا کەڵکی لێوەرگیراوە، یەکەم کاتێک کە کچێک عاشق بووەو نەیتوانیوە بەزمان خۆشەویستییەکەی بۆ کوڕەکە دەربڕێت، سێوێکی مێخەکرێژکراوی بۆ کوڕەکە ناردووە، حاڵەتی دووەمیش کاتێک دوو ئەویندار یان دوو کەسی لەیەک نزیک لەیەک تۆراون، سێوێکی مێخەکرێژکراویان بۆیەکتر ناردووە، ئەو کولتورەش تایبەتە بەکورد.

بۆیەکەمجار لەلایەن دایکمەوە ئەو سێوەم پێگەیشتووە، ئەگەر لەپێش ئێمەشدا هەبووبێت، ئێستا ئێمە وەکو کورد خەریکین زیندووی دەکەینەوە، نەمبیستووە هیچ نەتەوەیەکی تر ئەوەی هەبێت، قوناغی یەکەم ناساندنی بوو، لەساڵی ٢٠١٠و٢٠١١ قۆناغی بەنەتەوەییکردنی پرۆژەکەیە، قۆناغی سێیەمیش هەوڵدانە بۆ بەنەتەوەییکردنی سێوەکە وەکو بەرهەمێکی کوردی.

**بەرزان: بۆ ئەنفالو کیمیاباران، هیچ پرۆژەیەکت هەیە؟**

**سەیوان:** یەکێک لەپرۆژە زۆر گەورەکانم کە ئێستا خەریکیم، پرۆژەیەکە پێنج هەزار سێوی مێخەکرێژ لەهەڵەبجەوە بۆ هیرۆشیما بنێرم، ئەمەش بریتییە لەبەڕێوەچوونی کەرنەڤاڵێکی زۆر گەورەی شانۆیی موزیکاڵ کە لەوانەیە زیاتر لەسەد ئەکتەری پرۆفیشناڵو سەد موزیک ژەنی پرۆفیشناڵی تێدابێت. لەو کەرنەڤاڵەدا باس لەمێژووی سێو دەکرێت، هەر لەمیسۆلۆژیاوە لەکاتی ئادەمو حەواوە کە سێویان خواردووەو لەبەهەشت دەرکراون، پاشان لەڕێوڕەسمێکی هونەرییدا ئەو پێنج هەزار سێوە لەهەڵەبجەوە دەگوازرێتەوە بۆهیرۆشیما.

**بەرزان: کەس هەیە ببێتە سپۆنسەری کارە هونەرییەکانت؟**

**سەیوان:** ئەو پرۆژەیەی کە لەڤالانتاینی ٢٠١٠ بەڕێوەچوو لە ٤٤شار، تائێستا بەشی زۆری لایەنە ماڵییەکەیمان بۆ چارەسەر نەکراوەو وەکو قەرز لەسەرم ماوەتەوە. ئێستا زیاتر لەدەفتەرو نیوێک قەرزارمو بەردەوامیش خاوەن قەرزەکان تەلەفۆنم بۆ دەکەن، قەرزەکەش هی کڕینی سێوو مێخەکو چاپەمەنیو چاپی فۆتۆگرافییە کە ئێمە نۆسەد فۆتۆمان بۆ ٤٤ شار چاپ کرد. پرۆژەکانی من سودی بازرگانییان زۆر کەمە کە تائێستا نەیان بووە. تائێستا کۆمپانیای چوارچراو ئاسیاسێڵو دەزگای حەمدی هاوکارم بوون، لەگەڵ هەندێ کەسی تردا، ئێستا لەگەڵ خاتوو شیرین ئامێدی وەکو سەفیری ئاشتی خەریکی گفتوگۆکردنین.

**بەرزان: تۆئێستا کە قەرزاریت، چۆن پارەی ئەو پرۆژانەی ترت پەیدا دەکەیت؟**

**سەیوان:** پرۆژەیەکی سواڵکردنم بەدەستەوەیەو بەنیازم بەشێوەیەکی ڕەسمی لەکۆنگرەیەکی ڕۆژنامەنوسیدا ڕایگەیەنم، دوواتر دەچمە سەر شەقامەکان‌و سواڵی بۆ دەکەم، چونکە پارەیەکی ئەوەندە نییە کە لەتوانای کەسێکی وەکو مندا بێت، بۆیە مەجبوردەبم پرۆژەی سواڵکردنەکەم بەڕێوەبەرم، ئەمەش بەو مانایەی کە بۆپرۆژەکانم تورەکەیەک دروست دەکەمو لەسەر شەقامەکان سواڵ دەکەم تاوەکو قەرزەکانی تەواو دەبێت.

**بەرزان: ئەی بەنیاز نیت داوای هاوکاری لەحکومەتی هەرێم بکەیت؟**

**سەیوان:** نەوەڵا، تەنیا لایەنێک کە زۆر پەیوەندی بەلایەنی هونەرییەوە هەبێت وەزارەتی ڕۆشنبیرییە، بەڵام بەڕای من ئەویش لەکابینەی پێنجەمدا زۆرتر وەزارەتی ڤیستیڤاڵ بوو نەک وەزارەتی ڕۆشنبیری، جگەلەچەند فیلمێکی سینەمای کە دروستکران‌و جێگایان دیارە، بەدەگمەن بینیمان کارێکی باش کرابێت بۆهونەر، کابینەی شەشەمیش ناتوانم ئێستا قسەی لەسەر بکەم. لەم ڕۆژانەشدا دانیشتنێکمان لەگەڵ وەزیری ڕۆشنبیری هەبوو، ئیتر هیوادارم ڕێگەچارەیەک هەبێت.

# پێغەمبەر نمایش دەکرێت

ئا: کاوە حەسەن




فیلمی un prophete لەدەرهێنانی ژاک ئۆدیار ـەو ساڵی ٢٠٠٩ لە فەڕەنسا بەرهەمهێنراوە، تاهیر ڕەحیمو نێڵس ئیرستروپو دەیان ئەکتەری لێهاتوو ڕۆڵی تێدا دەبینن‌و ماوەکەی ١٤٤ خولەکە.

ئەم فیلمە فەڕەنسییە هەر لەناوەکەیەوە بیگریت تا ناوەڕۆکی مشتومڕکی هێجگار قورسی دروستکرد چ لەناو وڵاتانی عەرەبیو ئیسلامی چ لەلای ڕەخنەگرانی سینەما.

عەرەبو مسوڵمانەکان پێیانوایە کە سووکایەتیەکی خراپ کراوە بەرامبەر کەسێتی مسوڵمان لەبەندیخانەکانی فەڕەنساو جیاوازییان نەکردووە لەنێوان مسوڵمانێکی خێرخوازو مسوڵمانێکی شەڕانگێزی مافیا کە ئایینی کردۆتە ئامرازێک بۆئەوەی ئامانجەکانی خۆی پێبباتەسەر.

خۆرئاواییەکان پێیانوایە ئەم فیلمە شایەنی ئەوە نییە کە بپاڵێورێت بۆ خەڵاتی ئۆسکارو گوڵدن گڵوبو ٣٠خەڵاتی پێبخشرێت، چونکە فیلمەکە پڕاوپڕە لەتوندووتیژیو واقیعێک ئەگێڕدرێتەوە لەناو بەندینخانەکانی خۆرئاوا کە زۆر ئەستەمە بەوشێوەیە بێت.

کوردوتەنی کەس لەپڕێک نابیت بەکوڕێک، ئەم پەندی پێشینانە کەس نەگرێتەوە، ئەکتەری سەرەکی ئەم فیلمە تاهیر ڕەحیمی تەمەن ٢٩ساڵ ئەگرێتەوە، چونکە توانی ناوبانگێکی هێجگار فراوان بۆ خۆی دەستەبەر بکات، ئەوە جگەلەوەی کە توانی حەوت خەڵات وەرگرێت، یەکێک لەو خەڵاتانە باشترین گەنجی سەرکەوتووبوو لەجیهانی سینەما.

ڕووداوەکانی ئەم فیلمە باس لەگەنجێکی تەمەن ١٩ساڵ ئەکات کە خەڵکی وڵاتی مەغریبە، لەفەڕنسا ئەژیو لەسەر کێشەیەکی لاوەکیو بۆ چاککردنی ئاکارو ڕەوشتی دەخرێتە زیندان، هەر کە دەچێتە ئەو زیندانە باندێکی مافیایی لەناو زیندان دەیەوێت ئەم گەنجە کاری کوشتن‌و تۆقینیان بۆ ئەنجام بدات.

ئەو گەنجە دەکەوێتە دڵەڕاوکێو نازانێت پەنا بۆ کێ بەرێت، چونکە ئەگەر کارەکانیان لەناو زیندان بۆ ئەنجام نەدات دەکوژرێت، لەهەمووی نەگبەتیتر ئەوەیە پەنا دەباتە بەر پۆلیس بۆئەوەی ڕزگاری بکەن لەدەست ئەو چەتانە، بەڵام وادیارە ئەم گەنجە هەنگاوێکی باشی نەناوە، چونکە بەشێک لەپۆلیسی زیندانەکە یەکەم سەر بەمافیان‌و دووەمیش زۆر ڕقیان لەعەرەبە.

لەڕاستیدا ئەمە بەشێکی زۆر کەمی فیلمەکەیە ئەگینا بێخواستی ئەو گەنجە ژیانی بەشێوەیەکی زۆر سەیر ئەگۆڕدرێت. ئەم فیلمە پاڵێوراوە بۆ خەڵاتی ئۆسکارو گۆڵدن گڵوب وەک باشترین فیلمی بیانی کە بەزمانی ئینگلیزی نادوێت، هەروەها خاوەنی ٣٠ خەڵاتی جیهانییە لەوانە خەڵاتی بافتا ـ قەیسەر ـ ئەوروپا ـ لەندەن ـ لۆمێر ـ کانساس.

خوێنەرانی بەڕێزی نم نمو هەر بینەرێکی دیکە کە دەیەوێت ئەم فیلمە ببینێت، کاژێر سێی ئێوارەی شەممەی داهاتوو ٢٠١٠/٤/١٠ لەگەلەری سەردەم لەسلێمانی نمایشدەکرێت.

بۆپاڵەوانێتی
بەشەرلۆنە چانسی زۆرتری هەیە
14

مووچەی کێ
٢,٥٨ملیۆن یۆرۆیە؟
17

لە سلێمانی
پێغەمبەر نمایش دەکرێت
18

Reklam

## هەلی کار لەکۆمپانیای گۆران نێت

گۆران نێت پێویستی بەکارمەندی پسپۆڕ هەیە لە بواری IT بەم مەرجانەی خوارەوە:
* زانیاری تەواوی هەبێت لەبواری Routing, Networkingو بەکارهێنانی ئامێرەکانی Huawei, Cisco.
* توانای هەبێت لەبەکارهێنانی سیستمی Microsoft Windowsو سیستمەکانی Linux.
* توانای هەبێت لەچارەسەرکردنی کێشەکانی Troubleshooting بۆ سەرجەم ئەو سیستمانەی باسکراوە.
* توانای قسەکردنی هەبێت بەزمانەکانی کوردی، عەرەبی، ئینگلیزی.

**خوازیار تا رۆژی ٢٠١٠/٤/١٠، دەتوانێت CV پێشکەش بەگۆران نێت بکات لەرێی ئەم ناونیشانانەوە:**
**گەڕەکی شۆڕش ـ نزیک ئوتێل ئاشتی، یان بەئیمەیلی careers@gorannet.net**

نمنم
لە خەڵکەوە بۆ خەڵک
18
Nmnmpress@yahoo.com
بۆ پەیوەندی: 07710268004 - 07480151705 - 3186176
ناونیشان: سلێمانی شارێی سالم تەلاری سلێمانی مۆڵ - نهۆمی دووەم
خاوەنی ئیمتیاز: کۆمپانیای رووداو

# لەکوردستان جگە لەموسڵمان، جولەکەو شیوعیش دەبنە مەسیحی

هەرچەندە سەدان موسڵمان لەعێراقو هەرێمی کوردستان بوونەتە مەسیحی، بەڵام ئەم پرۆسەیە تەنها بەموسوڵمانەکانەوە نەوەستاوەو لەرێگەی کڵێسای کورد زمانەوە لەهەولێر چەندین جوولەکەو شیوعیش بوونەتە مەسیحی.

ساڵانێک لەمەوپێش پەتپەتێنی خەڵکی لەحیزبێکەوە بۆیەکێکی دیکەو گەڕان بەدوای کۆکردنەوەی زۆرترین ئیمتیازو بەرژەوەندی لای هەندێ کەس ببوە خوو، بەڵام لەئێستادا جۆرێکی دیکەی پەتپەتێن سەریهەڵداوە کە زۆرتر بەرۆکی بیروباوەڕی ئایینی دەگرێتەوەو هاووڵاتیان ئایینی خۆیان دەگۆڕن؟

ئایین گۆڕین لەهەرێمی کوردستانو عێراقو ناوچەکە روو لەپەرەسەندنەو ماوەی چەند ساڵێکە، کڵێسای کوردزمان هەوڵێکی چڕوپڕی خستوەتەگەڕ بۆ بڵاوکردنەوەی پەیامی مەسیحیەتو ئەوەش نیگەرانی لای هەندێ لەپێڕەوکارانی ئایینەکانی دیکە دروستکردووەو هاوکات هەندێ لەپێڕەکارانی ئایینی مەسیحیش پشتگیری هەوڵەکانی کڵێسای ناوبراو ناکەن.

سەعید محەممەد، قەشەی بەشی «راه زندگی»ی کڵێسای کوردزمان لەهەولێر، باس لەوە دەکات کە کاری ئەوان خزمەتکردنو ناساندنی رێگەی راستە بەگەلی کوردستان، «کار لەسەر ئەوە دەکەین قوتابییەکانی مەسیح لەکوردستاندا زیاد بکەین، دەمانەوێ کورد بزانێ مەسیح رزگارییە».

راه زندگی، بەشی فارسیی کڵێسای کوردزمانەو لە ٢٠٠٥/٢/١٥ لەهەولێر دامەزراوە.

4

# خاوەنی بیرۆکەی سێوی مێخەکرێژ سواڵ دەکات



فۆتۆ: روناک رەسوڵ پوور

هونەرمەندێکی شێوەکارو نەخشەسازێکی بەتوانای خۆرهەڵاتی کوردستان، بەهۆی دروستکردنی چەند پرۆژەیەکی هونەرییەوە زیاتر لە ١٥هەزار دۆلار قەرزار دەبێتو لەپێناوی سەرپێکەوتنی پرۆژە هونەرییەکانی ئامادەیە بچێتە سەرشەقامەکانو سواڵیان بۆبکات تا بەئەنجام دەگەن، هاوکات جەخت لەوەش دەکاتەوە کە دەشێ هونەرمەندانی کوردیش لەسەر هونەرەکەیان بژین، بەمەرجێک خاوەن ئیرادەبنو بروایان بەخۆیانو پرۆژەکانیان هەبێت.

18

# کەرکوک فۆر ... درامایەک بۆ پێکەوەژیانی کەرکوکییەکان



سعود ئەحمەد

ئا: ئەڵوەن کاوە

سعود ئەحمەد، ئەو نوسەرەیە کە لەساڵی ١٩٦٤ لەکەرکوک لەدایکبووەو دەرچووی کۆلیژی هونەرە جوانەکانی بەغدایە، دوای ماوەیەکی زۆر دابڕانی لەکاری هونەریی بڕیاری داوە درامایەک بەناوی کەرکوک چوار پێشکەش بەبینەران بکات.

مامۆستا سعود، نەبوونی کاروچالاکی خۆی گەڕاندەوە بۆئەو بارودۆخە سیاسییەی کە تیایدا ژیاوە، چونکە ئەوکاتەی لەکۆلێژ دەرچووە سیناریۆیەکی نووسیوەو بردویەتی بۆ تەلەڤزیۆنی کەرکوکو بڕیار بوو ئیشی لێ بکرێت، بەڵام دوای گفتوگۆیەکی زۆرو چاکسازی لەسیناریۆکەدا، «رەفزکراو سەرکەوتنی بەدەست نەهێنا»، جارێکی تریش دەقێکمان نوسیو بۆ شانۆگەری ئامادەمان کرد توشی هەمان کێشە بوینەوە، چەندین جاری تر هەوڵمان دا کەچی بێئەنجام بوو، ئیتر بڕیارمدا لەماڵەوە دابنیشم».

ناوبراو، جەخت لەکۆڵنەدانی خۆی دەکاتەوەو لەئێستادا سەرقاڵی درامایەکی نوێن، کە نزیکەی چوار ساڵو نیوە خەریکی نوسینیەتی، دراماکەش باس لەپێکەوەژیانی نەتەوەکانی کەرکوک دەکات، کە چۆن کاتی حکومەتی رابردوو حکومەتی ئێستاش خەڵکەکەی دوورن لەسیاسەتەوە، بەڵام سیاسەت زۆر کاریگەری نەکردووەتەسەر جۆری پەیوەندی خەڵکو نەتەوەکانی ئەو شارە، «حکومەتی جاران سیاسەتی دیکتاتۆرییانەی پەیڕەو دەکردو دەیویست درزێک بخاتە پەیوەندی نێوان نەتەوەکانی کەرکوکەوەو ئامانجی بەعەرەبکردنی کەرکوک بوو، بەڵام دوای پرۆسەی ئازادی نەتەوەکان پێکەوە دەژین، کەچی چەند کەسێک دەیانەوێت بەجلوبەرگێکی ترەوە هەمان سیاسەتی بەعس دوبارە بکەنەوە، ئێمە زیاتر جەخت لەسەر پێکەوەژیان دەکەینەوە».

سعود ئەحمەد باس لەوە دەکات کە تائێستا هیچ ناوێکی بۆ دراماکەی دانەناوە، بەڵام وەکو ناوێکی پێشەکی ناونراوە (کەرکوک فۆر)، واتا کەرکوک چوار، ئەوەش ئاماژەیە بۆ ژمارەی پێکهاتەکانی کەرکوک، کە لەلایەن مامۆستا ناسر حەسەنەوە کاری دەرهێنانی بۆ دەکرێت، «تائێستا تەها فەهدو م.مەریوانو م.تاریقو سابیر رەحمان وەکو سەرپەرشتیاری هەندێ بەش دیاریکراونو ٩٦ ئەکتەرمان لەهەموو نەتەوەکان کۆکردووەتەوە».

## کۆڵنەدان

بەردەوامبوونو شێلگیربوون لەسەر ئامانجو کارکردن، ئەو شتەیە کە هەموو مرۆڤێک پێخۆشە هەیبێت. ئێمە نامانەوێ تەنها هەندێجار بگەینە ئەنجامی دڵخوازمان، بەڵکو پێمان خۆشە هەمیشە بگەینە ئارەزووەکانمان. هێمای کەسانی سەرکەوتوو، بەردەوامبوونو شێلگیربوونە، بەردەوامبوونی راستەقینە بەهۆی خووگرتن دێتە ئارا.

بەهای هەر کارامەییەک لەکارکردنو دۆزینەوەی هەر شێوەیەکی نوێ، بەندە بەمە کە ئەو کەسە تا چ رادەیەک کەڵکیان لێوەربگرێت. زانین بەتەنهایی بەس نییە، بەڵکو پێویستە زانستەکانمان بەشێوەی پراکتیکی بەکاریان بهێنین. واتە خوو بەسەرکەوتنو بەختەوەری بگرین. بۆئەوەی ئاستی ژیانمان باشتر بکەین، پێویستە بزانین شێوازی بیرکردنەوەمان کە ئێمەی گەیاندووەتە ئەم ئاستە لەژیان، ئێمە ناگەیەنێتە ئەو مەبەستە کە لەبەر چاومان گرتووە.

13